
تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

تاریخی بەنرخ

دانراوی

حاجی مامۆستا مەلا عارف مودەڕڕیسی - بالک مەریوان



نەخت و پوختی کەین بۆ چاپ کردنی   لایەن گیری کەین لە لابردنی
عارف هەژار و گێل و فەقیرە   لە گەڵ ناکامی خۆیا دەرگیرە
هەرچی ئەزانم ئەینوسم وەک گوڵ   با لە گەڵ خۆما نەیبەمە ژێر گڵ
تۆیش هەر وەکو من هەرچی ئەزانی   بینوسە بۆمان هەر جۆر ئەتوانی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

لەوە پێش کەسێ کە حیکایەت خووان بووایە لە پێشا ئەمانیە ئەووت بۆ ئەوە باش گوێی لێ گرن

منیش کە حیکایەتی تەئریخ ئەکەم ئەمانە ئەنوسم یەکێ بوو یەکێ نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو کۆسە مردن کفنی نەبوو

نایان بە تاقۆ چاوی چوو بە زاقۆ ، نایان بە سرمیچۆ دەدانی چوو بە ڕیچۆ ،

من نازانم ئەمانە کێ ووتویە بۆچی وتراوە ، هەرکەسێ هەرچێ ئەزانێ لە ڕوی دەلیلۆ بینوسێ بۆمان مەمنونی ئەبینو بڵاوی ئەکەینۆ

(بەناوی خوای گەورە و میهرەبان)

ئەم کتێبە لە پێنج بەش پێک هاتووە

بەشی ئەووەڵ

باسی پێغەمبەران _سەلامی خوایان‌لەسەر_

ئەم باسی پێغەمبەرانە لە کتێبی «بنەماڵە پاکەکان»ی حاجی مەحموودی دێولانیدا هێناومە و ئەویش لە کتێبە کۆنەکانۆ نەقڵی کردووە، کە کتێبێکی زۆر چاک و بەنرخە خۆزگا هەموو ماڵێکی کوردەواری ئەو کتێبەیان بوایە و لەبەریشیان بکردایێ. جا ئەو کتێبە لە باوکی هەموو بەشەر حەزرەتی ئادەمەوە دەس پێدەکات، ئێمەیش ئەو باسە ئەنووسین تا حەزرەتی نووح -سەلامیخوایان‌لەسەر- کە دە (١٠) پشتە و باقی پێغەمبەرەکان ئەوە حاجی ئەحمەد نووسیویەتی ئەمما من بە شێوەیێکیترو لەکاناڵێکی ترەوە ئەی‌نووسمەوە.

١. حەزرەتی ئادەم باوکی هەموو بەشەر

٥٥٩٤ ساڵ بەر لە میلادی حەزرەتی عیسا -سەلامیخوایان‌لەسەر- هاتووەتە سەر زەوی، یانێ ٦٢١٦ ساڵ بەر لە هیجرەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ وەکوو ئەڵێن حەزرەتی ئادەم ٩٣٠ ساڵ لەسەر زەوییا ژیاوە و ٥٢٨٦ ساڵ پێش لە هیجرەت کۆچی دوایی کردووە و لە«سەرەندیب» وەیا لە کێوی «ئەبوقوبەیس» ئەسپەردەی خاک کراوە و نەوە و نەبیرەی زۆری بەجێ هێشتووە.

٢. حەزرەتی شیث

حەزرەتی شیس یەکێ بووە لە کورەکانی حەزرەتی ئادەم -سەلامیخوایان‌لەسەر- کە «هِبةالله» لەقەبی بووە. دوای ٢٣٥ سال مانەوەی باوکی لەسەر زەوییا لە دایکە حەووا لەدایک بووە و بووە بە پێغەمبەری خوا و ٥٠ دانە سوحوفی لای خواوە بو هاتووە و ٩١٢ ساڵ لەسەر زەوییا ژیاوە و قەبری موبارەکی لە مووسڵە.

٣. حەزرەتی ئەنووش

ئەنووش کوڕی حەزرەتی شیسە و ٩٠٥ ساڵ ژیاوە.

٤. حەزرەتی قەینان

قەینان کوڕی ئەنووشە و ٩٠٥ ساڵ عومری کردووە.

٥. حەزرەتی مەهلائیل

کوڕی قەینانی کوڕی ئەنووشە، ٨٩٠ ساڵ لەم دونیادا ژیاوە و لە ساڵی ١٢٩٠ هبوت، یانێ بەزەوی هاتنی ئادەم لە دونیا دەرچووە.

٦. حەزرەتی یەرد

کوڕی مەهلائیل، ٩٦٢ ساڵ عومری بووە.

٧. حەزرەتی ئوخنووخ

ئوخنووخ کە بە ئیدریس نەبی بەناوبانگە، کوڕی یەردە کە لە ساڵی ١١٢٠ لەپاش هبوتی ئادەم بۆ سەر زەوی لە ناوچەی میسر و بە قەولێ لە بابل لەدایک بووە، لەپاش ٣٦٥ ساڵ عومر، لە ساڵی ٤٩٤٠ی بەر لە هیجرەت لە دونیا دەرچووە. خوا روتبەی بەرزی پێغەمبەری و زانیاری بەو عەتا کردووە. ئەڵێن: حەزرەتی ئیدریس هەوەڵ پێغەمبەرێ بووە کە بە ئەمری خوا بە شێوەی تێکوشان مەئمووری ئیبلاغی ئایینی خواپەرستی بووە. ئیدریس یانێ زۆر دەرسوێژ و لەقەب بووە بۆ ئوخنووخ. ئەم پێغەمبەرە لای خواوە ٣٠ دانە سوحوفی بۆ هاتووە. مامۆستا مەلا عبدالکریم مودەڕڕیس لەبارەی سوحوفەکانەوە وای فەرمووە:

دە لەبۆ ئادەم، پەنجا لـەبـۆ شیـس
دە بۆ ئیبراهیم، سی لەبۆ ئیدریس

وا دیارە ئەم سەد سوحوفە پەڕە پەڕە هاتوونەتە خوارەوە بۆیە پێیان ئەووت «صحف».

٨. حەزرەتی «متوشلخ»

کوڕی حەزرەتی ئیدریسه و ٩٦٩ ساڵ عومری کردووه و ٤٥٦٠ ساڵ بەر له هیجرەتی حەزرەتی موحەممەد –درووديخوایلەسەر- کۆچی دوایی کردووه.

٩. حەزرەتی لەمەک

کوڕی متوشلخه، ٧٧٧ ساڵ عومری بووه.

١٠. حەزرەتی نووح

کوڕی لەمەک و دایکی ناوی شەمخا بووه، ١٦٤٢ ساڵ دوای هبووتی ئادەم بۆ سەر زەوی لەدایک بووه و ١٠٤٠ ساڵ عومری بووه، له ئاخری عومریا لێیان پرسی ئەم دونیاته چۆن هاته بەرچاو؟ وتی: ژیانی ئەم دونیا وەک ماڵی دوو دەرگا وایه لەم دەرگاوه ئەڕۆیته ژوورەوه و لەویانۆ ئەچیته دەرەوه. حەزرەتی نووح بەنۆ پشت ئەچێتۆ سەر حەزرەتی ئادەم –سەلامیخوایانلەسەر- وه ئادەم ئەبێ به ٣٩هەمین جەدد و باپیرەی حەزرەتی محەممەدی موستەفاﷺ. تووفانی حەزرەتی نووح موژی تەواوی میللەت و ئەدیانەکان بوونی ئەویان قبووڵ کردووه، له ساڵی ٢٢٤٢ی هبووت یانێ ٢٩٧٦ی بەر له هیجرەت بووه، که ڕێکەوته لەگەڵ ساڵی ٣٢٥٢ی بەر له دونیا هاتنی عیسا بەرانبەر تەوراتی یونانی.

باسی پێغەمبەران لەسەریان بێ سەلامی خوا، وەکوو من ئەزانم ئێوەش بزانن که لەم کوردەواری خۆمانا پێنج پێغەمبەر مەرقەدیان هەیه:

١. له قەڵای کەرکووک دوو پێغەمبەر هەن لای پردی خاسه بەناو «دانیال» و «یەحیا».

٢. له مووسڵ دوو پێغەمبەر هەن به ناوەکانی «شیث» و «یۆنس».

٣. له توویسرکان حەزرەتی «حەیقوق» که ٥٠ ساڵ بەر له ئیسه که ساڵی ١٣٨٨ له شاری چکۆلەی توویسرکانا له ژێر خاکا دۆزراوەتەوه و وەکوو ڕۆژنامەکان نووسیبوویان ئەو پێغەمبەره دوای ٢٦٠٠ ساڵ فەوتی، سالم له ژێر

خاکا دەریان هێنا و لە پێغەمبەرە بەنیئیسرائیلییەکانە و لە نەتەوەی حەزرەتی مووسایە. ئەڵێن لە شووشتەر پێغەمبەرێ‌تر هەیە.

وەکوو ریوایەت کراوە: سوحوفی ئیبراهیم لە هەوەڵی رەمەزانۆ لە ئاسمان هاتووەتە خوارەوە بۆ ئیبراهیم. با بزانین حەزرەتی ئیبراهیم دوو ژنی بووە: یەکێ سارا خاتوونی دایکی حەزرەتی ئیسحاق، دووەم هاجەرە خاتوونی دایکی حەزرەتی ئیسماعیل لەسەر هەموویان بێ سەلامی خوا. کە ئیسماعیل و دایکی چۆڵی مەککەیان ئاوەدان کردەوە بوو بە موڵکیان.

تەورات لە شەوی شەشەمی رەمەزانا هاتووەتە خوارەوە بۆ مووسا ٧٠٠ ساڵ دوای سوحوفی ئیبراهیم. زەبوور لە دوازدەی رەمەزانا هاتووەسە خوارۆ بۆ داوود ٥٠٠ ساڵ دوای تەورات. ئینجیل لە هەشتی مانگی رەمەزانا هاتووەسە خوارەوە بۆ عیسا ١١٠٠ ساڵ دوای زەبوور. وە قورئان لە بیست‌وحەوتی مانگی رەمەزانا هاتووەسە خوارەوە بۆ حەزرەتی موحەممەد ـلەسەرهەموویان‌بێ‌سەلامی‌خوا- ٦٢٠ ساڵ دوای ئینجیل (درّةالواعظین لاپەڕەی١٨)

«صفوةالتفاسیر» بەرگی٣ لاپەڕەی٢٨ لە سوورەتی «صافات» ئایەتی٨٣ دا ئەڵێ: بەینی حەزرەتی نووح و ئیبراهیم ٢٦٤٠ ساڵ بووە و لە بەینی ئەوانا ئەم دوو پێغەمبەرە حەزرەتی هوود و ساڵح بوون. ئەڵێن: ئیبراهیم ئەسڵەکەی «اب‌رحیم» بووە یانێ باوکی بە رەحم. وە هەروەها لە هەمان سەرچاوە بەرگی ٢ لاپەڕەی٤٢٧ سوورەتی «صافات» هاتووە کە: بەینی عیسا و موحەممەد ٦٠٠ ساڵ بووە.

بە تاقیقاتێ کە مەحموودپاشای فەلەکی کردوویەسی لەدایک بوونی حەزرەتی موحەممەدﷺ لە بەیانی دووشەممەی نۆهەمی مانگی مەولوودا بووە کە رێکەوتی بووە لەگەڵ ٢٠ ئیبریلی ساڵی ٥٧١ میلادی کە هەر لەو ساڵا بەسەرهاتی «اصحاب‌الفیل»یش قۆماوە. وەکوو سوورەتی «فیل» باسی ئەکا.

ئەووەڵ جار وەحی هات بۆ پێغەمبەری ئیسلام لە ئەووەڵی مانگی فبرایرا بوو لە ساڵی ٦١٠ میلادی، وەکوو رۆشنی کردووەسۆ بۆ ئێمە خوالێ‌خۆشبوو

مەحمووپاشای فەلەکی. وە دوای باس و بەیانی زۆر رۆشن بووەتۆ کە لەدایک بوونی پێغەمبەرﷺ لە ١٧ رەمەزانا بووە، ٥٣ ساڵ پێش هیجرەت وە کە وەحی دەستی پێ‌کرد، وە بە خەو بینی راس بووە، وەکوو کتێبی «نورالیقین» لە لاپەڕەی٢٦دا نوسیویەتی.

ئەووەڵی هیجرەتی پێغەمبەر و دابەزینی لە مەدینە لە مەحەلەی قوبا، وەکوو مەحمووپاشا تاقیقی کردووە لە دووهەم رۆژی مانگی مەولوود، رێکەوتی ٢٠ سبتامبری ساڵی ٦٢٢ میلادیدا بووە، جا ئەمە بووە بە تاریخێکی تازە بۆ ئیسلام. «نورالیقین»ص٧٩.

دوای تێپەڕ بوونی ١٣ ساڵ لە هیجرەت لە خەلافەتی حەزرەتی عومەرا موسوڵمانان گەرەکیان بوو تاریخی تازە و جیاواز دابنێن بۆ ئیسلام، بە پرس و رای حەزرەتی عومەرﺗ ئەم هیجرەتیانە کرد بە تەئریخی ئیسلامی.

وە لەبەر ئەوە کە ئەووەڵی ساڵی قەمەری مانگی موحەڕڕەم بوو دوو مانگ و چەن رۆژ تاریخی هیجرییان هانییە بەرۆ و بوو بە ئەووەڵی مانگی موحەڕڕەم با ئەو دوو ساڵە ناجۆر نەبن لەگەڵ یەکا، ئەگەر بازێ لەم نووسراوە ناجۆری هەیە لەگەڵ ئەوانەی کە ئەیزانن قەی‌ناکا، چوون تاریخ هەر ناجۆری هەیە.

حەزرەتی نووح ١٠٤٠ ساڵ عومری بووە،لە چل ساڵییا بووە بە پێغەمبەر بۆسەر قەومەکەی. بە گوێرەی ئایەت ٩٥٠ ساڵ لەناو قەومەکەیا بوو و تەبلیغی کرد و ٥٠ ساڵ دوای ئەوان ژیاوە. عومری درێژ بووە بۆیە بە رەحەتی و بێ پەلە کردن فریای هەموو شتێ کەوتووە.

٥٥٥ ساڵ خەریکی راگەیاندنی دین بووە بە قەومەکەی،چەن نەفەرێکی کەم ئیمانیان هانی نزیکەی هەشت کەس. لەگەڵ ئەوەدا زۆر ئازاریان ئەدا تا بێ‌هۆش ئەکەوت، کە ئەهاتۆ سەر هۆش ئەپاڕایەوە و ئەیوت: خوایا لە گوناهی ئەم قەومە خۆش ببە کە نەزانن.

بۆ نموونەی ئازاردانی: پیاوێکی پیری عاسا بەدەس کوڕێکی لەلابوو وتی بە کوڕەکەی: ئەم پیرە درۆزنە نەتخلەتێنێ و ئیمانی پێ نەهێنی، ئەمجار کوڕەکە بە

عەساکەی باوکی دەسی کرد بە لێدانی حەزرەتی نووح تا بێهۆش کەوت. کە هاتۆ سەر خۆی دووبارە دەسی کردۆ بە ڕاگەیاندنی دین.

وە بۆ بەربەرەکانێی نووح زۆر وەخت کافرەکان بە یەکتریان ئەوت: بە درۆی ئەو پیرە دەسبەرداری بتەکانتان نەبن و دەسبەرداری عیبادەتی ئەم پێنج بتە نەبن: ١. ود ٢. سواع ٣. یغوث ٤. یعوق ٥. نسر. کە ئەم پێنجە ناوی پێنج پیاو ساڵح و چاک بوون و لە بەینی حەزرەتی ئادەم و نووحا _سەلامی خوایان لەسەر، فەوتیان کردبوو، دوای ئەوە بۆ بەرەکەت پەیکەری ئەوانیان دروست کرد کە بۆ بیرەوەری ڕێبازی ئەوان هەمیشە و دایم لەلایان بێ. دوایی بە تەحریکی شەیتان کردنیان بە بت و عیبادەتیان بۆ ئەکردن.

دوای ٥٥٥ ساڵ ڕاگەیاندنی دین، خوا فەرمووی بە نووح: ئیتر کەسیتر ئیمان ناهێنێ و تەمایەر کەس مەبە. جا حەزرەتی نووح دۆعای شەڕی لە کافرەکان کرد و وتی: خوایا کەسیان لێ مەهێڵەرۆ لەسەر ئەرزا، ئەگەر بمێننۆ لە داهاتوودا عەبدە ساڵحەکانی تۆ گومرا ئەکەن منالێکیان نابێ مەگەر بەدکار و کافر نەبێ. دۆعای خێری کرد بۆ ئیماندارەکان و وتی: خوایا خۆش بە لە من و باوک و دایکم و لە کەسێ کە بە ئیمانۆ هاتبێتە ناو ئەم ماڵی منە و خۆش بە لە هەموو ئیمانداری پیاوو ژن تا قیامەت و هیچ زیاد مەکە لەبۆ ئەو زاڵمانە، خەسار و هیلاک نەبێ.

جا خوای گەورە بۆ نەجاتی ئیماندارەکان و خنکاندنی کافرەکان فەرمووی بە نووح: کەشتییەکی گەورە بە ئەمر و چاودێری ئێمە دروس بکە. ئەمجار حەزرەتی نووح بێشەیێ داری ساجی دانا کە زۆر ڕاس و خاس بوو بۆ نەجاری، دارە ساجەکە بە سی، چل ساڵ پیر بوو بۆ دارتاشی ئامادە بوو، ئەسبابی نەجاری بۆ ئامادە کرد و دارەکانی بڕی و بە ٣٠ ساڵ بە ئەمر و چاودێری خوا کەشتییەکەی دروس کرد کە ٣٠٠ میتر درێژ بوو و ٥٠ میتر پان و ٣٠ میتریش بەرزی بوو، کەشتییەکەی کرد بە سێ نهۆم، نهۆمی خوارووی بۆ وەحشی و دوڕەندە و مار و ئەو گیاندارانە کە بە سەر سکا ئەڕۆن، نهۆمی ناوەڕاست بۆ چوارپێ و مەڕ و بزن و

وشتر و گا، وە خۆی و ئەوانە کە ئیمانیان هێنابوو لە مەرتەبەی سێهەما بوون لەگەڵ زەخیرە و خواردن و خۆراک و تفاقێکا کە پێیان بوو، درگای کەشتییەکە لەلای پانییۆ بوو و لەو وەختی درووس کردنی کەشتییەکەدا هەروەخت کافرەکان بەلایا ئەڕۆین گەمەیان پێ ئەکرد و پێی پێ‌ئەکەنین و ئەیانوت: پێغەمبەر بووە بە نەجارِ! چوون بەلایانۆ مەحاڵ بوو کە لەو وشکییا ئاو ئەونە زۆر بێ کەشتی بەسەریا بگەڕێ. جا نووح ئەیفەرموو: رۆژی ئەبێ کە منیش بە ئێوە گەمە ئەکەم وەک ئێوە ئیسە گەمەم پێ‌ئەکەن.

بە تەمای رۆژی نەجات بوو، کە کەشتییەکە لەسەر شێوەی سینەی تەیرێ وەکوو سۆنە تەواو بوو قیرکاری هەردوو دیوەکەی کرد و خوای گەورە دەستووری دا بە ئاسمان ٤٠ شەو و رۆژ باران ببارێنێ و دەسووری دا بە زەوی ٤٠ شەو و رۆژ ئاوەکەی هەڵقوڵێنێ، وە نیشانەی ئەم تووفانی نووحە ئەوەبوو کە لە تەنوورەوە ئاوی بێتە سەر کە بەعادەت تەنوور جێگەی ئاورە نەک ئاو، وە ئەو تەنوورە لە بەرد دروست کرابوو لە ئادەم و حەوواوە جێ‌مابوو.

کە ئاوەکە فوارەی کرد و کەشتییەکە ئامادە بوو خوای گەورە فەرمووی سوار کەشتی ببن کە بە ناوی خوا ئەکەوێتە رێ و بە ناوی خوا ئەوێسێتۆ، بەم ناوی خوا بوو کە نووح کەشتییەکەی ئەخستە رێ و ئەیشی وێسان.

وە خوا دەسووری‌دا کە لە هەموو جۆرە گیان‌لەبەرێ نێر و مێیێ بخاتە ناو کەشتییەکەی با نەتەوەیان نەفەوتێ. بە ئەمری خوا دەسی ئەبرد بۆ هەر جۆرە گیاندارێ، نێرێ ئەکەوتە بەردەسی راسی و مێچکەیێ ئەکەوتە بەر دەسی چەپی، هەموویانی خستە ناو کەشتییەکە و خۆی خێزانی و ئیماندارەکان سوار بوون مەگەر ئەوانە نەبێ کە زووتر بە کافری نووسرابوون و لەگەڵ کافرەکانا بوون، وەکوو عایلەی خێزانی و کەنعانی کوڕی.

ئەوانە کە ئیمانیان هێنابوو هەشتا کەس بوون، چل ژن و چل پیاو، وە ئەم هەشت کەسە لەوان بوون: نووح و یەکێ لە ژنەکانی، سێ کوڕی بە ناوەکانی سام و حام و یافث و سێ ژنەکانیان. وە لەم شەش کەسە دوای تووفانەکە بەشەر

پەرەی سەندۆ و زۆر بوون و لە خاکی کوردستانا بوو کەشتییەکە نیشتۆ و بوو بە بێشکەی دووەم بۆ نەتەوەی بەشەر.

که سواری کەشتییەکە بوون، رەحم زۆری هانی بۆ نووح و بانگی کرد لە کەنعانی کوڕی کە بێ سواری کەشتییەکە ببە لەگەڵ ئێمە و لە کافرەکان دوور کەوەرەوە با نەخنکی، وتی: لێم گەڕێ، ئەڕۆمە سەر کێوێ بەرز تا لە ئاو بمپارێزێ!. نووح فەرمووی: لە ئیمڕۆدا پارێزگاری نیە لە ئەمری خوا مەگەر کەسێ کە خوا رەحمی پێ کردبێ.

ئەگێڕنۆ ژنێ تەنیا مانگایێکی بوو بۆ وەسیلەی ژیانی خۆی، لە وەختی دروست کردنی کەشتییەکەدا ئەیوت بە نووح: منت لەبیر نەچێ با نەخنکێم، لەو وەختا لەبیری چوو، دوای ئەوەکە چاویان کەوتۆ بەیەک ژنەکە وتی: چی بوو، تووفانەکە نەهات؟ نووح وتی: هەر زوو هات و تەواو بوو! تۆم لەبیر چوو، ژنەکە وتی: بەڵام لەبیر خوا نەچووم! لە دەوری منا ئاو نەبوو، رۆژێ مانگاکەم هاتوو کەمێ سەر پشتی تەڕ بوو.

جا نووح هەر هاواری ئەکرد لە کەنعانی کوڕی کە بێسوار بێ، تا شەپۆل ئاوەکە وەکوو کێو کەوتە بەینیان و غەرق بوو و خنکا. جا نووح وەکوو گلەیی پاڕاوۆ لە خوا و وتی: تۆ وەعدەت بە من دا کە خێزانەکەم نەجات بدەی،کەچی کەنعانی کوڕم خنکا؟ خوا فەرمووی: کەنعان خێزانی تۆ نەبوو و ئیمانی بە تۆ نەبوو و بەدڕەفتار بوو و بە دڵ و بە رەفتار لەگەڵ کافرەکانا بوو، بۆی مەپاڕێرۆ بێ فایدەیە. جا بۆیە شێخی سەعدی لە گولستانا فەرموویەتی:

پسر نوح با بدان بنشست
خاندان نبوتش گم شد
سگ اصحاب کهف روزی چند
پی نیکان گرفت و مردم شد

کە نووح سواری کەشتییەکە بوو بە ئەمری خوا وتی: خوایا لە جیگایەکی موبارەکا دامبەزێنە، خوا دۆعاکەی قەبووڵ کرد و لە خاکی کوردستانا لە مووسڵ کەشتییەکەی نیشاندەوە و دایبەزان و بوو بە بەرەکەتی نەبڕاوە.

مەرقەدی دوو پێغەمبەر وا لە مووسڵ: ١. حەزرەتی شیث کە خاوەنی ٥٠ دانە پەڕەیە، کتێبێکی خوایە و بۆی نێرراوەتە خوارەوە. ٢. حەزرەتی یۆنس کەشێخی سەعدی لەبارەیۆ ئەفەرمێ:

قرص خورشیـــد در سیـــاهی شد
یـــونس انـــدر دهـان ماهی شد

وە باسی یۆنس بۆ ئێمە لێرا ناکرێ. کە نووح وتی بێن با سوار بین بە کۆمەکی ناوی خوا و ئەم زیکرە بوو بە فەرمانی و بەم زیکرە ئەکەوتە رێ و ئەوێسا.

ئەم کەشتییە لە کووفە دروس بوو کە لە زەمانی ئەسحابەکانا ئەو جێگەیانە کردبوو بە مزگەوت، کە لە کووفە سوار بوون دەهەمی مانگی رەجەب بوو تا دەهەمی مانگی موحەڕڕەم رۆژی عاشوورا،شەش مانگی پێچوو، لە ماوەی ئەو شەش مانگا ئەو کەشتییە تەواوی دونیا گەڕا بەسەر ئاوەکەدا، جا کە ماوەکە تەواو بوو خوای گەورە دەسووری دا بە زەوی کە ئاوەکەت هەڵمژەرۆ و ئەی ئاسمان ئیتر باران مەبارێنە، کە زەوی وشکۆ بوو کەشتییەکە لەسەر کێوی «جوودی» کە وا لە جەزیرە بەحری مووسڵا، نیشتۆ و کەشتی نشینەکان وتیان: ئیمڕۆ دووری لە رەحمی خوا بۆ زاڵمان بوو کە خنکان. بۆ بڕوا بەم وتەیە ٥٠ ساڵ بەر لە ئیمڕۆ کە ساڵی ١٣٨٨ شەمسییە، لە ژێر خاکی کێوی جوودییا بازێ لە تەختەی ئەو کەشتییە دۆزرایەوە.

جا کە گەشتی شەش مانگەی کەشتییەکە تەواو بوو خوای گەورە فەرمووی: ئەی نووح دابەزە بە خۆشی و باشی و سەلامەتی و بەرەکەتی زۆرۆ، لەسەر خۆت و ئەوانەی کە وان لەگەڵتا. جا هەموو ئیماندارێ بەر ئەم دۆعای نووحە ئەکەوێ کە لە ئیماندارییا وان لەگەڵ نووحا.

ئەو رۆژە حەزرەتی نووح سەلامیلەسەر کە لە کەشتییەکە دابەزی رۆژی عاشوورا بوو، خۆی بەرۆژوو بوو بۆ شوکری خوا کە نەجاتی بوو لە تووفانەکە، وە دەسووری دا بە تەواوی ئەو ئیماندارانە کە لەگەڵی بوون بەرۆژوو بن بۆ شوکرانەی خوا. لەویا دێیەکیان دروس کرد لە نزیکی کێوی جوودی و ناویان نا «سوق ثمانین» ئەوە ئەووەڵ دێ بوو کە دروس کرا دوای توفانی نووح، وە ئەو بەرەکەتە خێرێکی نەبڕاوە بوو کە ئەولاد و پەیڕەوانی زۆر بوون و ئەو هەموو پێغەمبەر و پێشەوا و ساڵح و پیاوچاکانە دوای تووفانەکە لە نەتەوەی نووحن. وە ئەو هەموو مزگەوتی ئیسلام و حوجرە و فەقێ و مەلا و موجتەهید و موسوڵمانە باشانە، هەموو لە ئوممەتی پێغەمبەری ئاخر زەمانﷺ لە زۆری ئەو بەرەکەتە پەیا بوون.

ئەم بەسەرهاتی تووفانی نووحە لە سوورەتی «هوود» لەئایەتی ٣٩ تا ٥٢دا باسی ئەکا و من کە بەم شێوە نووسیومە لە تەفسیری «خازن» وەرم گرتووە.

حەزرەتی ئیبراهیم

حەزرەتی ئیبراهیم سەلامی خوای لەسەر، دۆسی خوا و پێغەمبەری خوا بوو، کوڕی تارۆخ بووە، کە ئازەریشیان پێ وتووە. ئیبراهیم برایەکی بووە بەناو هاران، کە باوکی حەزرەتی لووتی پێغەمبەر بووە. حەزرەتی ئیبراهیم لە سارا خاتوونی حەرەمی، حەزرەتی ئیسحاقی بووە و ئەویش پێغەمبەری خوا بووە، وە لە هاجەرە خاتوونیش حەزرەتی ئیسماعیلی بووە و ئەویش پێغەمبەری خوا بووە و ئەم لە عومرا لە ئیسحاق گەورەتر بووە، وە حەزرەتی ئیسحاق کوڕێکی بووە کە بە لەقەب پێیان وتووە یەعقووب، لەبەر زۆری نەتەوەی ناوی ئیسرائیل بووە بە مانا «عبدالله»، وە ئەو هەموو تایفەی بەنیئیسرائیلە لە نەتەوەی ئەون، چل هەزار (٤٠,٠٠٠) پێغەمبەریان بووە.

حەزرەتی ئیبراهیم لەگەڵ نەمروودا کە داوای خوایی ئەکرد زۆر دەرگیر بوو، لە تەفسیری «خازن»دا هاتووە کە نەمرووود کوڕی کەنعانی کوڕی سەنجاریبی کوڕی نەمروودی ئەووەڵ بووە، ئەمیش کوڕی کووش کوڕی حام کوڕی حەزرەتی نووح

بووه. جا که نەمروود به دەلیل و قسه دەرەقەت حەزرەتی ئیبراهیم نەئەهات، وتیان: به ئاور بیسووتێنین، به قەولێ ئەڵێن: ئەووەڵ کەسێ که وتی بیسووتێنین نەمروود خۆی بووه، به قەولێ ئەڵێن کوردێ بووه بەناو «هەبرین»، له جەزای ئەوا به ئەمری خوا ئەرز قووتی دا و تا ئێستاش هەر ئەچێته خوارەوه و تا رۆژی قیامەت رۆچوونی بەردەوامه. بۆ ئەم بەسەرهاتی حەزرەتی ئیبراهیمه تەماشای تەفسیری خازن لاپەڕەی ٢٤٦ی سوورەتی «انبیا» ئایەتی ٦٨ تا ٧٤ بکه.

ئیبراهیمیان له ماڵێکا حەبس کرد که پێیان ئەوت «کوسی»، به ژن و پیاوۆ تێکۆشین و له ماوەی یەک مانگدا له سەختەدار و له هەموو جۆره دار و سووتەمەنییەک کۆگایەکی گەورەیان جەم کردۆ و ئەمەیانه به خێرێکی گەورە ئەزانی و وەک سەدەقه داریان کۆ ئەکردۆ. که به مەیلی خۆیان داریان جەم کرد، ئاوریان تێبەردا و له هەموو لایەکۆ باڵدار بەسەریا بڕوایه ئەسووتا، تا حەوت رۆژ ئاورەکه هەروا بوو، که گەرەکیان بوو به دەس و پا بەسیاوی حەزرەتی ئیبراهیم بخەنه ناو ئاورەکه، لەبەر گەرمی نەیانئەتوانی بچنه بەرۆ، شەیتان هات تەگبیرێکی بۆ کردن و فێری دروس کردنی مەنجەنیقی کردن، به دەسووری ئەو مەنجەنیقیان دروس کرد و ئیبراهیمیان لەسەر دانا و لەسەر بانێ بەرزۆ به مەنجەنیقەکه فڕەیان دا بۆناو ئاگرەکه.

ئەرز و ئاسمان و مەلائیکه و هەرچی له ئەرز و ئاسماندا بوو بەشەر و جنۆکه نەبێ هەموو هاورایان لێبەرزۆ بوو بۆلای خوا بۆ نەجاتی حەزرەتی ئیبراهیم. جا خوا فەرمووی: من دۆسێکم نیه ئیبراهیم نەبێ و ئەویش خوایەکی نیه من نەبێ، وه هاوار له کەسیتر ناکا،من نەبێ ، وازم لێبێنن بزانن چۆن نەجاتی ئەدەم.

که خستیانه ناو ئاورەکه، ئازا جوبرەئیل هات بەدەمیۆ و وتی: ئایا کارێکت هەیه بۆتی ئەنجام بدەم؟ وتی: به تۆ هیچ کارێکم نیه. جوبرەئیل وتی: با بۆت بپاڕێمۆ له خوا. ئیبراهیم و تی: خوا خۆی ئاگای لێمه و ئەمەیشم بەسه. جا خوا فەرمووی به ئاورەکه: «ساردەوه به به جۆرێ که سەرماکەت زەرەری بۆ ئیبراهیم

نەبێ». وە حەزرەتی ئیبراهیم لە ناو ئاورەکەدا ئەمە زیکری بوو: «حسبی الله و نعم الوکیل» یانێ: خوام بەسە بۆ هەموو کارێکم و پەروەردگارم وەکیلێکی چاکە.

ئیتر پەتەکە سووتا کە بەسرابوو بە دەس و پایۆوە کە کەوتە ناو ئاورەکە مەلائیکە هەردوو باڵیان گرت و لەسەر ئەرزەکەدا دایاننا، کە وەکوو باخچەی بەهەشت وابووە دەسێ لیباسی بەهەشتییان بۆ هانی و کردیە بەری و فەرشی بەهەشتیان بۆ هانی و لەسەری دانیشت، وە مەلائیکە دەورەیان دا تا بێتاقەت نەبێ، بۆیە فەرموویە: لە ژیانما لەو حەوت رۆژە خۆشتر نەبووە کە لەناو ئەو ئاورا بووم. جوبرەئیل وتی: ئەی ئیبراهیم خوا ئەفەرموێ: ئایا نازانی کە ئاور زەرەری بۆ دۆسی من نیە؟.

نەمرووود لە کۆشکەکەیۆ بۆی روانی چاوی کەوت بە ئیبراهیم کە دانیشتووە و لە جێیەکی خۆشا وەک باخچەی پڕ لە نەرگس و گوڵ و مەلائیکە بە دەوریا دانیشتوون و دەوریان لێ داوە و بە دەوریانا ئاورەکە هەر ئەگڕا. نەمرووود وتی: خوایێ گەورەت هەیە ئەی ئیبراهیم، کە لە قودرەتی ئەوو ئاورەکە نەیسووتانی. دووبارە وتی: ئەی ئیبراهیم ئەتوانی لە ئاورەکە بێتە دەرۆ و نەتسووتێنێ؟ وتی: بەڵێ، وتی: دەی بێرە دەرۆ، هاتەدەرۆ و رۆیی بۆلای نەمرووود و نەمرووود وتی: ئەو هەموو قودرەت و عیززەتی خوامە چاو پێکەوت کە چۆن تۆی پاراست لە سووتانن کە لەسەر عیبادەت ئەو ئەمانسووتانی، ئەمەوێ ٤٠٠٠ سەر گا سەر ببڕم بۆ خوا. ئیبراهیم وتی: تا لەسەر ئەو دینە ناحەقە بی خوا خێرت لێقبووڵ ناکا، بێرە سەر ئەم دینە حەقە جا سەریان ببڕە با خوا لێتی قبووڵ بکات. وتی: ناتوانم بێمە سەر دینی تۆ، چوون موڵکەکەم لەدەس دەرئەچێ، ئاخری هەر گاکانی سەر بڕی.

دوای ئەم بەسەرهاتە خوای گەورە نەجاتی ئیبراهیم و لووتی دا و کۆچیان کرد بۆ ئەرزی بەرەکەتدار کە شامە و بەرەکەتەکەی ئەو هەموو پێغەمبەرانەیە کە وان لەوێ.

لە کتێبی «مدارک»دا نووسراوە: لە عێراقۆ کۆچی کردووە بۆ شام.

(با بزانین) خوالێخۆشبوو مامۆسا مەلا باقری بالک (باوکم) ئەیفەرموو: ئەو گلگەی ئاوری نەمروودە و مەنجەنیقەکەی لە کەشەدەرەدا بوو کە خاکی دێی «کێلو» و «مەسۆیە» (کە دوو دێن) لە بەرابەر پێنجوێن، وە مەرەزەجاڕێ لەویا هەیە بەناو برایم ئاوا. جا کەوابێ ئەو «کۆسی»یە کە حەزرەتی ئیبراهیمیان تیا حەبس کردبوو بۆ سووتانن ئەبێ کۆسی «نەچێ» بێ کە ئیسە قەبرستانە و زوو دێ بووە و لە «کێلوو» نزیکە. خوای گەورە ئەفەرموێ: نەمروود و قەومەکەی گەرەکیان بوو فێڵ کەن لە ئیبراهیم، ئێمە لە جەزای ئەوا زەرەرمەندمان کردن، خوا لەشکری مێشوولەی نارده سەریان، گۆشتەکەیان ئەخواردن و خوێنەکەیان ئەمژین تا ئەمردن، وە مێشوولەیێ چووە ناو دەماخی نەمروود تا نەمرد وازی لێ نەهانی.

لەم باسی حەزرەتی ئیبراهیما بۆمان مەعلووم بووە کە حەزرەتی ئیبراهیم کورد بووە و لە خاکی کوردا پەروەردە بووە و ژیاوە و کەماڵی پەیا کردووە بۆ راگەیاندنی دینەکەی کۆچی کردووە بۆ شام.

ئیبراهیم عەجەمییە و عەرەبی نیە، بە مانا «اب رحیم» یانێ باوکێکی بەبەزەیی، کوڕی تارۆخ بووە و پێیان وتووە ئازەر، تارۆخ کوڕی ئاخور بووە و ئەویش کوڕی شاروعی کوڕی ئەرغوی کوڕی فالغ، کوڕی عابری کوڕی شالخی کوڕی ئەرفەخشەزی کوڕی سامی کوڕی نووح بووە.

ئیبراهیم لە سووس لە دایک بووە کە خاکی ئەهوازە، بازێ ئەڵێن لە بابل لەدایک بووە و بازێکیش ئەڵێن لە کوسی لەدایک بووە کە دێیەکە لە کووفە، بازێکیش ئەڵێن لە بوحرا لەدایک بووە و باوکی بردوویە بۆ بابل کە موڵکی نەمروودی زاڵم بووە.

بە هەرحاڵ، حەزرەتی ئیبراهیم هاجەرە خاتوونی حەرەمی لەگەڵ ئیسماعیلی کوڕیا کە مناڵێکی شیرەخۆر بوو بردنی بۆ مەککە و لای ماڵی بەیتا کە لەو کاتا ماڵ نەبوو لە بەرزاییەک لای بیری زەمزەما کە لەو وەختا بیری زەمزەم نەبوو، دایانی نا و بازێ خورما کە لە هەوانەیێکا بوو و بازێ ئاو کە لە کونەیەکی چکۆلەدا بوو

بۆیانی دانا، لەو وەختا کە لەو جێیە کەس نەبوو و ئاوەدانی نەبوو و خۆراک و ئاوی تیا نەبوو ئیبراهیم بەجێیانی هێشت و گەڕاوە و هاجەرە خاتوون کەوتە شوێنی و وتی: ئیبراهیم بۆ کوێ ئەڕۆی و ئێمە لەم شیوە چۆڵ و هۆڵا بەجێ ئێڵی کە کەسی لێنیە و هیچی تیا نیە؟، چەن جار ئەمیە تکرار کردۆ و ئیبراهیم لای نەکردۆ تا بەزەیی نەیێتۆ پیایانا و ئەمرەکەی خوا جێبەجێ بکا و بێ ئەمری خوا نەکا. هاجەرە وتی: خوا ئەمری پێ کردووی لەگرا جێمان بێڵی؟ ئیبراهیم وتی: بەڵێ. هاجەرە خاتوون وتی: ئێتر خوامان بەسە و خوا پەکمان ناخا.

کە لە چاو ئەوان ون بوو لە «ثنیةالوداع»دا رووی کردە بەیت و دەسی بەرز کردۆ و ئەم دۆعایە خوێند: ئەی پەروەردگاری ئێمە من دامناوە بازێ لە ئەولادەکانم لە شیوێکی بێ زەراعەت و چۆڵا لای ماڵەکەی خۆتا کە زۆر بە حورمەتە و هەموو کەسێ سڵی لێ ئەکا، بۆ ئەوە دامناون کە ئەو جێگە ئاوەدان بکەنۆ و نوێژ و عیبادەتی تیا بەرپا بکەن. دڵی بازێ مایل بکە بەلایانۆ کە زوو بڕۆن بۆلایان و رزقی زۆریان بۆ بنێرە لە هەموو سەمەرێ.

لەوساوۆ بەو دۆعای ئیبراهیمە مەککە بەو هەموو رەق و تەقی و وشکییە لە هەموو جۆرە سەمەر و نیعمەتێکی بە کۆڵ و بە بار بۆ رۆییوە و بۆیشی ئەڕوا. بۆ ئەوە خوا ئەو نیعمەتە ئەنێرێ کە شوکری بکەن. جا بە دۆعاکەی ئیبراهیم ئەو جێگایە بوو بەجێی عیبادەت و زیکر و حەج و تەقوا، ئیسە و تا قیامەت هەر وا ئەبێ.

جا دایکی ئیسماعیل شیری ئەدا بە ئیسماعیل و لە ئاوەکەیشیان ئەخوارد، کە ئاوەکە تەواو بوو تینوویەتی زۆری بۆ هێنان و هاجەرە شیری تیا نەما و لە حەیبەتا کوڕەکە تلاوتلێی ئەکرد بە جۆرێ کە دایکی دڵی بڕوای نەئەدا بڕوانێ بۆی. کە تەپۆڵکەی سەفای لێ نزیک بوو رۆیە سەری و روانی بزانێ کەسێکی بەرچاو ناکەوێ یان ئاوی دەس ناکەوێ، بەڵام کەسی نەدی، هاتە خوارۆ کە گەییە ئەو شیوە کە وا لەبەین سەفا و مەروەدا کراسەکەی هەڵ کرد و روو بە مەروە رای کرد وەکوو کەسێ کە پەلەی کارێکی بێ، بازێ روانی و کەسی بەرچاو نەکەوت و

گەڕاوۆ. تا حەوت جار بەو جۆرە هاتووچۆی کرد لەبەین سەفا و مەروەدا و کەسی نەدی و لە بڕێ جێگەدا لای ئەکردۆ بۆلای ئیسماعیل و هەواڵێکی ئەزانی. ئیسەیش حاجییەکان خۆزگەم بە خۆیان بە سوننەتی هاجەرە خاتوون ئەو حەوت هاتووچووە ئەکەن لە بەینی سەفا و مەروەدا و یەکێکە لە ئەرکانەکانی حەج بۆ حاجی و واجبە بیکا.

لە کەڕتی ئاخرا کە گەییە مەروە دەنگێکی بیست و خۆی بە خۆیی وت: بێدەنگ بە! بە باشی گوێی گرت دەنگێ‌تر کەوتە گوێی و وتی: دەنگت کەوتە گوێم، خۆزگا پەنا بوایی بۆ من، روانی ئەو دەنگە دەنگی مەلائیکەیەکە وا لەلای جێی بیری زەمزەما و باڵی دا بە ئەرزا و ئاوی زەمزەم هاتە سەر، هاجەرە خاتوون گۆمەڵاتی بۆ دروس کرد و ئیشارەتی ئەکرد بۆ ئاوەکە کە ئاوا بێ، ئاوی کردە کونە لۆجکەکەی ئاوەکە هەر هەڵئەقوڵی و بە فشار ئەهاتە دەرۆ بەباشی چاری نەئەکرد تا هاجەرە پێی فەرموو: «زەمزەم» یانێ ئارام بە و لەسەرخۆ و راوەستە، جا ئەگەر هاجەرە بەرگیری لێ‌نەکردایە زۆر ئەبوو و ئەو جێگەیە تێراو ئەکرد و ئەو جێگە ئەبوو بە کانی رەوان بەڵام ئیستە لەبەر دەسووری هاجەرە وێساوە و بەڵام بەردەوامە و کەم و زیاد ناکا. ئەمجار خۆی ئاوی خواردۆ و دەرخواردی ئیسماعیلیشی دا.

لەبارەی زەمزەمۆ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئاوی زەمزەم بە هەر نیازێ بیخۆیتۆ بۆت جێبەجێ ئەبێ. وە دوبارە فەرموویەتی: ئاوی زەمزەم تێر و تێراوت ئەکا.

لە کتێبی «المنجد»دا هاتووە کە «زەمزەم» بیرێکە لە مەککە و وا لە نزیکی کابەدا و لە حەرەمی شەریفا، کە حەزرەتی ئیسماعیل و هاجەرە خاتوونی دایکی ئەو بیریانە لێ داوە، دوای ئەوە ئەو بیرە چەن وەختێ گوم بووە، جا «عبدالمطلب» باوەگەورەی پێغەمبەر جێگەکەی پەیا کرد و دووبارە بیرەکەی هەڵکەندۆ و ئاوەکەی دۆزییۆ و ئەو ئاوە زۆر بە حورمەت بووە تەنانەت لە زەمانی خوانەناسیا تا ئیسەیشە هەروا لەناو موسوڵمانانا کە حاجی ئاویان لێ خواردووە و بردوویانە بۆ

هەموو جێیێ بۆ تەبەڕڕک. نەزارەتی ئەو ئاوە تا ئیسە بەدەس نەتەوە و بنەماڵەی «عبدالمطلب» بووە.

جا لەبەر دڵ هاجەرە مەلائیکەکە وتی: مەترسە لەبەین ناچی و ئەم کوڕتە لەگەڵ باوکی لەگرا ماڵی خوا دروس ئەکەن و خوا هۆشی ها بە دانیشتوانی ئەم شیوۆ و خەم مەخۆ. وە چوون جێگەی کابە بەرز بوو لافاو بەسەریا نەئەڕۆیی و لای ئەدا و بەملاولایا.

هاجەرە خاتوون تەنیا هەروا لەوێ ماوۆ تا چەن نەفەرێ رێبوار لە ئەهلی جورهوم (جُرهُم، باوکی تایفەیەکی کونە، ئەڵێن لە یەمەنۆ هاتوون و بوون بە دوو تایفە، بائدە و عاربە عارەبەکان نیشتەجێی مەککە بوون. المنجد) لەوێوە ئەڕۆیین بۆ کاروان لە خوار جێگەی شاری مەککە دابەزین و باڵداری وەتەنییان چاوپێکەوت، وتیان ئەم باڵدارە حەتمەن وا بە دەور ئاوا و ئێمەیش بەڵەد ئەم شوێنە بین ئاوی تیا نیە، چەن نەفەرێکیان نارد و تووشی ئاوەکە بوون و هاتنۆ و دیان ئاو هەیە، رۆیین بۆلای ئاوەکە. دایکی ئیسماعیل لای ئاوەکە بوو وتیان ئیجازەمان ئەدەی ئێمەیش بین بۆ دەورت و لەگرا بار بخەین و بمێنینۆ؟ وتی: بەڵێ، بەڵام حەقتان بەسەر ئەم ئاوۆ نیە و ماڵی خۆمە. وتیان: باشە، جا لەویا باریان خست و ناردیان بەشوێن ماڵ و خێزانیانا و لە یەمەنۆ هاتن و لەویا دانیشتن و چەن ماڵی بەدەوریا کۆ بوونۆ و ئاوەدانۆ بوو.

ئیسماعیل گەورە بوو لەوانۆ فێری زوانی عەرەبی بوو و رەفێقی لەگەڵ داخستن، زۆر کوڕێکی شۆخوشەنگ و عەجایب بوو بەلایانۆ، کە پێگەیی لە خۆیان کچێکیان بۆ مارە کرد و ژنیان پێدا.

دایکی ئیسماعیل فەوتی کرد و ئیبراهیم هاتۆ بۆلایان کە سەریان لێ بدا و بزانێ چۆنن، ئیسماعیل لە ماڵۆ نەبوو، لە ژنەکەی پرسی لە کوێیە؟ وتی: رۆییوەسە دەرۆ شتێکمان بۆ پەیا بکا، ئیبراهیم وتی: ژیانتان چۆنە و چۆن ئەژین؟ وتی: هاین لە سەختترین و ناخۆشترین ژیانا. سکاڵای زۆری کرد، ئیبراهیم

وتی: که شووەکەت هاتۆ له منۆ سەلامی پێ بگەیێنە و پێی بڵێ ژێر گێجەنەی دەرگاکەی بگۆڕێ.
که ئیسماعیل هاتۆ زانی کەسێ هاتووە بۆ ماڵیان، وتی: کێ هاتووە بۆ ماڵمان؟ ژنەکەی وتی: پیاوێکی پیری ئاوا و ئاوا هات بۆ ماڵمان و پرسیاری له ژیانی ئێمە ئەکرد و منیش وتم: هاین له ئەوپەڕ سەختی ژیانا و سکاڵای زۆرم کرد. ئیسماعیل وتی: ئەو پیرە راسپاردەی پێ نەبوو؟ وتی: بەڵێ، سەلامی بۆ ناردی و وتی: ژێر دەرگاکەی بگۆڕێ. ئەویش وتی: ئەوە باوکم بووە و ئەمری کردووە بە من که له تۆ جیا ببمۆ، کەوابوو بڕۆرۆ بۆ ماڵ باوکت، ئیتر تەڵاقی دا و ژنێ تری لێ‌خواستن.
تا بەینێ زۆری پێچوو و ئیبراهیم نەهاتۆ بۆلایان و دوای ئەوە هاتۆ بۆلایان و دووبارە ئیسماعیل له ماڵا نەبوو، چووە ژوورۆ بۆلای ژنەکەی و پرسیاری بۆ کرد، ژنەکەی وتی: رۆییوە بە شوێن رزقا بۆ ئێمە، لێی پرسی: چۆنن و چۆن ئەژین؟ وتی: شوکر بۆ خوا واین له خێر و خۆشییا و شوکری خوای زۆر بەجێ هێنا، پرسی: خۆراکتان چییە؟ وتی: گۆشت، وتی: خواردنەوەتان چییە؟ وتی: ئاوە، ئیبراهیم دۆعای کرد و وتی: خوایا بەرەکەت بخەرە ناویان. ئیسەیش له بەرەکەتی ئەو دۆعایە ئەوە که زۆر بێ له مەککە گۆشت و ئاوە.
ئیبراهیم وتی: شووەکەت هاتۆ سەلامی منی پێ بگەیێنە و پێی بڵێ باش هۆشی بە ژێر گێجەنەی دەرگاکەوە بێ. که ئیسماعیل هاتۆ و تی: کەسێ هاتووە بۆ ماڵمان؟ وتی: پیاوێکی پیری خۆش هەیئەت و جوان‌خاس هاتبوو بۆ ماڵمان و پرسیاری تۆی کرد و خەبەرم بۆ گێڕاوۆ و پرسی: ژیانتان چۆنە؟ وتم: شوکر زۆر باشین. وتی: راسپاردەیێکی پێ نەبوو بۆ من؟ وتی: بەڵێ، سەلامی لێ ئەکردی و ئەیوت: هۆشی بە ژێر دەرگاکەیۆ بێ و مەحکەم ڕای‌گرێ. ئیسماعیل وتی: ئەوە باوکم بووە و تۆیش ژێر درگاکەی و ئەمانەتی سپاردووی بە من .حەزرەتی ئیبراهیم تا ماوەیێ زۆر نەهاتۆ و دوای ئەو ماوە هاتۆ بۆ دیەنیان و لەو وەختا ئیسماعیل له بن دارێکا بوو لای زەمزەم، که چاوی بە باوکی کەوت هەڵسا و شاد

بوونۆ بە یەک و دەسەمل یەکتر بوون. لە دوای ئەوە ئیبراهیم وتی: ئەی ئیسماعیل خوا ئەمرێکی کردووە بە من تۆیش یارمەتیم ئەدەی؟ وتی: هەرچی بفەرمووی حازرم و بەگوێت ئەکەم و کۆمەکیشت ئەبم. ئیبراهیم وتی: خوای گەورە دەسووری داوە لەو بەرزییا دیوێ دروس بکەم.

ئیبن‌وعەبباس ئەفەرمێ: بۆ دیاری کردنی ئەو جێگەی ماڵی خوا، خوای تەعالا پەڵە هەورێکی نارد بە ئەندازەی کابە بۆ سەر ئیبراهیم و لەگەڵیا ئەڕۆیی تا ئەو جێگەی کابە، لەویا وێسا،کە بەو ئەندازە کابە دروس‌بکا، لە جێگەکەی زوویا.

ئەووەڵ ماڵێ کە لەسەر ئەرزا بینا کراوە ئەو دیوەیە کە ناوی کەعبەیە و خوای گەورە لە مەککە بینای ناوە، وە زیارەتگا و جێی تەوافی مەلائیکەتان بوو کە وا لە حەن «بیت‌المعمور»ا و ئەویش وا لە ئاسماندا، کە ئەو بەیتە لە بەین چوو بەبۆن درێژەی زەمانۆ حەزرەتی ئادەم تازەی کردۆ هەر لەو جێدا. وە چل کەڕەت لە (سەرەندیب)ۆ هاتووە بۆ حەج و زیارەت و تەوافی ئەو کابەی حاجاتە. (سوورەتی ئالی عیمران ئایەتی٩). کەوابێ حەزرەتی ئادەم باوەحاجی گشتمانە و بڕۆین بەشوێنیا.

هەروا کەعبە مابوو تا تووفانەکەی حەزرەتی نووح، جا مەلائیکە هەڵیان گرت و بردیان بۆ ئاسمان و شوێنەواری هەر مابوو تا ئیبراهیمی خەلیل بە ئەمری خوای جەلیل و میعماری جوبرەئیل و شاگردی ئیسماعیل لەسەر بیناکەی زوو کابەی دروس کردەوە بۆ ئەوە زیکر و تەقوا و عیبادەتی خوای تیا بکرێ.

حەزرەتی ئیبراهیم و ئیسماعیل دوای تەواو بوونی بینای کەعبە، دوو قۆڵی پاڕانۆ لە خوا و هاواریان کرد: پەروەردگارا قەبووڵی بکە لە ئێمە کە تۆ بیسەر و دۆعا و زانای نیەتی ئێمەی، پەروەردگاری ئێمە، ئێمە کە دوو موسوڵمان یەکتاپەرستی گەردەن کەچین بۆ فەرمانی تۆ بە خالیسی، وە لە ئەولادی ئێمەیشا جەماعەتێکی موسوڵمان گەردن‌کەچ پەیا بکە، پەروەردگاری ئێمە بنێرە بۆیان، لە خۆیان پێغەمبەرێ کە بخوێنێتۆ بۆیان ئایەتەکانی قورئانی تۆ و باش فێری مەعنا

و ئەحکامی ئەو قورئان و سوننەتیانە بکا و فێری ئەویانە بکا کە چۆن حەق پەیا بکەن لە ووتار و عەمەلا و پاکیان بکاتۆ لە کافری و بتپەرستی و باقی گوناهەکانیتر، تۆ زۆرداری بەسەر هەموو زۆردارێکا و حالزانی هەموو کەسی. (سوورەتی البقرة ئایەتی ٢٤ و ٢٣ و ٢٢).

جا خوای تەعالا دوای ماوەیەکی زۆر دۆعاکەی قبوولْ کرد کە پێغەمبەری ئاخرزەمانی نارد و قورئانی بۆ نارد کە ئەحکام و مەسلەحەتی هەردوو دونیای هاتیا و هیچ نوقسانییەکی نیە و خەیرە ئوممەتی کرد بە پەیڕەویٚ کە گیان و مالّی خۆیان داوە و ئەیدەن لە ڕێگەی دین و قورئانا کە ئەو هەموو مزگەوت و فەقێ و مەلایانە بە نازۆ بردووە بەڕێوە و تا قیامەت خوا پشتیوانی ئەکا لەم دینەوە تا ئیمانداریٚ مابیٚ لەسەر ئەرزا خوا دونیا تەواو ناکا، کەوابیٚ ئیمان و عەمەلی سالّح وەسیلەی بەقای دونیایە، وە خوا بە خەیرەئوممەت قەبوولّمان بکا، ئامین.

حەزرەتی ئیسماعیل نەتەوەی زۆر بووە و لەناو ئەوانا تەنیا حەزرەتی موحەممەد پێغەمبەری خوا بووە و حەزرەتی موحەممەد بە نەتیجەی زەحمەتی ئەوان دانراوە و لە ئادەمۆ تا ئیبراهیم و ئیسماعیل هەموویان جێگەیان بۆ ئەو خۆش کردووە و موژدەیان داوە بە هاتنی گولّی گولاّن. وە کابەیش لە ئادەمۆ تا خاتەم قیبلەی هەموو ئیمانداریٚ بووە و ئەبیٚ قیبلەی هەموو مردوو و زیندووی ئێمەیش بیٚ. لە نوێژا کەسیٚ روو نەکاتە قیبلە نوێژی دروست نیە، وە ئەبیٚ هەموو موسولّمانیٚ لە قەبرا رووی کرێتە قیبلە. ئەڕۆیتە ناو قەبرستانیٚ ئەگەر مردووەکان روو بە قیبلە بوون، ئەوە موسولّمانن. ئەمانە گشتی عیززەتی دینی ئیسلامە و ئێمە موسولّمانیش ئەبیٚ هەمیشە پەیوەندیمان لەگەلْ مەککەدا بەردەوام بیٚ، کە روو ئەکەینە قیبلە بۆ نوێژ و لە هەموو تەحیاتێکا سەلام ئەکەین لە پێغەمبەر کە لەلای خۆمانا بە حازری ئەزانین. وە لە پێنج فەرزەی نوێژا نۆ تەحیات هەیە و نۆ کەڕەت سەلام ئەکەین لە پێغەمبەر.

جا با بزانین بەرەکەتی دینی ئیسلام چەنیٚ زۆرە، وە پێغەمبەری ئیسلام عولەمای ئوممەتی خۆی لەجێی پێغەمبەرە ئیسرائیلییەکان داناوە و ئەوان تەوڕات

و زەبوور و ئینجیل و دینی مووسا و عیسا و داوودیان بەخەڵک ڕاگەیاندووە، عولەمای ئوممەت ئەبێ قورئان و دینی ئیسلام پشتیوانی کەن و ڕایگەیێنن بە خەڵک، وە واجبە لەسەر ئوممەت ئەمریان بەجێ بێنن.

ئەمانە کە لەگرا نووسیومە لە تەفسیری خازن و تەفسیری مەدارک وەرم گرتووە، جا تەماشایان کەی باشتریش حاڵی ئەبی و زیاتریش ئەزانی. (سوورەتی ئالی عیمران ئایەتی/١٠٠)

ئوممەت و عولەمای ئوممەت عیشق و عەلاقەکاری وای پێ کردون کە وەکوو کەرامەت و موعجیزە وایە، بۆ نموونە «ستتە زوبەیدە» کە حەرەمی هاروونەڕەشید بووە کە حاکمی بەغدا بووە و هەردووکیان ئامۆزا بوون و لە تایفەی بەنیئومەییە. ستتە زوبەیدە بە خەرجی خۆی ئاوی فوراتی لە بەغداوە بە جۆگە بردووە بۆ مەککە و ئەو ئاوە کۆمەکێ زۆر باش بووە بۆ دانیشتووانی مەککە و لە هەموو قۆناخێکا ئەو ئاویە دەرخستووە بۆ ڕێبواری ئەو بەینە تا مەککە مەگەر خوا خۆی جەزای باتۆ. ئیسەیش ئەو ئاوە هەر هەیە و هیچ کەس سەری لێدەرناکا ئەو وەسا چۆن ئەو ئاوەیە گەیانووەتە مەککە.

وە لەگرا نموونەیێ لە زەحمەتی عولەما ئەنووسم خوایان لێ ڕازی بێ:

١. ئیمامی حەنەفی کە سەرمەزهەبی حەنەفییەکانە، چل ساڵ لەسەریەک دوای نوێژی عیشا نەخەوتووە و خەریکی زانین و فێر بوونی عیلم و عیبادەت بووە تا بەیانی و نوێژی بەیانی بەدەسنوێژی عیشاوە کردووە.

٢. حەزرەتی عبدالقادر گیلانی کە عالمی شەریعەت و تەریقەت بووە، هەروا نوێژی بەیانی بەدەسنوێژی عیشاوۆ کردووە تا چل ساڵ.

٣. ئیمامی شافیعی میوانی عالمێکی گەورە بووە کە قەرار بووە کچێکی لێ بخوازی، هەر ئێوارە دوای نوێژی عیشا خەوت و سەری بەرز نەکردۆ تا نوێژی بەیانی. کچەکە وتی: ئەو شەونوێژ نەکا چۆن شووی پێ ئەکەم، کە هەڵسا لە خەو ئازا نوێژەکەی بەیانی کرد و فەرمووی: ئیمشەو کە ڕاکشاوم بە دڵ خەریکی

راسۆ کردنی مەسایلی شەرعی بووم، تا بەیانی ١٤٠ مەسەلەی فیقهیم حەل کردووە.

٤. جا تۆ تەماشای بەسەرهاتی عولەما و ئوممەتی موحەممەدی بکەی زۆرتر ئەزانی کە لە ڕێی دینا چۆن بوون و چۆنیان کردووە. خوایان لێ ڕازی بێ، ئامین.

با ئێمەیش وا بین هەرتـاکوو مابـین
سەربەرزی دونیا و ڕۆژی عوقبا بین

×××

بەشی دووهەم

باسی تەق و پۆقە لە بەینی کورد و گۆڕاندا

تەق و پۆق لە بەینی کورد و گۆرانا زۆر بووە، کورد جافێکن کە دەوار نشینن، کۆچەرین، ئەو کوردانە کە خانەنشینن گۆرانن.

جافەکان بە حەیوانداری و بە خێڵەوژوور و خێڵەوخوار بەڕێ ئەچوون، بە زمسانا لە گەرمیان بوون و لە هاوینا هاتوون بۆ کوێستان بۆ هەوارخۆری و ئاژەڵداری.

زۆر بەدەسەڵات و زۆر زۆردار بوون، بۆیە شێخ رەزا وتوویەتی:

قەومینە مەچن ئێوە بە گژ عەشرەتی جافا
مێشوولـــە نەچێ باشە بە گژ قوولەیی قافا

مەریوانی کەم بوون، ئەڵێن پیاوی دەرزیانی کە لە کۆنە دێی مەریوان بووە، لە دەرزیانۆ لە دەشتی نێ و کانیسانانۆ ڕۆییوە بۆ ساوا بە شەش سەعات تا گەیونەتە ئەوێ چوار نەفەری تووش بووە بۆیە ئاوا زەلیلی بەردەسی جاف بوون.

جاف زوڵمیان لە گۆران زۆر کردووە، بۆ نموونە:

١. گۆرانێکیان گرتووە لە گەرمای هاوینا کەڕەکێکیان کردووەتە بەری و لە سێبەریا خەوتوون.

٢. ئاوی چەمی دەرەتفێیان بە جۆگە بردووە بۆ دەشتی بێلوو. ئاوی دێی پیرسەفا و کانیسپیکە و یەنگیجە و بەردەڕەشەیان خستووەتە سەر ئەو جۆگە بۆ

ئەوە لەو دەشتا لە هەرکوێ حەزکەن حەیوان بلەوەڕێنن و لەو جۆگە ئاوی بدەن. ئیتر ئەو دێهاتە لەو ئاو و زەوی خۆیانە بێبەش بوون. لە کابرایەکی بێلوویم بیست وتی: لەو دەشتی بێلووەدا مەرەزەم ئەکرد، بە بێڵەکەمۆ کیتەڵەیێ هاتە دەرۆ، وا دیار بوو کیتەڵە کەرەی زەمانی زووی جاف بووبێ.

٣. مەلا ئەبووبەکری موسەننیف چۆڕی (رحمەالله) کە لە ساڵی ١٠١٤ قەمەرییا کۆچی دوایی کردووە، رۆییوە بۆ دەشتی خاومیراوا بۆ ناو خێڵەکانی جاف کە مۆجگاری خێریان بکا و ئاشنایان کا لەگەڵ دین، دەریان کردووە و سەگیان تێ‌کردووە. ئەم مامۆستا پایەبەرزە لە کتێبەکەی خۆیا کە ناوی «تەبەقاتی شافیعی»یە ئاوای نووسیوە.

٤. ئەو جافانە حەیوانیان ئەکردە ناو خەلەی گۆران،کە ئەڕۆیین بۆلای گەورەکەیان بۆ شکات، ئەیوت: ئێمە ساقەکەی ئەخۆین و ئێوە دەس بگرن بە گوڵەکەیۆ با نەیخۆین.

٥. قەدیمییەکانی مەریوان ئەڵێن: کوردە جافەکان لە خێڵەژوور و خێڵەخواردا گۆرانیان تالاّن کردووە و هەرچێکیان بەرپەڵ کەوتایێ ئەیان‌برد، لە نەختینە و مس و فەرش و پێخەف و ئاژەڵ، وە زۆر بە ئازاییان ئەزانی. نەچێیی ئەیانوت: ئێمە بیرێ لەناو دێکەمانا بوو کە جاف بە دەورمانا بوایە هەرچی مسمان ئەبوو ئەمان‌خستە ناو ئەو بیرە لە ترسی جاف.

٦. وەکوو لە ناسرخان کانی‌سانانم بیستووە لە رووی کتێبۆ باسی کرد، حاجی هەیەربەگ (حیدربگ) لە دەورووبەری ساڵی ١٢٩٠ قەمەرییا لە ئاوایی دەرەتفێ لە دەوری خسنەکەی کابل مەریوانا لەگەڵ نۆکەرێکی تووشی حەمەی ئەحمەدبەگی جاف ئەبێ بە شەش سواری تفەنگ بەدەسۆ، ئەڵێ: هەیەر دەرپێ کوڵ تۆ گەرەکتە تەرکی ئەم وولاّتە کەی بە ئێمە؟ ئەبێ بتکوژم، هەیەربەگ زۆر ئەپاڕێتۆ وازم لێ بێنە و مەمکوژە، هەر واز ناهێنێ تا ئەونە زۆر ئێنێ بۆی، هەیەربەگ بە قنگەشەڕ خۆی ئەخاتە ناو خسنەکەی کابل، ئەڵێ: لەبەر خاتر ئەم شەخسە وازم لێ بێنە، ئەویش هەر واز ناهێنێ، خۆی و نۆکەرەکەی یەک تفەنگیان

پێ ئەبێ، لە ناچارییا خۆی یا نۆکەرەکەی، حەمەی ئەحمەدبەگی جاف ئەکوژن. سوارەکان رائەکەن بۆ ناو خێڵەکەی خۆیان لەبەر دێی «بەرقەڵا»، لەویا کانییەک هەیە بە ناو «کانی حەمەی ئەحمەد جاف» کە هەوارگەی خۆیان بووە. پیرەژنێ پیر و کوێر لەو خێڵە جێ مابوو بەناو «نەنە خاتوون» کە ماڵی لە بەرقەڵا بوو ئەیوت: من لەبیرمە کە لەگەڵ ئەو خێڵا لەسەر ئەو کانییا گەورە کچ بووم لە دەوری دەواری حەمەی ئەحمەدبەگا دوازدە ئاخوڕیان بەستوو، دوای کوشتنی حەمەی ئەحمەدبەگ دونیا لە هەیەربەگ تاڵ بوو، هەیەربەگ لە ترسا بە ماڵۆ ئەڕوا بۆ هەورامان، پەنای ئەدەن تا ماوەیێ زۆر، وە جافەکان ناتوانن هیچ تۆڵەیێ کەنۆ. دوای بەینێ حاجی هەیەربەگ بە ماڵۆ یێتۆ بۆ مەریوان. جا با بزانین کە حاجی هەیەربەگ پیاوی لێهاتوو و بەدەسەڵات و ژیر و بڕوا پێکراو بووە، نوێنەری کوردی مەریوان و دەوروبەری بووە، لە تاران مەعاش و بەرهەمی ساڵانەی دوازدە تمەن بووە، هەیەر بەگ یەکێ لە شەش کوڕەکان ئەسکەندەر بەگ دەرەتفێ بووە، کە زووتر لە دێی «نونو»وا بوون، ئەوانی‌تری ئەمانەن:

١. فەتالی بەگ باوکی فەتالی‌بەگی.
٢. حەمەکەریم بەگ باوکی حەمەکەریم‌بەگی.
٣. حسەین قولی بەگ باوک بەگەکان بالک.
٤. حەمەد بەگ باوک بەگەکان گوێزەکوێرە.
٥. حەمەڕەزا بەگ باوک بەگەکان بەیەڵە و لەنجاوا.

وە هەیەربەگ بە حەوت پشت ئەچێتۆ سەر «کەلب عەلی‌خان» کە ماڵی لە خەڵووزە بووە و وەکوو مەرزەبانی ئێران وابووە. لەو سنووری ئێرانا قەبری وا لەخەڵووزە کە لەو وەختا دێیەکی باش بووە و ەکوو ساوجی ئێستا. حەوت پشت بە قسەی قەدیمی هەر پشتێ سی (٣٠) ساڵی پێچووبێ ئەبێ بەینی ئەسکەندەربەگ و گەڵباخی‌خان دووسەدودە (٢١٠) ساڵ بووبێ.

بەشی سێهەم

باسی خانئەحمەدخان و کارەکانی

(شەڕ خۆش نیە شەڕنامەی خۆشە)

خانئەحمەدخان ئەردەڵانی لە بەختا لەدایک بووە، یانێ لە ١٠٠٢ قەمەرییا، لە کەچبەختا شێت بووە یانێ لە ١٠٢٥ قەمەرییا، لە غەمهادا تیاچووە یانێ ١٠٤٦ قەمەرییا. کە خۆی داوە بەدەم ئاوەکەی زەڵمۆ.

ئەمە مەلا عبدالله «شەیدا»ی تووتمەری مەریوانی لە کتێبی «سەلاتینی هەورامان»دا نووسیویەتی، زۆر شتی سەرسوڕهێنەری وا تێدا، ئێوەش سەرنجی بدەن و موتالای بکەن.

خانئەحمەدخان زۆر ئازا و نەترس و لێهاتوو و کوڕە خاسە بووە. شاعەباسی گەورە کچێکی پێداوە بەناو کلاوزەڕخانم. مەرزەبانێ باش بووە بۆ بەرزی وولاتی ئێران، سەرسەختەکانی هێناوەتە سەر هێڵ. هەر لە شاری سنەووَ تا ئازەربایجانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە نزیکی خاکی رووسیەدا تووشی قەڵای مەحکەم بوون، دەوریان داون تا چوار مانگ خۆیان نەیاوە بە دەسۆ، زەخیرە و تفاقیان تەواو بووە، بۆ تەگبیر و راکردن لەگەڵ سەرۆکەکانی لە لەشکرەکەی دوورۆ کەوتووەسۆ، ژنێ قسەخۆش و قەشمەرەیان تووش ئەبێ، ئەڵێن: دادە نازانین بۆچی ئەم قەڵامانە بۆ ناگیرێ؟! ئەویش ئەڵێ: دەلیلی بێکارەیی خۆتانە، من لەو قەڵا مەحکەمتر بووم شووەکەم نەترس و کوڕەخاسە و ملهۆڕ بوو، خۆی پێوەنا و گرتی. قسەی ئەو ژنە ئەبێ بە غیرەتی گەورە بۆیان و پەشیمان ئەبنۆ لە راکردن، ئەڵێن: «زدن مردی و گریختن مردی» دەسێکیان پیا بێنین. جا ئەڵێن: دادە تۆ بزانی لەکوێوە ئەتوانین ئەو قەڵابگرین؟ ئەڵێ: لەو پلانۆ بۆی سەرکەون. بە قسەی ئەو ژنە لەو پلانۆ سەرئەکەون و ئەیگرن.

دادە ئافەرین لەبۆ تەگبیرت
خانت تەکان دا بە بیری ژیرت

خان‌ئەحمەدخان قەڵای زۆر و مەحکەمی دروس کردووە و سەرلارەکانی راسۆ کردووە، لەو زەمانا هەر ئوستانێ شایێکی بووە. خان‌ئەحمەدخان شای ئوستانی کوردستان بووە و شای هەموویان لە پاتەختی ئەسفەهان یا تاران بووە، پێیان وتووە: شاهەنشا. جا ئەم خان‌ئەحمەدخانە کوڕی هەڵۆخانی ئەردەڵانە کە پاتەختی لە «پاڵنگان» بووە. خان‌ئەحمەدخان چوار قەڵای بووە بۆ چوار وەرزی ساڵ: قەڵای حەسەناوا بۆ بەهاری، قەڵای پاڵنگان بۆ هاوینی، قەڵای زەڵم بۆ زستانی، قەڵای مەریوان بۆ پاییزی، بۆیە پێیان وتووە زەڵم جێی زەڵەمە و زۆردار بووە لەبەر خۆشی جێگە و زۆری ئاوەکەی.

١. قەڵای حەسەناوا کە دەوروپشتی هەر سەنگەر و ئاوو کانی و دار و درەختە. بۆ درێژی ئەم باسی خان‌ئەحمەدخانە تەماشای کتێبی «سلاتین هەورمان» بکە.

٢. قەڵای پاڵنگان کە پایتەختی هەڵۆخان باوک خان‌ئەحمەدخان لەوێ بووە لە شاری سنەووَ زۆر دوور نیە.

٣. قەڵای مەریوان لای دێی بەرقەڵا، جا خوار و ژوور بە تەرتیب سێ قەڵان: قەڵای زیندانە کە بیرێکی تیا بووە و بۆ زیندانی بەکار هاتووە. قەڵای هەماراو، کە ئاو و موهیمماتی زۆریان لەویا داناوە. قەڵای دامادە خاتوون کانی‌باو مزگەوتە سوورە وا لەبەر قەڵای هەماراوا و بە خشتی سوور دروس کراوە بۆیە وا ناو نراوە، ئێستەیش خشتی زۆر وا بە دەوروبەریا، جا ئەو مزگەوتە وەکوو مامۆستا «عبدالکریم» رەحمەتی‌خوای‌لێ بێ، لەکتێبی «علمائنا فی خدمة العلم والدّین» باسی کردووە، ئەمیر حەمزەی بابان بۆ کابلی مەریوانی دروس کردووە و لەوێ چەن ساڵ مودەڕڕیس بووە، جا رۆیوە بە ماڵۆ بۆ «نۆڵۆکە» دێیەک بووە لە دێکۆنی ئێستەی دەرەتفێ، ١١٠ ساڵ بەر لە مەلا ئەبووبەکری رەحمەتی. وە قەڵاکە هەر بەدەستی بابانییەکان روخاوە و چۆڵ بووە و هەر بە داخی ئەو قەڵاوە ئەم شیعرە فۆلکلۆرە وتراوە:

قەڵای مـەریوان پـاڵم دا پێوۆ
قەڵاکەم ڕۆخا ڕوکەم لە کوێوۆ

جا هەڵۆخان ئەردەڵان ئەو مزگەوتەی تازە کردوەسۆ بۆ «مەلا ئەبووبەکری موسەننیفی چۆڕی» ڕەحمەتی‌خوای‌لێ بێ. وە ئەو شیعرە بەسەر درگای مزگەوتەکەوە نووسراوە:

مسـجدی عـالی هلوخانی
حیفش ان است زود شود فانی

وە مووشڵەی پێ بەخشیوە بۆ خەرجی خۆی و فەقێکانی، ١٨ ساڵ لەو مزگەوتە سوورە ئەو مامۆستا پایەبەرزە مودەڕڕیس بووە و کتێبی زۆری نووسیوە، بۆیە مەشهوور بووە بە موسەننیف، زۆرترینیان لەو مزگەوتا نووسیویەتی.

لە کتێبە دانراوەکانی مەلا ئەبووبەکری چۆڕی ئەوانەی وا پێمان گەیشتبێ و ناویشی بۆمان ئاشکرا بێ حەوت دانەن:

١. «وضوح» کە چوار بەرگە و شەرحی کتێبی «محرّر»ی ئیمامی رافیعییە لەشەرعی مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا _خوالێیان‌رازی‌بێ_ وە ئەو کتێبە زۆر مەسەلەی وا تیا کە بۆ ئەم وڵاتی ئێمە زانینیان زۆر لازمە. ئەم کتێبە بە زمانی عەرەبی ئاسان دانراوە و مەلا ئەبووبەکر لە مزگەوتە سوورەی مەریوان دایناوە و ئێستە وا بەدەس مەلاکان ئەوقافی شاری سلێمانییۆ کە هەر مەلایەک بتوانێ بەشێکی ئامادە بکا بۆ چاپ و بیکا بە «پایان‌نامە»ی دانشگا کە خۆیان پێی ئەڵێن «کلیه شرعیه»، بۆی حیساب ئەکەن. وە بەشی ئەووەڵی کە مەلا مەحموودی کوڕی مەلا عبدالله ئارمەردەیی ئامادەی کردووە و وێنەکەی لای من دەس دەکەوێ.

٢. «سراج‌الطریق»کە لە ساڵی ٩٨٥دا نووسراوە بە زمانی فارسییە و ڕێک و ڕەوانە و باسێکی عیرفانییە و چاپ کراوە و لە هەموو لایەک دەس دەکەوێ.

٣. «ریاض‌الخلود» بە زمانی فارسییە و لە ساڵی ٩٨٩دا نوسراوە و چاپیش کراوە کە هەمووی حیکایەت و پەند و ئامۆژگارییە.

٤. «آفتاب» هەمووی ٢٦ دەسە شیعرە لە لە حەرفی ئەلیفەوە دەس پێ دەکات وە چاپ کراوە. کە لە ئاخر هەموو دەسە شیعرێکەوە ئەم شیعرە دووبارە کراوەتەوە:

یانبـی رد مکن بـضاعـت مـا
سعی فرما ی در شفاعت ما

٥. «طبقات الشّافعيّه» کە باسی تاریخی و ریزبەندی زانایانی شافیعییە، وە هاوزەمان بوون لەگەڵ یەک، ئەم کتێبە لە بەیرووت و بەغدا چاپ کراوە و وێنەیەکی لای من هەیە.

٦. «سراج التّاريخ» وەکوو لە ناوەکەیۆ دیارە باسی تاریخی ئیسلام ئەکا کە ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلامی تێدایە هەر لە لەدایک بوونیۆ تا وەفاتی، وە چۆنیەتی سەرکەوتنی دینەکەی و پەرەسەندنی لە کوردەواریدا و لە کوێ حکوومەتی ئیسلامی بووە و کێ ئەم حکوومەتەی بردووە بەڕێوە و لە کوێ بوون و چۆن بوون، زۆر بەداخەوە کە ئەم کتێبە فەوتاوە، زۆر بە کزی و لاوازی ئەپاڕێمەوە لەو خوشک و برا موسوڵمانانەی کە هەواڵی ئەم کتێبە ئەزانن بیخەنە دەسمان تا بەڵکوو بیخەینە بەرچاوی خوێنەران کە فەخرە بۆ ئیسلام و کوردستان.

٧. «تذکرة السلاطين» ئەمەیش کتێبێکی تەئریخییە و باس ئەکا لە سانەکان هەورامان کە چۆن بوون و لەکوێ بوون هەڵسووکەوتیان چۆن بووە بۆ خۆیان و خەڵک. وە مەلا عبدالله، شەیدای تووتمەری لەو کتێبە کتێبی سەلاتینی هەورامانی دەرهێناوە و چاپیش کراوە. حەیف زۆر حەیف ئەم کتێبە ئێمە بزانین فەوتاوە و تاقە کتێبێ لەوە بە دەسۆ بووە کە یەکێ لە ئینگلیسییەکان بە پووڵی زۆر سەندوویە و بردوویە. جا تکا ئەکەم لە کەسێ کە ئەم کتێبەی لایە نەیشارێتۆ بیدا پێمان با چاپی بکەین و تۆشە بێ بۆ قیامەتی.

ناوی ساڵح بەی رەحمەت ئەبارێ
نەک تەنیا جارێ بۆ هەموو جارێ

وە بێجگە لەوانە هەرکتێبێکی‌تری مەلا ئەبووبەکری رەحمەتی لاتان هەیە کەرەمی کەن تا بیاندەین لە چاپ.

جا کە مەلا ئەبووبەکرلە مزگەوتە سوورە نەماوە باری کردووە و رۆیشتووە بۆ دێی «مووشلە» کە دێیەک بووە لەباتی «نژمار»ی ئێستا، دوای سالێ هەلۆخان رۆییوە بۆ دیدەنی، بەردێ بووە کە چرای بەسەرۆ داناوە و چراکەش رۆنی نەماوە و هەر گڕاوە، ئیتر چۆڕ و نەنەی بە مولکی پێ بەخشیوە و دوای سالێ موسەننیف چۆری ئاوەدان کردووەسۆ و لەو دێ بووە تا سالی١٠١٤ قەمەری فەوتی کردووە و مەرقەدی موبـارەکیش وا لەوێ.

مزگەوتە سوورەی مەریوان ئیمامێکی بووە بەناو سەیدئەحمەد ئەنباری، ئەنبار شارێ بووە لە باشووری بەغدا و ٤٠ کیلۆمەتر لەوێوە دوورە و وا لەلای بەحری دیجلە کە زووتر پاتەختی عێراق بووە.

٤. یەکێتر لە قەلاکان خان‌ئەحمەدخان قەلای زەلمە کە لەویا بە بەرد بەنداوێکی دروس کردووە کە مەنعی ئاوی زەلم بکا لە شارەزووری کە دیوار و شوێنەواری هەر ماوە و وا لەبەرچاو هەموو رێبوارێکا. وە لەوێ بە تەمووی شاخێ بەرزۆ غارێ هەیە کە خەلک بە گوریس خۆیان دائێلن بۆ ناوی و لەناوەوە چوارگۆشەیێکە حەوزێکی وا تیا پڕە لە ئاو، نە کەم ئەکا و نە زیاد. بیستوومە لە خەلکی زەلم کە خان‌ئەحمەدخان لە زەلما خەرج و باجی زۆر سەندووە لە شارەزووری، وە ئەگەر ئاوی زەلمیشی پێ‌دابن بە تەماع و پارە بووە. «قەلاخانی» کە جێیەکی زۆر خۆشە لە خاکی «دەرەوکێ» لە مەرزی عێراق لە نزیکی کەماجاڕ و لە پشتی دێی زەلم بەرەو باکوور، کە خان‌ئەحمەدخان زۆر لەوێ ماوەتەوە و ئێستەیش بەهاران جێگای سەیران و کەیف و سەمای خەلکی مەریوان و هەورامانە، هەورامی ئەلێن: هەر لەبەر خان‌ئەحمەدخانە کە پێی ئەلێن «قەلاوخانی».

خان‌ئەحمەدخان دوو قەلایشی لە هەورامان بووە:

١. قەڵای پیرڕۆسەم، کە چێشتخانەی ئەو قەڵا لە «حەوش و بارانی» بووە، کە کانییێکی زۆر خۆشە لە بەینی دێی «دەرەوکێ» و «دەمەیەو»، ئەڵێن ئەونە نۆکەری زۆر بووە بە دەساودەس لەوێوە چێشتی گەرمیان گەیاندووەتە قەڵای پیرڕۆسەم. بەڵام ئێستا حەوشوبارانی ماڵی تیا کراوەسۆ و ئاوابییەکی تازەیان دروس کردووە هەر بەو ناوۆ، وە کانی و ئاوەکەی وەک جاران خۆش نەماوە.

٢. قەڵای پشتی ناودێ، لە باکووری شاری هەورامان، لەناو شاری هەورامانۆ دیارە، کە بەبەرزی چوار مەتر دیواری دیارە و ماوە، بە گونجی خاکی سوور بۆ ئاوی کانییەکیان بردووە بۆ ئەو قەڵا، بەو ئاوە بەڕێ چوون.

بەشی چوارەم

حەسەنبەگی کانیمیران

یەکێتر لە دەرگیری لە بەینی کورد و گۆڕاندا

دوای ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی جەناب حەسەنبەگ کانی میرانی کوڕی- حەمەکەریمبەگ برای حسەینبەگ بێلوو، چوار ساڵ لە پێش رووس و گیرانەکەدا لە ساڵی ١٤٣٠ قەمەریدا ئەکەوێتە خەیاڵی ئەوەکە نەهێڵێ لە مەریوانۆ جاف بێن بۆ ئێران، لە زستانا ئەکەوێتە گەڕانی دێهاتەکانی مەریوان و هەورامان و کۆماسی و گەڵباخی و دێی لێ دەرناکا، قەولیان لێ ئەسێنێ کۆمەکی بکەن لە نەهاتن جافا بۆ مەریوان، وە هەر دێیێ تفەنگچییێکی بۆ بەنێرێ، تفەنگچی بالک حەمەمەلا بووە کوڕی مەلا عبدالصمد هەجیجی بووە.

وەکوو لە حاجی حەمەل باشماخییم بیستووە و خۆم حەمەمەلام دیوە و وا ئەزانم لە ساڵی ١٣١٨ هەتاوی لە عومری ٨٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. زۆر قسە خۆش و شۆخ بووە، دوو کچی لێ بەجێماوە خەجێ و خۆشی و هاوعورین.

حەسەنبەگ دەنگ ناکا تا لە ئاخر مانگ بەهارا جافەکان لە دەشتی پێنجوێن و قزڵجە کۆ ئەبنۆ بە نیازی ئەوە لە مەریوانۆ بێنە ئێران. حەسەنبەگ ئەو تفەنگچییەیانە کە زستان قەولیان پێ داوە جەم ئەکات وە لە هەردی کانیمیرانۆ تا

بەردە بووکەکان و تا جەژنی ئاوا تا شەخسەکەی حەوتەوانان بەبێ بەین سەنگەربەنی ئەکا و ئەنێرێ لە شار سنەوۆ لۆتی و سوڕنا و دهۆڵ ئێنن لەسەر تەپێکا لەو ڕێگەیانا بە شەو و ڕۆژ دهۆڵ و سوڕنا ئەژەنن. ئیسەیش تەپی سوڕناودەهۆڵکە مەشهوورە. ئەمجار ئەنووسێ بۆ گەورەی جافەکان خالۆ حەمەمینی سەلیم: ئێمە ئیمساڵ نایێڵین جاف لە مەریوانۆ بێن بۆ ئێران بگەڕێنۆ با نەتان کوژین، بە ناونیشانی تەپی سوڕناودەهۆڵەکە.

جا حەمەمین سەلیم بە هەڕەشەوۆ ئەڵێ: حەسەنە ورگن چۆن ئەتوانێ تەرکی ئێران بکا بە ئێمە. جا سووارە و تفەنگ بەدەسەکان جاف قوو ئەپێکن و قوڵ ئەنێن و یێن بۆ سەریان لە ڕاسەڕێی دەشتەکەوە ئێنە بەردەسیان تفەنگچییەکان حەسەن بەگ دەس ڕێژێکیان لێ ئەکەن لە جێوە ١٥٠ سواریان لێ‌دائەخەن، باقییەکەیان بە ڕۆڵەڕۆ باوکەڕۆ و براڕۆ بە مەیت و برینداره‌کانۆ ئەڕۆنۆ بۆلای حەمەمینی سەلیم. ئەویش دووئەونەی‌تر داخ ئەچێ بە دڵیا و تووڕە ئەبێ و لە نۆبەی خۆیا لەگەڵ چەن سواری کوڕەخاسە و تفەنگ‌چی لە بنار و ناو داری باشماخ و ساواوە ئێن بۆ سەر هوردووی حەسەن‌بەگ کانی‌میران، کە نزیک ئەبنۆ تەقەیان لێ ئەکەن ١٢ سواریان لێ دائەخەن کە یەکێکیان حەمەمینی سەلیم ئەبێ، جا بە ڕۆڕۆ و بە مەیت و پێکراوەکانۆ ئەگەڕێنۆ بۆ پێنجوێن.

ئەو شکستە خواردیان ئیتر ڕایێ‌تر نەیان‌توانی جاف لە مەریوانۆ بێن بۆ ئێران، جا مەریوان بۆ هەمیشە نەجاتی بۆو بەدەس شەڕ خێڵەجافۆ.

با بزانین میوانداری حەسەن‌بەگ و کانی‌میرانی بۆ ئەو میوان و تفەنگ‌چییە بە ریزان چۆن بووە: حەسەن بەگ دەوڵەمەن بووە و وتوویەتی بە کانی‌میرانی: ئێوە نانیان بۆ بکەن و چێشتیان بۆ لێ بنێن، هەرچێکتان ئەوێ لە ماڵ ئێمە بیبەن، کانی‌میرانی هەرکامیان تفەنگ‌چی بووە، شەڕی کردووە باقییەکانیان بە ژن و پیاو و گەورە و بچووکۆ خزمەتیان کردووە بەو میوان و تفەنگچییانە، جا دوای ئەو شەڕە کانی‌میران ناوبانگی دەرکردووە بە دەروازەی مەریوان. با بزانین زووتر بە کانی‌میرانیان وتووە «گەیگەچان».

ئەم باسی حەسەن‌بەگ و کانی‌میرانە لە کاکە حەسەنی کوڕی مەحمووی عبداللەی کانی‌میرانیم بیستووە لە ماڵی خۆیانا لە مەریوان لە هەوەڵ مانگی زستانی ساڵی ١٣٧٥ شەمسی، جا ئەویش خۆی لە عبدالله باوەگەورەیۆ بیستووە کە عبدالله خۆی کانی‌میرانی بووە و لەو شەڕی حەسەن‌بەگا تفەنگچی بووە ، کە حەسەن لە ناوخۆمانا بەناوبانگە بە حەسەن خولە عەبە.

تەواو بوو

ڕۆژی ١٤ خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی

بەشی پێنجەم لە تەئریخی بە نرخ باسی بالک

بسم الله الرحمن الرحيم

حەمد و سەنا بۆ خوایە کە فەرمویەتی : مـن خـەزێـنەیـە شـاراوەبـوم کـەس نەیەناسیم خەڵکم دروست کرد تا بمناسن وە سوپاس بۆ خوای گەورە کە گرۆی بەشەری جیا کردونەسۆ کە عەقڵ و شوعوری پێ داون . وە تەکلیفی ناوەسە سەر شانیان ڕەهبەری بۆ ناردوون کە لە هەڵە بیان پارێزێ بیان خاتـە سـەر ڕێـگەی ڕاس کە سەربەرزی هەر دو دونیا بن . وە ئەو ڕهبەرانە پێغەمبەرانن وە جێگەداری ئەوانن عالم و زاناکان لە دیندا .وە هەر کەس پەیڕەوی لەوان کا شەریکی ئەوانـە لە هەمو خێر و بیرێکی دونیاو قیامەتدا .

سەلام وڕەحمەتی خوا لـە سـەر هـەمویـان تـا دونیـا تـەواو ئـەبـێ. وە بـاقی گیانداره‌کان و بێگیانەکان کۆمەکی ژیانی خۆش‌گوزەرانی بەشـەرن بـەتایبـەت ئەوانەی کە نەشنو نومایان هەیە. هەمو گیـان دارەکـان وەهـا دروس بـوون کـە هەمیشەو دایم موحتاجن بە خواردن و خواردنەوەو هەزمی ئەمانە . وە بـە مـاڵ و خەو و جێ خەو و ئیستراحەت و کەسابەت و سیاحەت وماننو حەسانەوە ئەمانـە گشتی بۆ سەرکوت کردن بەشەرە کە هەمیشە خوای لە بیر بێ کـە ئـەم هـەمـو نێعمەتەی بۆ ناردووە کە سوپاس بکا کە بەردەوام زیادیان بکا بۆیان . وە لە عیلمە بە نرخەکانە زانینی تەئریخی پێشوەکان بـۆ ئـەوە لـە خواسـتەکانیـان دەرس و مۆجگاری وەر گرین وە لە خراوەکیانیان عیبرەت و نەفرین . وە بۆ هەمو کـەسـێ زانینی ئەم تەئریخە لازم و بە کەڵکە کە فێری خەڵکیتریـشی بکـا . وە مـنیش بەش بە حاڵی خۆم بازێ لە تەئریخی ئاو و خاکی بالـک و میللـەت و مزگـەوت و مەلا وفەقێی بالک ئەنوسمەوە . بە تەمام لە ناو بردن ئەوانە خێر وبەرەکەت بڕژێ بە سەرما کە خۆم بە قەرزار ئەزانم کە نەینوسم . کە خۆم لەوێ لە دایک بووم لە ساڵی ١٣٠٥ شەمسی لەوێ بە خێو بووم وە لەوێ خوێندومە تا سەرەتایی وە تـا چووم بۆ فەقێیەتی تا هاتومەتو بۆ خوێندن بۆ بالک وە لەوێ لە خزمەت باوکما لە ساڵی ١٣٣٠سێ نەفەری ئیجازەمان وەرگرت مەلا موحەممەد بـەداغـی و مـەلا

یۆسفی فەتتاحی ڕەفیقی و من . وه له دوای فەوتی باوکم که سالّی ١٣٥٠ بوو ده١٠ سالّ به تەوفیقی باشۆ مەلای مودەڕریس و پیش نویژی جومعەو جەماعەتی بالک بوم .
وه ئیسەش له هەر کوێ بم دلّم هەر هالەگەلّ بالکی وه خۆم به شەریکی خیر و شەڕو شادی و شیوەنی ئەوان ئەزانم . خوا سەربەرز و شان بەرزیان بکا میللەتی زۆر نەجیب و کاسب و به دین وجیاوازن له خەلّک

(میللەتی بالک)

بالکه کۆن له بنەڕەتدا دوو مالّ له بنەمالّەی (میروەیس) و (قەیخاوەیس) ن ئاوەدانیان کردووه سۆ . که دارسانی چڕ و پڕ بووه . به ڕەسمی ئەو ڕۆژە به ڕەشه مالّ یانێ به دار له لای کانیوەزمەکه دو مالّ فەقیرانەیان دروس کردووه . به نیرگەو و کۆلّەکەو دەسەک و خیزەرو گورگەو گەلّا خانو که له لای مالّه کانا جەمیان کردووه . که بالکه کۆن کەم خیر و بیر و کەم ئاو بووه دوای سێ سالّ ئەو دوو مالّه ئەم بالکه تازەیان ئاوەدان کردووەسۆ که دارسانێ چڕو پڕ بووه . شەش کانی به دەورا بووه . میروەیس سێ برا بوون (میروەیس ، باپیر ، باوەیس) میروەیس کوڕیکی بووه عەبەی میروەیس ئەویش چوار کوڕی بووه به تەرتیب (یاره ، حەیبەلّلا ،ڕەحا ، ئەحلێ) باپیر یەک کوڕی بووه حەمەکەریم ئەمیش دوو کوڕی بووه (حەمەعەلی و رەحمان) حەمەعەلیش سێ کوڕی بووه (سۆفی سەعی ، حاجی حەمه تۆفیق، سۆفی رەشید) باوەیس یەک کوڕی بووه دەرویش فەرەج ئەمیش سێ کوڕی بووه (دەرویش عەلی و وەلی و حەمه) قەیخا ووسەین پینج کوڕی بووه بەم تەرتیب (کاکه حەمه ، خالّۆ کەی خەسرەو ، ڕەسول ، ڕەحمان ، مسەفا) کاکه حەمه یەک کوڕی بوو به ناو کەریم له زەمان ڕوسەکەدا سالّی ١٣٣٥ ڕوس شەهیدی کردووه له دواییدا خوا کوڕێ تری پێ دا به ناوی عەبه. خالّۆ کەیخوسرەو دوو کوڕی بووه به ناو هەسەن و حوسەین . سۆفی هەسەن سێ کوڕی هەیه (حەمه ، عەبه ، مەحمو . حوسەین له هەرزەکاریدا به سواری مایین دابووی له ئاوەکەی دەرزیان ئاو بردی و مرد .

ڕەسول دو کوڕی بووە جەلیل وخەلیل . جەلیل کوڕێکی بوو کە ڕەفێق من بـوو بـە ناو ڕەحیم . کچێکی لێ بە جێ ماوە بە ناو مریەم ژنی حەمەولییە لە بەرقەڵا یـە . خەلیل لە بالکا کچ و کوڕی زۆر بوو ژنەکەی لە سەییدەکانی بەرزنجە بوو بـە نـاو خەجێ بە ماڵۆ ڕۆیین بۆ بەرزنجە ئیتر خەبەریان نازانم . ڕەحمان کـوڕ قـەیخـوا ووسەین دو کوڕی بوو (حاجی حەمەومین و حاجی حـەمـە سـەعـی) مـسەفـا کوڕێکی بو بە ناو حەمە . ئەمانە هەر یەکێ سێ پشتم بۆ نوسیون ئیتر بە سە . جا کەم کەم خەڵکی تریش هاتوون بۆ دەور ئەو دو ماڵە کە بالک تازەیـان ئـاوەدان کردووەسۆ لە زەندی و غەیرە زەندی . وەکو لە قەدیمی بالکم بیستووە ئەوانە کـە زەندی بوون وە هاتوون بە ماڵۆ بۆ بالک خێڵ قەیخا ووسەین، خـێڵ حـەمـازیز ، خەلیفە عە بدوالله ، حەمە ڕەحیم وەنەوش ، حەمەی خاڵە بوون . وەکو لەم کتـێبا باسیان ئەکەین . هەمو بە کەڵک و باش بوون بۆ بالکی وە دانیشتوی بالـک . کـە سەرجەم تماشای ئەم کتێبە بکەیت بۆت دەرئەکەوێ کە بە بێ بەیـن میللـەتـی سەربەرزی بالک سەو پەنجا ساڵێکە کە ساڵی (١٣٨٩)یە بـە هـەمـو هـێزێکۆ خەریکی خزمەتی مزگەوت و فەقێی بالکن وە بە بۆن ئەو خزمەتۆ لە هەمو لایەکۆ فەقێ هاتوون بۆ بالک لە تەواوی کوردەواری ئێران وئێراقۆ ئەیانناسن و ناسراون لە بیارەی شەریفە بوم دوو مەلای پشدەری هاتبون بۆ زیارەت بیارە یەکێکیان بە ناو مەلا عەبدوالله کە لە تاییفەی مەلا عەبدواللەی بەیتوشی بو . ئەویشیان بە ناو مەلا موحەممەدی ڕەش کە لە بالکا خوێندبوی لە خزمـەت مامۆسـا مـەلا بـاقردا ئەونە حوڕمەتیان ئەگرت لە من تەرێق ئەبوموکە سەربەرزی بو بۆ خەڵکی بالک .

بالک چۆن ڕێ کەوتووە

وا لە جنوبی شاری مەریوانۆ کە لە دە کیلۆمەتری جادەی سـەوڵـاوا و مـەریـوان قەراری گرتووە چواردەوری بالک ودێهاتەکانی دەور و بەری بە تەرتیب ئەمانەن لە شەرقۆ سەرکەل و وەسنەیە لە شیمالۆ گوێزەکوێرە و لەنجاوایە کە کێوێ بەرز بە ناوی بەڵخە چەرمۆ وا لە بەین بالک و گوێزەکوێرەدا خۆرەتـاوەکـەی بالکـەو نزارەکەی گوێزەکوێرەیەو ئاو دارە ڕشتە کێوەکەی لە کـانی دار مازوارۆتـا کونـە

مشکاوی لەنجاوا لە غەربەوە بەیەڵەیە و بەرقەڵاو ڕیخەڵانە . لە جنوبۆ چەم گەورەی زرێبارو دەرزیان و نژمار و شارانی‌یە . ئەڵێن لەوەو پێش دێی بالک لە کلکەی خەزێنەکەی بالکا بووە بە قسەی قەدیمی پیرەژنێ لە شارەزور توشی بالکی بووە ووتویەتی : من مناڵ بووم ماڵمان لە کلکەی خەزێنەکەی بالکا بوو کانی و توویەک لە چەمەکەدا بوو . بەردە نوێژێ گەورەو پان لە سەر ئەو کانیا بوو بۆ ئاو ئەڕوێن بۆ ئەو کانی‌یە . وە لە کلکەی خەزێنەوۆ ڕێگەیە ڕۆیی‌وە بۆ بەرقەڵا بە ناو ڕوسەری کە ئیسە شوێنەواری دیارە . ئەو وەختە بەرقەڵا مەرکەزی مەریوان بووە . بۆ حاکمی ئەردەڵانیەکان . بالک هەردوو ناودارو دارسانی زۆر تر بووە وە بەکەڵکتر بووە لە زەویوو زار و کێڵگەی کە ئەو هەردە خزمەتێکی تەبیعەتی بوو وە هەیەتی وە ناوداری وا لە ژورۆ . وە زەوی و زاری وا لە خوارۆ وە، ئەو هەردو دارسانە بەش بەش کرابوو بە ناو ئەهلی ئاواییدا بە ناو گەڵا جاڕ . هەر کەسێ پاسی بەشی خۆی ئەکرد وە ئیسە یەک سەرە ماڵ جەنگەڵبانی‌یە ئیدارەی بۆ داناوە بە ناو جەنگەڵبانی کە پاسی ئەکا .

ئاو و خاکی بالک

ئەتوانین ئاوو خاکی پاکی بالک بکەین بە پێنج بەش .

١-یەکەم بالکەکۆن لە ڕۆژ هەڵاتۆ . لە ملەی سەرکەلۆ یەتە خوارۆ بۆ تەق‌تەقەکەی سەرکەل

کە ئاوی زۆر لە بەهارا یەتە خوارۆ بە تەق تەق بەو چەما کە زۆر جوانە کفاوەکاو ڕۆشنە . ئەو چەم بالکە کۆنە بە لای خۆر ئاوادا ئەڕواتە خوارۆ تا لای گرد میر وەیس لەوییەوە ئەچێتە سەر چەم کانی یە چیاوی . ئەم بەرو ئەو بەر ئەو شیوو دۆڵی بالکە کۆنە گەڵاجاڕە . وە کە یەیتە خوارۆ لای ڕاسۆ تا سەرشانەکان پشت دێی بالک تازە تا خانە گێڵ تا گردی پشتی شەخسە و دیونەکە تا شەخسەکەیش هەموی خاکی بالکە . کۆنە خۆرە تاوەکەی دارسانەو زەوی نەرمانی تیا نیە وەلێ بازێ زەوی هەیە لەو چەما لە نزیک ئەو شەخسا بە ناو کوڕان حەمەی ڕەحیم خاتوون کە لە ژور زەویەکەوە کانی و هە سێریشیان هەس

. گوێزی چاک و بگر لە سەر ئەو هەسێرا بوو .وە ئەو زەویە ئیسە باخـە ، گوێـزە تەڕەکاڵییە . وا ئەزانم ئیستە چاومویران بێ کە لە تەق‌تەقەکەی سەرکەلـۆ بـەو دۆڵا یەتە خوارۆ لای چەپۆ زەوی سدیق ڕفیق حەمـەخانـە کـە بـازێ گوێـزی لەویادا داناوە وە لەویا نزارێ هەیە بەو نزارە گەورەداشیوێ هەیـە بـە نـاو شـیو پەڵکەکانی وە ئاوێکی هەیە ، وە لەویۆ بەرز ئەبیتۆ بۆ لوتکەی سەربەڵخ . کـێوێ بەرزە وا لە بەین بالک و شارانی و سەرکەلا . ئەو کێوە بە لای خۆرئاوادا ئـەڕواتـە خوارۆ تا چەم چەناخ‌چییان کە هەردەکـەی وا بـە دەس ئـەهلـی شـارانییۆ، ئـاو وزەویەکەی وا بە دەس نژماری یۆ وە ئەو کێوی سەربەڵـخە تـا چـەنـاخ‌چییـان نزارەکەی بالکەکۆنە خۆرەتاوەکەی شارانی‌یە . لە زەوی سدیق حەمە خان بـەرەو خوار لای چەپۆکانی و وزمەکە یە کە جۆگەیە لەوکانی و چـەمـە بـە لای چـەپـا هەڵگیراوە بۆ تووەکان ڕەحمان سەلە تا ئاوەڵ حسەین . وە تەوقێ هـەنجیـر وا لەویا وە لە خوار ئەو کانی وزمۆ تا ئەگاتە زەوی حاجی عەبەی ئەمین هەمو نەرمانو بە کەڵکە بو کشتوکاڵ . لە خوار زەویو باخ کوڕان حەمەی ڕەحیم خاتون لەو چەما بناوانێ هەڵ ئەگیرا بە لای چەپا بۆ زەوی سۆفی ڕەشیو کوران عەلی وەجە ئیـسە هەردوکیان چا و موتریان هەیە . ڕو بە نژمار لەو ڕێگەوۆ ڕو بـە قیبلـە ئـەڕوا لای ڕاس و چەپۆ هەمو نەرمانە تا لەق لەقان زەوی‌یە کە شـەخـسـێکی هـەیـە دارێ بەرزی بووە بۆ هێلانەی لەق و لەق . ئەو زەویانە وان لەویا تا کانی و شیو هەڵۆژە ڕەشەکە تا حەمە کوژیاو تا چەنا خ چی یان مەشهور بە زەوییە کان لـەق‌لـەقـان ئاوێکی بوو بۆ هەر دەوان و دەشتەوان بە ناو گۆمەکەی ساڵح سۆفی ئـەحمـەد . وە لە شەخسەکەی لەق لەقانۆ بەرەوژۆر ئەڕواتۆ گردی میر وەیس . لـەو بـەینـا جوجە سازی هەیە . وە لە خوار گردی میر وەیس وە لەو چەم بالکـەکۆنـا حـاجی عوسمان عەزیزی بیر و موتری هەیە .

سێ ڕوداوی دڵ تەزێن لە بالکە کۆنا ڕوی داوە

١- لە سەر بەڵخ گەلەدار بڕین ماڵ حاجی زەهیر ئەبێ ڕەحمان بەگـی کـوڕی حاجی زەهیریان لە گەڵ ئەبێ یەکێ لە گەلەوانەکان بـە نـاو فـەتـەی فـەرەج

گەمەی لە گەڵ ئەکا ئەویش بە گەمەوە نازانێ کە تفەنگەکەی فیشەکی وا تێدا مشتی لێ ئەگرێ و گولەکەی دەرئەچێ ئەدا لە سەر سینەی فەتەو ئـەیکوژێ .گەلەکەیان ئەشێوێ بە دارەمەیت فەتە یەننۆ بۆ پیر موحەممەد ئەینێژن فەتـە کچێکی لێ بە جێ مابوو بە ناو فاتەی فەتە بە بەراوردی تەمەنـی ئـەوکچـۆ وا دیارە ئەم کارە ساتە لە دەوری ساڵی (١٢٩٥)ش یا بوبێ .

٢- ئەحا بابە کە نۆکەر ماڵ حاجی زەهیر بو ژنێکی بو بە نـاو ئـەسـمای کچـی دەروێش کەریم تە ڵاقی دابوو بیستبوی کە ڕەشە گە ڵـباخی داوای ئـەسـما ئەکا . کە ڕەشە لە سەر کەلۆ یەتۆ بۆ بالک لە خوار ملـەکـەی سـەرکـەلـۆ لـە دەوەنێکا بۆی دائەنیشێ کە ڕەشە یەتە بەر دەسی گوللەیەکی پێوەئەنێ و ئـەدا لە ناوگەڵـی ئەکەوێ بە عەرزا ئەحا بەبە وا ئەزانێ مـردووە ، ئـەچـێتە سـەری ڕەشە گەڵباخی لە پاڵۆ گوللە یەکی پێوەئەنـێ و ئـە یکـوژێ . بـالکی ئـەڕۆن هەردوکیان بە دارەمەیت یەننۆ بۆ بالک ئەحا بابە لە پیر موحەممەددا ئەسپەردە ئەکەن دوای خۆشۆ بوون ڕەشەگەڵباخی ئەسما مارەئەکا دوو کوڕ و کچێکیـان بوو. ئەحا بابە کچێکی بوو بە ناو ئامە کولفەت ماڵ مامۆسا مەلاباقر بوو . بە بۆن ئە و کچۆ وا دیارە ئە و کارەساتە لە دە ورەی ساڵی ١٣٠٠ش یا بوبێ . ئـەحـا بابە برایەکی بو بە ناو ڕەشە بالکی لە ئاوایی ئەسراوادایە یا نەیکرد یا نەیتوانی تۆڵەی خۆی کاتۆ .

٣- پیاوێکی بالکی بە ناو حەمە فەتە لە سەر کەلۆ کە ئەهاتۆ بۆ بالـک لـە بـەر پیری عەقڵی لە دەس دابووڕێگەی لێ شێوا بوو لە شیو پەڵکەکـەدا مـرد بـوو .دوای دەڕۆژ بە کێف ماڵ دۆزیمانۆ هانیمانۆ کە کەڵکی شۆرینی نەمابوو ، (تیمّم) مان کرد و کفن و دفنمان کرد . لە پیر موحەممەدی بالکا لە ساڵی ١٣٦٥ ش

.

بەشی دووهەم لە خاکی پاکی بالک بالکی تازەیە

ئەو ماڵانە کەوان لە بەری مزگەوتەکەوە ئەووەڵ جار دروس کراون وە لەوەبەرۆ تەنیا ماڵی حاجی زەهیر و ماڵی چکۆلەی ئەولقادر بوو . ئەو ماڵانە کە هان لەو بەرۆ هەموو لەم ئاڵو گۆڕا دروس بوون . لەماڵەکان بەر شێخ برایمۆ تا ماڵەکان کلکەی خەزێنەکە .

لە بیرەوەری منا باخ لە بالکا تەنیا چەمەنە کەو هەسەن بە تاقۆ . ئەو باخان دەوری مزگەوت و حەوز و کانی خوارەوە بوو کە هەموو باخ بەگزادە بوون باخی خێڵی حەمە ئازیز بوو، باقی باخەکان گرد خاتو عاسی‌یە و پشت ئاوی بالک لە بەردە خەنەو تا پشت چەنەکەوۆ هەموی لە زەمان ڕەزا شادا دانران کە لە ساڵی ١٣٠٩ش وە یانزە ساڵ شای ئێران بوو . تا قەزای شەهریوەر ساڵ ١٣٢٠ ئەو باخانە کە لە هەمو دێهات مەریوانا دانراوون دەوڵەت زۆری ئەکرد لە قەیخای دێ ئەویش زۆری ئە کرد لە میللەت بۆ دانانی باخ کە لەو دارسانە ڕیشەی دە وەن کەنن بیکەن بە باخ . لە مزگەوتەکەوە ڕێگەیە ڕو بە قیبلە ئەڕوا بە ناو قەبرسان پیر موحە ممەددا کە خسنێ چکۆلەی هەیەلە بەر ڕێدا لە خوار قەبرەکەی ئەلی بەگۆ کە لە ساڵی ڕوسەکە ساڵی ١٣٣٥ ی قەمەری شەهید بووە لە ناو تاقی گاڕان . لە بەین ماڵ ئەحا ڕەزیەی کەیانی و شەخسەکەی پیر موحەممەددا لە خوار ڕێوۆ تەوقێ دار هەیە چوار نەفەر گوماو شەهیدی ساڵی ڕوسەکە وان لەویا .کە بە دەرەجەی غە ریب و شەهیدی کوژراوون وە لەویا نێژراون . وە لە گەڵ ئەلی بەگا کەریم کوڕ کاکە حەمە قەیخوا ووسەین ڕوسەکە شەهیدی کردوون . ئەلی بەگ دایکێکی بوو بە ناو خاتو حەنیف وادەزانم لە بەگزادەکانی بەردەڕەشە بوو. وەسیەتی کردبو کە مردم لای ئەلی بەگا بمنێن پەسەکەکەی کەن بە سەرینم بەشکو خوا بمبەخشێ کە مرد وەسیەتەکەیان بۆ بەجێ هانی . من وا ئەزانم ساڵی ١٣١٢ش بوو ئەو مردووانە کە لە بالکا مردوون بە ژن و پیاوۆ هەمویان بە ئیمان و عەمەلی ساڵحۆ مردوون کە هەمیشە لە گەڵ دین و مزگەوت مەلا و فەقێ دا بوون . مەرقەدی مامۆسا مەلاباقر و خەلیفەئەحمەد هان لە ئاخر قەبرەسانەکەوە

لای چەپۆ بێشکەیەکیان هەیە بۆ دیاری کە لەو ڕێوۆ بەرەو قیبلە ئەڕۆیی ئەم بەرو ئەوبەر ڕاس و چەپ هەمو گەڵا جار بوون کراون بە باخ کە بازێکی وەکو دارستانەکە ماوەتۆ . کە گەییت بە شەخس و دیونەکە ئیتر بالکەکۆنە . ئەو مردووانە وان لەو شەخسا بازێکیان وان لای ڕاسۆ بە بەرزیوو بازێکیان وان لای چەپۆ لە نزمییا وە لە بەین ئەوانا مردووی ناو هەموویان زۆر دەرهانی وە ئەو باخان بالکە لە بەر فرە بەشی زۆریان فەوتاون کەم کەم ئە بێتۆ بە دارسان . بە دەوری بالکی تازەدا شەش کانیو ئاو بووە ١- کانی خوارۆ ٢ – گانی حەوزەکە کە ئەو دوو کانییە کارێزن ٣- کانی شیرین کە شیرینی ژن مەلا عەبد الصمد کە ماڵیان لەویا بووە و چاودێری کردووە . ٤ – کانی حاجی ئەحمەد خەو خۆش پێنجوێنی کە ماڵی لەو نزیکا بووەو چاودێری کردووە کە ڕۆییوەتۆ بۆ پێنجوێن ماڵەکەی داوە بە مامۆسا مەلا باقر کە ئیسەش ماڵی مەلایە من لە پێنجوێن کوڕێکی حاجی ئەحمەدم دیوە بە ناو عەلی ماین ڕەش وکچێکیم دیوە بە ناو ڕەحمە . ٥- کانی گوێز ٦ – کانی ژورۆ بە ناو کانی قەیخا ووسەین کارێزە ئیسە ئەو کانیانە زۆریان بە بۆن چاو و موتور ئاویان ووشک بووە . لەو کانی ژورۆ ڕو بە شیمال لە بالکۆ ڕێگەیە ئەڕوا لای ڕاسۆ چەم و چەمەنەکەیە لای چەپیۆ ئەگات بە قەبرەسان چەن مردویەکی واتیا بەردی پان لەویا بوو وەکو جێگە سمی ئەسپ چاڵێکی تیا بوو ئەیان ووت : ئەمە جێگە سمی دوڵ دوڵی حەزرەت عەلییە کە ڕێیشی تێ ناچێ حەزرەت عەلی ڕێی کەوتبێتە ئەم ووڵاتە . بالکی ئەو بەردیانە شکان بۆ ماڵ کردنەوە . بەینی کانی ژورۆو ئەو شەخسە کە بەرز ئەبێتۆ لای چەپۆ بۆ کێوی بەرز پشت شێخ ئیبراهیم هەردەکەی هەروەک دارسانەکەی جارانە کە بە کار باخ و زەوی نایی . لە شەخسەکەی شێخ برایم سەرکەوی ئە ڕوا بە ڕوی باخەکەی دەروێش فە رەج با وەیسا . کە چەمەنەکە تەواو بوو بە لای ڕاسا شێوو ڕێگەیە ئەڕوا بەرەو ژور بۆ وەسنە کە زۆر لێژە لە منالی ئێمەدا ئەیان ووت خەزێنەیە لەویا دۆزراوەتۆ قازانێ بووە . پڕ بووە لە قران چاو ڕەش ئەو شێوە ناوی شێو خیشکەکەیە کە لەو لێژۆ دار و گەڵایان هانیوەتە خوارۆ بۆ راسایی جا بە

کۆڵ و بە بار بردویانەتۆ بۆ بالک . شمالی بالک بەڵخە چەرمووە . کە لە کانی دارمازوار ۆ ئەڕوا تاکونە مشکاوی نزارەکەی ئاو دارە بە ناوی گویزان خاکی گویزەکویرەیە خۆرەتاوەکەی کەم ئاوە خاکی بالکە وە لەو دارستانا گەڵاجاری مینە عەزەیە کانی‌یە هەیە بۆ شوان و هەردەوان لە خوار ئەوۆ زەوی و گیا جاڕی کەریم مەرجانە کە لە شیو خیشکەوە ئاوی بۆ ئەهانی بۆ ئاۆ یەری لە پاڵ ئەو زەویا شەخسە مازوارەکەیە لە بەین شەخسە مازوارکەو کانی دەرویش حەمەدا کانیە قولی‌یە کە شیخ عەبدوڵلای کوڕی شیخ ئەحمەد ئەیکرد بە تەڕەکاڵی ، کانی دەرویش حەمە کاریزە بە زەحمەت ئاوی پەیا بووە بە ئاو چەمەکەو ئەو کانیە ئاویەری چەمەنەکەیان ئەکرد لە زەمانی حەمە ڕەزا شادا لە ساڵی ١٣٥٥ کانی دەرویش حەمەیان بە لولە کەشی هانی بۆ ناو دێی بالک کە مەنبەعەکەی لە چەمەکەدا بوو ئیستەش هەر هەیە لولەکەشیە تریش کراوە کە ئاوی چای عەمیقی دێی ڕیخەڵانە ، مەنبەعەکەی وا لە پشت ئاوایی یۆ . لە کانی دەرویش حەمە بە لای چەپا سەر ئەکەوێ بەو شیوو دۆڵا هەمو دارسانە زوو گەڵاجار بووە . وە لە ژورۆ لە و چاڵا کانی و ئاوێ هەیە بە ناوو زەوی و ئاو دەرویش فەرەج باوەیس کە ئەیکرد بە تەڕەکاڵی و بیسان ،بەش ئیمەشی ئەدا زۆر خۆش بوو، لە بەرامبەریۆ گەڵا جار حەمە تەبێ بوو کە کانییەکی هەیە ئەیکرد بە تەڕەکاڵی . لە ژور زەوی دەرویش فەرەجۆ هەسیر بارام کوپیکە بەو شیوا ڕیگەیە سەر ئە کەوێ تا کونە مشکاوی بە لای ڕاسۆ ئەڕوا بۆ گویزەکویرە لای چەپۆ ئەڕۆیی بۆ لەنجاوا . لە بەهارا لە بەڵخە چەرمو بەرەو خوار لەو شیوو دۆڵانۆ تا ئەگاتە بالک ئەو چەمە ئەونە ئاوی زۆر ئەبێ تا ئەگاتە ناوو دێ چوار پردی هەیە بۆ ڕێ‌گوزەر ، یەک پردی لای کانی ژور دوو پردی لای ماڵ مامۆسا سێ پردی لای کانی شیرین چوار پردی لای حەوزەکە . کە ئەو چەمە ئەگاتە ناو دێ زۆرە ، هاژەی زۆر خۆشە وە لە گەڵ ئاو کانیەکانا تیکەڵ ئەبن وە لە خوار ناودیوۆ ئەڕوا تا چەم گەورەی زریبار وە ئەم چەمە گەورەی زریبارە سەرحەد وسنوری جنوبی بەین بالک و دەرزیانە ، لە زەوی مزگەوت کوڕان سۆفییۆ بەرەوژور تا جوجە سازی لە ناودێی

بالک بەرەوخوار زۆر کانی و ئاوو هەیە، وە چەن بناوان هەیە ١ – لای کانی خـوارۆ بناوانێ هەڵ ئەگیرێ بۆ بەردێی بالک لەو نزیکا دەوڵەت هەسـێریێکی بـۆ دروس کردوون لەویا کاریێزێ هەیە کە ئاوی کاریێزیێکە کە لەویا نوقمە لەو هەسێرا وە لە خوارۆ هەسێریێکی‌تر هەیە کە دەوڵەت دروسی کردووە ، بە شەو ئاوی تێ ئەکەن وە بەڕۆژ بەری ئەدەن بۆ ئاویەری . زوو ئەو ئاو بەردێ زۆر بۆو تـا دەور جـادەی مەریوان ئەڕۆی . من دیومە لە زە وی سەردەشت تا قەبرە موسایی تـەماکۆیـان کردووە . لە بەر هەسێری دووهەما جۆگەیە ئەڕۆیی بۆ کەر خۆراوا کە تەماکۆیـی پێ ئەکرا ئەو زەویانە لەویۆ بەرەو خوارتا ملەی دینار دیێمن . سدیێق عەلیە سـەن وە تایەر نەسیری هەردو چای عەمیێق و موتریان هەیە . لەو هەسێرە دوهەمـۆ کـە ئاوەکەی یەتە دەرۆ دوو جۆگە بە پاڵ جادەدا بە ڕاس و چەپا ئە چیێتە خـوارۆ بـۆ ئەو زەویان بەردێ تا قەبرە موسایی ئەو چەم بالکـە تـازە ئـەچـیێتە خـوارۆ هـەر بەشیێک ناویێک و بناوانیێکی هەیە ٢- لەو بناوان چەم بالکە لای ڕاسۆ ئـاوەکـەی ئەڕوا بۆ چەم خەلیفە تا بەر گردی بەردە چەخماخاوی وە کانی سۆفی هەسـەن و عەلیە هەسەن و حاجی سەعید وان لەویا ٣- لای ڕاسۆ بناوان چەم سەلەیە کە زەوی ڕەحمانە سڵە لەویا بووە ئەڕوا تا زەوی کوڕانی دەرویێش ساڵـح و کـوڕان سەعای حەمە عەلی وە کانییە لەویا هەیە ٤- لای جەپۆ بناوانـەو لـە کانیـەکـەوە ئەڕوا بۆ سەر زەوی کوڕانی سەعیدی حەمە ئازیزتا زەوی مامۆسا مـەلا بـاقر ٥- لای ڕاسۆ بناوان باڵا جۆگەیە ئاویێکی زۆری بوو بۆ ئەو زەویانـە لـە بـەر جـادەی مەریوانا کەوان لە ڕاس و چەپی ڕیێگەکەی دەرزیان و تا سەر چە م گەورە لە بەر جادەی مەریوانا لە بەین ڕیێگەی دەرزیانۆ ئاشە بەحری یا ئاشیێکی ئەگێڕا بە نـاو ئاشە ڕەحا . کە هەر دوکیان ئاشە بەردینەی بەگزادە بون ، گێڕانی بوو هەردو سێ مانگ فەقیریێکیان ئەکرد بە ئاشەوان ئاردو پارەیان پێ ئەدان و مزەیان ئـەدا بـە بەگ زادە ئاشە بە حری لە ژورۆ بوو لە خوار زەوی دینار وە لای چەم زریێـبارا کـە لافاوو زۆر ئەبو دۆڵیانەکەی پڕ ئەبو لە ئاوو ئەویێسا ، ئاشە بەحری لە خوار سـەر کەلو جوجەسازی یۆ جۆگەیە تایبەتی بوو بە ئاو ئەو جۆگەو ئاو کانی دینار ئەگەڕا .

با بزانین ئاش وەسای ئەم دوو ئاشە کێ بووە وەسا مەولوو بوە کە لە گەڵ مەولان برایا لە شارەزور بە ماڵۆ هاتوون بۆ دەگاشێخان دوای چەن ساڵێ بە ماڵۆ هاتوون بۆ بالک لە دەوری ساڵی ١٢٩٩ ی شەمسی ،کە بوون بە خێر و بێر بۆ بالکی . خۆش سەلیقەو کاسب و دەسەڵاتدار بوون . وەسا مەولوود ٣ کوڕی بووە(سۆفی موحەممەد ، ئەحمەد ، عەبە) سۆفی موحەممەد دوای باوکی ئاش وەسای ئەو ئاشان بالکە بووە . وە عەبەی نادریش ئاش وەسایی ئەکرد هەر سێ کوڕەکەی وەسا مەولوو ماڵیان لای مەزگەوتا بوو وەکو دیوەخان ئەو مزگەوتە وا بوون بو مەلا و فەقێ و ڕێبوار و میوانی ئەو مزگەوتە . خوا جەزایان باتۆ . نەتەوە یشیان هەر باشن . ئەحمەد وەسا مەولوو زۆر قسەی خۆش بوو . دوو قسەی خۆشی ئەنوسم ١-ڕایە بە کڵاشەکانیوۆ لە دارێ ئەکەوێتە خوارۆ کڵاشەکانی تەوراس بڕێ لێی ئەداو لەتیە کا وە بازێ لە پایشی زەخمار ئەکا . ئەڵێ شەڵڵا کڵاشەکانم لە پاما نەبوایە چش پایشم زۆرتر زەخمار نەبوو پام خۆش ئەبێتۆ چیبکەم لە کڵاشەکانم .٢ – ڕۆژێ ئەڕوا بۆ مازوو تا ئێوارە بەو هەردا ئەگەڕێ مازوو چاوو ناکا بە دەس خاڵی یەتۆ هەڵە خزێ و دەسە گرێ بە دەوەنێ چوار مازوو ئەکەوێتە مشتی ئەڵێ قەزای دەسم کەوێ لە چاوم . ئەحمەدی وەسا مەولوو دوو کوڕی بوو(حاجی مەلا مەحموود ، حاجی حەمەومین) حاجی مەلا مەحموود بۆ مەلایی زۆر باش بوو ئەمان ووت بۆ مەلایی ناکەی ئەیووت دڵم نایە ماڕۆسا مەلا باقر جێ بێڵم ، ڕاسیە کرد . زۆر بە ئەدەب بوو لە گەڵ ماڕۆستا و نەتەوەی ماڕۆسادا.

سۆفی موحەممەد وەسا مەولوو دو کوڕی بوو . (حاجی حەسەن و حاجی حوسەین)و عەبەی وەسا مەولوو . ٣ کوڕی بوو (حەمە ڕەحیم ، حەمەکەریم ، برایم) ٦ – لای چەپۆ لە بەر زەوییەکەی ماڵ ماڕۆسا مەلا باقرا کە کانیە چەپاوییە بناوانێ هەڵ ئەگیرا بۆ زەوی خێڵ حەمازیز وحاجی مەحموود، سەعیدی تایەر پردەکەی جادەی مەریوان ئەو چەم کانی چاوی تا سەر چەم گەورە لای هەمو زەویەکانیسا کانی هەیە . ٧- لای چەپۆ بناوانی زەوی مزگەوتە ، دوو بەشە لای ژورووی وا بە

دەس حەمە سالّح دەرویش حەمەمینۆ لای خوارۆی وا بە دەس کوڕان سۆفی‌یـو حاجی فەتاحۆ . حاجی موحەممەد تا سەر چەم گەورەی زریبارو بناوانی شیخ ئـەو گردە وا لە پشت زەوی مزگەوتۆ خاکی بالکە لەوەبەر سەنگەری بالکی پـێوە بـوو بەرانبەر بە هەورامی . کە نژمار مولّکی دزلّی بووە . نۆکەری بالکی بە نـاو ڕەشـە گەلّباخی لە سەنگەرا ئەبێ تیانەیی یاپراخیان بۆ ئەنێرن . تیانە یاپراخـەکـە تـل ئەکاتۆ بەرەوخوارۆ ئەلّێ : من خۆم ئەنێم بە گوللەی هـەورامـی‌یـۆ یـاپراخ بـێ گوشت چۆن ئەخۆم .

ڕاسی وتووە گۆشتی بۆ ببەن   با ئەوان سەنگەرێیوە چۆلّ نەکەن

ئیسە کە سالّی ١٣٨٩ ی ش ناوو دێی بالک وە بەردێ تا چەم کانی یە چیاوی تا ١٥ چاو بیریان هەیە موتریان لە سەرە ئیتر کانی و ئاوی تەبیعی وئاوی جۆگە کەم بووە . لە برانبەر ناودێی بالک و لای خۆرئاواوۆ قەبرەسانێ هـەیـە بـە نـاو شـێخ براییم کە ئەو شانە سەرەکەوی تا پشت هە سەن بە تاق ئەوە شەخسی گەڕەکی ژورۆ وە زۆرتر غەریب و بێ کەس لەویا ئەنێن کە قەبری ئاسان ئەکنیە .

با بزانین شێخ براییم کێ بووە کوڕی شێخ مارف بووە بە منالّـی لـە عـومری ١٥ سالّیدا فەوتی کردووە لەویا ناویانە شێخ مارف لە ساداتی ئەسکۆلّ و پیرانـە کـە تەڕاتەوەنین سێ کوڕی تری بووە ١ – شێخ عارف کە سوادێ باشی بووە وە مالّی لە دەرزیان بووە بـەگـزادە خۆشـیان ویـستووە زەوی وزار زۆریـان خـستووەتـە ئێختیاری خودموختار بووە لە دەرزیانا دوو کوڕی بوو شێخ عابد و شێخ ڕەئوف ٢- شێخ سەعید زۆر پیاوی سالّح بوو زۆر چاوی تیژ بوو مازو چن بوو . لەو هەردە لـە نیوەڕۆدا کە لە سێبەری دارا ڕائەکشا هەسـێرەی چـاو ئـەکـرد سـێ کچـی بـوو دوانیانی دا بە مەلا . کوڕێکی هەیە مەلا شێخ ئەمین وا لە دار سێران . ٣ – شـێخ ئەحمەد سەوادی قورئان خوێندن و نوشتە نوسینی بوو دەنگی خۆش بـوو بانـگ وێژ و موتەرجیم جومعەی بالک بوو . سێ کوڕی بوو(شـێخ موحـەممـەد ، شـێخ سالّح ، شێخ عەبدواللە) شێخ مارفیش بانگ وێژ مزگەوت بالک بـوو وە دەنگـی بەرز و خۆش بووە . بانگی عەسری داوە بالکییە لە پشت کالّۆ گوێی لـێ بـووە و

گوتویەتی وا شێخ مارف بانگی دا . لە خۆر ئاوای شێخ براییما شیوێ هەیە بە ناوو شیو سڵە جۆ کانییەکی هەیە لەویا عەبە ڕەشە باخێکی داناوە . پیاوێ موسایی بە ناو سولەیمانماڵی لە نێ بوو بۆ سەردان قەومە نۆ موسوڵمانەکانی هات بۆ بالک لە دەوری ساڵی ١٣١٥ یەکێ لەو قەومانیە میرزا ئەحمەد بوو . دو کوڕی بوو حاجی موحەممەد و مەجید یەکێتریان میرزا عەبدوالله بوو دو کوڕی بو ئەمین و جافر سولەیمان لە ناو ئەو قەومانیا عومری تەواو بوو . من لە بیرمە لەو شیوە سڵەدا نایان . لەو دیو شیوە سڵەوۆ شیو حەمەی زۆراوە کە ئەو خێڵە زەوی باخیان لەویا هەیە لەو دیو ئەو شیوۆ باخی هەسەن بە تاقە کارێزێکی قەدیمی هەیە زۆر چاوانەی هەیە کەس نازانێ هین چە ساڵێکە بە زەحمە تی زۆر ئەو کارێزە لێ دراوە ئیسە وا بە دەس برزون بەگۆ گوێزەو هەنجیرەو هەنگوڕە و تەڕەکاڵییە . برزون بەگ زۆر بایەخ ئەدا بەو باخە زەحمەت ئە کێشێ و سەمەری زۆری لێ پەیا ئەکا . ئاوێتر لە لای باخی هەسەن بەتاقا هەیە وا لە لای ژورۆ وە بەو شیو هەسەن بە تاقا سەرکەوی بۆ ملەکەی لەنجاوا ئەو بەرەو بەر ئەو شیوە دارسانە زوو گەڵا جار بووە بێجگە لەو دوو کانی هەسەن بە تاقە بۆ شوان و حەیوان و هەردەوان ئاوی کانی مێوەکەهەیە لە بەرانبەر هەسەن بە تاقۆ گردە ڕوتە ئەسحابێ وا بە سەر ئەو گردۆو حەیفێ ناونیشانی نازانین لەو گردە ڕوتۆ بەو تیرەشانا سەرکەوی تا ملەی لەنجاواو بەر چەم قەڵاخۆرئاوای خاکی مەلا قوتبییە خۆرهەڵاتی خاکی بالکە،لای خۆرئاوای بالک و لە بەر هەسەن بە تاقۆ ڕێگەیە ئەڕوا بۆ بەرقەڵا . لای ڕاسۆ گردەڕوتە لای چەپۆ گرد خاتو عاسیە بوو کە هەردووگردەکە چوار دەوریان دارسانە . خاتون عاسیە ژنێ عاقڵ و ماقوڵ بووە لەو شێخان چاوگەیە کە بە بوکی هانیویانە بۆ بالک بۆ حاجی زەهیر . ئەو گردیە پێش کەش کردووە . لە بەین ئەو دوو گردۆ ئەڕۆی بۆ بەرقەڵاهەموی دارسانە لای ڕاس و چەپۆ . بە داخۆ بازێ لەو دارسانە ڕیشەکەن کراوە بۆ زەوییوو باخ وە ئەو ڕێگە ئەڕوا لە لای چەپۆ لای گرد خاتو عاسیە یۆ لە باخو بەفرە بە چاڵەکەی کوڕان میرزا سەعی یۆ ئەڕوا تا دار گزگلەکە تا باخەکەی ئەمین سۆفی کەریم تا

هێلانە کۆلارە تا دارە ووشکەی ژوورۆ ولە لای ڕاسۆ ئەڕۆن تـا ئـەگـا بـە هـەوار کەرەم وە تا ئەگا بە شیوو فەرهاد بازێکی لێ کراوە بە زەوی بەرەو ژور ئـەڕوا تـا شەخسەکەی مەلا قوتبی. شیوو فـەرهـاد لای چـەپـۆ زەوی پـشت کانیـەکـەی دارەووشکەیە . کە لەویا قەبرێ هەیە ئەڵێن لە گرانیەکـەدا نـەفـەرێ ڕێـبواری غەریب لەویا لە برسا مردووە وە هەر لەویا ئەسپەردە کراوە . نەفەرێ بەد تەشک و بێ گوێ لە بالکا بوو بە ناوفەجە گاڵێنە لە دەوری ساڵی(١٣١٦ ش) دا ئـەڕوا بۆ لای سەی عەتای چەتە کە بێ بە چەتە ئەڵێ تا کەتنێ نەکـەیـت وە شوێـن خۆت پیس نەکەی کە نەتوانی بچیتۆ بۆ ئێران وەرت ناگرم ئەویش یەتۆ لە خـوار شیوو فەرهادۆ لە بەین خاکی مەلا قوتبی و دارە ووشکەدالە دەوەنێکا دانـەنیـشێ تازە تاریک ئەکا سێ سوار یەنە بەردەسی دوو بالکی (حـەیبـەالله بـەگ کـوڕی حاجی زەهیر فایەقمەحموود بەگ ، حاجی مەلا ئەحمەد بەرقەڵایی) فەجە گاڵێنە تەقەیان لێ ئەکات فایەق بەگ و ماینەکەی حەیبەالله بەگ ئەکوژێ . حەیبـەالله بەگ هاتۆ بۆ بالکو خەبەری هێناوۆ هەر بەو شەوە جەنازەکەی فایەق بەگیان هانییۆ بەیانی لە لای ئەلی بەگ مامەیا کە شەهیدی ساڵی ڕوسەکە بوو نایان . بوون بـە دوو شەهید . فەجە گاڵێنە ئەڕواتۆ بۆ لای سەی عەتای کەل وە ئەڵێ : کـەتنـی وام کردووە فایەق مەحموو بەگم کوشتووە لە بالک . سەی عـەتـا ئـەڵـێ : کـوڕ مەحموو بەگت کوشتووە کە ڕفێق و خۆشەویسی من بوو لە ئەمنیەگەریدا ، سەی عەتا دەسوور ئەدا کە فەجە لە سورێنۆ بخەنە خوارۆ وە ئیسەش پێشەکانی وا بەو هەردو بەردۆ، فەجە تاقە خوشکێکی بوو بە ناو عەلەمەگیری . ئیـسە بـەو شوێـنە ئەڵێن فایەق بەگ کوژیاوو . لە کلکەکەی خەزێـنەکـەی بـالکۆ ڕوو بـە خۆرئـاوا ڕێگەیە ئەڕوا تا نزارە چیپەڕ تا دارە ووشکەی خوارۆ بازێکی نزیکی ناودێی بالکە زەوی و کانی لە ژور ڕێوۆ هەیە بە ناو کانی چەقالە کە بۆ شوان و دەشتەوان ئـەو دەورو پشتە باشە بازێکتری کە نزیکی دارەووشکەیە هەردوو دارسانە ئەو ڕێـگە کە لەو دارسانە ڕەد ئەبی ئەڕوا بۆ جوجە سازی و ڕیخەڵان . (هۆردوویەکی زۆری ئێران لە کلکەی خەزێنەکەی بالکا چادریان هەڵ دابوو لە ٢٥ی ڕەشەمەی ١٣٦٦

ش له شەڕی ئێران و عێراقا تەییارەی سەددام حەملەی هەوایی پێ کـردن دوو
ماڵ ئاوارەی بالک لەوو نزیکا ماڵیان بوو بەر ئەو حەملە هەوایی سەددام کەوتن .
ماڵێکیان بە ناو عەلی جان کە بالکی بوو بە ماڵۆ ڕۆیی بوو بۆ مەریوان بە ئاوارەیی
هاتبوۆ بۆ بالک ژنەکەی بە ناو بەهیە کە کچ حەمە خواموراد بوو لە شێخە کوێـره .
خۆیو ژنەکەی وە چوار کوڕی شەهید بوون . کوڕو کچێکی مناڵیان لە ماڵا نەبوون
دەرچوون، دایکی دایکیان بە ناوو توبا بالکی لە شێخەکوێره بەخێوی کردن . ئەبێ
ئیسە ساحێو ماڵو مناڵ خۆیان بن . یەکێتریان بە ناو ڕەحیمە قوتـو کـە جگـەره
خۆرێ قابل بوو لە دۆڵە بیوۆ بە ئاوارەیی هاتبو بۆ بالک ژنە کـەی بـە نـاو پـەری
خوشکی مەجید حەمە سەعی بەرقەلا یی بو خۆیو ژنەکەیـو دوو کـوڕی شـەهید
بوون دوو کوڕیان لە ماڵۆ نەبوون دەرچوون . بە پاڵ یەکۆ وەک جۆگەلە لە شـێخ
براییم قەبریان بۆ کەندن وە بە ڕیز بە خاکیان سپاردن خوا بیان بەخشێ ، کە لـە
ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٦ دا ڕوی دا . وە بۆمان مەعلـووم نـەبـو کـە تـەلـەفـات
هۆردووەکە چەنێ بوو وە چۆن بوو ە . وە زۆر بالکی لەو حەملەدا شیمیایی بوو ن .
لە وەخت ئەو حەملەدا من لە سەر بانی حەوزەکەی بالک بووم . بۆمی ئەو تەیـاره
دای لە چنارێ لە پاڵ پەلکەکەدا دارانیۆ ناو چەمەکە بە هوژمی ئەوتەیارەو چنـاره
کەوتم بە عەرزا ئازا هەڵسام و ڕام کرد بوحەوزە کە کە هێشتا ئالودە نەبوبو سەرو
ڕوم شۆری زۆر باش بووم وەلێ هەناسەم ئیستەش نەهاتوەتۆ جـێی خـۆی هـەر
خەفەم . ئەو بۆمە نەکەوتایەتە ئەو چەمە زەرەری ماڵی و گیانی زۆرتری ئەبـو بـۆ
بالکی ، ئەو چنارە ئەو نەبەرز بو ئەمانووت : بەربەرەکانێ ئەکا لە گەڵ پەلکەکەد ا
(لە قەزای شەهریوەرا ساڵی ١٣٢٠ ش ئەو هەمو سەربـاز و مـەئمـوره کـە لـە
مەریوانا بوون نەسرەتیان نەمابوو . کونە مشکیان لێ بوو بو بە عـەمـارەت ڕو بـە
سەوڵاوا ڕوو بە ئەو جادەی بەر بالکا هاتن لە زەوی مزگەوتی لا ئاشا ئـەحمـەدی
نادری بالکی ئاوی گاڵی ئەیەرا لە ترسی ئەو هۆردووە لە پـشت ڕێـوۆ بـە پـای
پەتیو قوڕاوی بە بێڵەکەیۆچوبوە ناو دەوەنێ یەکێ ناحاڵـی و بـێ ئینـساف لـەو
هۆردووە ئەڕوا بە لایاو ئەیکوژی و بە جێی ئەهێڵێ) لەو بـەر پـردی جـادەکـەی

مەریوانۆ لە بەین خاکی بالک چەناخ چیانا هۆردووەکە دیلێ چەتەیـان بـە دەسـۆ ئەبێ بە ناو ڕەحیم وەلی گوێزەکوێرەیی بوو، کوشتیانو بەجێیان هێـشت . بـالکی هەردوو جەنازەکەیان هانیوۆو بۆ بالک لە شەخسی پیرموحەممـە دا بـە خاکیـان سەپاردن . خودا بیا ن بەخشێ . هۆردوەکە لـە خـاک بالـک ونژمـارا بـە بـێوەی دەرچوون کە گەیینە سەر خاکی مرگ تەقەیان لێ کردن تا چۆڕ و نەنە و ئاڵـمانە ڕوتیان کردنۆ . هەمو ئەسڵەحەیان بە دەسۆ نەما . زۆر ئارەزویان بوو سەر خۆیان بۆ دەرچێ . بویان بڕنەوەکەی ئەدا بە نانێ .بویان ئەسڵەحەکەی توڕ ئەدا کـە لـە کۆڵی کەوێ . بویان ئەیدا بە دوو تمەن کە نەسرەت نەما هەمو بەڵایە یـەت بـە سەرتا . من ئەو وەختە ١٥ساڵ عومرم بوو . ڕەزا شا زۆر بە مل بوو . تا هاتی بـوو تورە بوایە لە دانیشتووی شۆراکەی ئەیوت بێ ئـەمـریم کـەن دەسـوور ئـەدەم دەرگای ئەم تەوێڵەتانە لێ بەسن . کە نەهـاتی هـات . کـەس نـەیزانـی چـۆن دەرچوو لە وڵات چۆن ئاخری هات .

دنیا هەر وایە دڵ بەستەی مەبە تۆش هەر وا ئەڕۆی دەربەسی مەبە

بەشی سێهەم لە خاکی بالک خاکی دینارە کە لە شماڵ دینارا ئەو گردی دینارەیە لای پایەگاکە کە ئیسە جوجە سازی‌یە بەو تیژە شانا ئەڕۆی تا کانە قاچکەکـە تـا دارە ووشکەکەی خوارۆ ئەو جادە کە ئەڕوا بە ناو خاکی دینارا بـۆ مـەریـوان لای ڕاسی دەیمە لای چەپی بەراوە بە دوو ئاو یەکێ کانی دینار دوو ئاوی جۆگە چـەم زرێبار خاکی کانی دینار کانیەکی زۆر ئاو داری هەیە کە تەماکۆو تەڕەکاڵی زۆر لە بەریا ئەکرا ئەووەڵ ماڵ کە لە دینارا دروس کراوە چاییخانەی سەی کـەریـم لـە دەوری ساڵی ١٣٣٠ یا کە باینچۆیی بوو . کە نۆکـەری حـەبیـەالله بـەگ بـوو . چایخانەیە کۆماڵیەکی لەویا دروس کرد . بەگزادەکانی بالک لە ساڵـی ١٣٣٤ ش ئاشە مەکینەیان هانی بۆ دینـار حـاجی موحـەممـەدی خـۆش نـەواز و کابرایـە ئەسفەهانی دایان مەرزان . شێخ ئەحمەدی باینچویی بو بە ئاشەوانی دوایی ئـەو حاجی حەمەومینی عەزیزی بالکی ئاشەوانی بوو . لە ئاخرا دوو دانگی سەند دوای ماوەیە زۆر حاجی حەمە تەبێ چوار دانگی سەند و بردی بۆ ئاوایی بالک لە بالـک

ئیستەش بازێ وەخت کاری پێ ئەکەن . لە سالّی ١٣٣٠ش تا ئیستە کە سالّی (١٣٨٩) یە کەم کەم دینار مالّی زۆر بوو بە تایبەت لە سالّی ١٣٦٢ دا کە مەریوان ئاوارە بوو هوجومیان هانی تا بو بە شار دینار . خوا خاس کا.(بەشی چوارم لەو زەویانە کە بە دەس بالکی یۆ بو دارەووشکەکەیە) ئەو ڕێگە لە بەین گردە ڕوتو گردی خاتو عاسیە وۆ ئەڕوا بۆ بەرقەلّا لە دار گزگلەکەوۆ دارسانەکەی تا هێلانەی کۆلارە کە لەویۆ ڕەد بوی تا شیو فەرهاد خاکی دارە ووشکەیە لە ژورەوە قەبرێ وا لەویا ئەلّێن سالّی گرانیەکە ئەو نەفەرە لە برسا لەویا مردووە. لەویانا ناویانە . لە خوار ئەو دۆلّ و چەما کە شمالّی داروو‌شکەیەکاریزێ هەیە بە ناو کانی دارەووشکەکە دەولّەت لەویا بەو ئاوە قومەیە گەورەی بە سیمان و ئاجۆر دروس کردووە . لە زەوی مەحمووی خالّۆ فەیزە دا بوو . ئاودانی ڕان و گاگەلی بالک لەوە بەرەو خوار دارەووشکەی خوارۆ وە خۆر هەلّاتی دارووشکەی ژوروو وە خواروو خاکی بالکە . خۆرنشینی خاکی مەلّا قوتبییە لەوە ڕێوۆ ئەڕۆی بۆ جوجە سازی .

بەشی پێنجەم لەو خاکە کەوا بەدەس بالکی یۆ خاکی پاکی مەلاقوتبی‌یە

چوار دەوری لای ژور و شمالّی ملەی لەنجاوایە بە لای خۆر ئاوادا ئەڕوا گردێ بەرزە تا حەن دۆلّە ووشکە دیو خۆرە تاوی خاکی مەلّا قوتبی‌یە دیو نزاری بەیەلّەیە ، خۆرئاوای مەلّا قوتبی لە دۆلّەووشکەوە یەیتە خوارۆ تا ئەو ڕێگە کە لە بالکۆ ئەڕوا بۆ کانی تووەکەی بەرقەلّا تا دڕک جاڕەکەی لای کانی حەمەی سەی وەیس تا زەویە کان کەنە سورە تا چەم گەورەی زرێبار کە ئەو چەمە جنوبی مەلّا قوتبی‌یە . خۆرهەلّاتی مەلّا قوتبی لە ملەی لەنجاواوۆ ئەو تیرە شانە تا پشت دێ‌کۆنی مەلّا قوتبی تا گردەڕوتە خۆرهەلاتی بالکە خۆر نشینی خاکی مەلّا قوتبی‌یە لە گردە ڕوت بەرەو خوار تا شیو فەراد خۆر هەلّاتی مەلّا قوتبی ژورەوە . وداره ووشکه خۆر هەلّاتی مەلّا قوتبی خوارەوە تا دارە ووشکە تەواو ئەبێ واچوار دەوری مەلّا قوتبیت بو دیاری کرا با بزانین ناوە ڕۆکی چۆنە لە ملەی لەنجاواوۆ یەیتە خوارۆ زەوی و ئاوی عەبەی دەروێش حەمەمینی بالکی‌یە کە

بازێ گوێز و تەڕەکاڵی لەویا بوو لەوە بەرەوخوار ئـەو شـیوو وچـەمـو دۆڵــە تـا جوجەسازی مەڵا قوتبی‌یە . ئەو دێ کۆنە کانییەکەی لە کارێز ئەچێ کە ئـەو دێ بەو ئاوە بەڕێ چوون لە دەوری ساڵی ١٣٥٥ شەمـسی یـا حـەمـەی دەروێـش ساڵح بالکی لە زەوی بەر ئەو ئاوا تەماکۆو تەڕەکاڵ و بێسانی ئەکرد من کاڵەکـی زۆرم لێ خواردووە . دەسەیە لە جوجە سازیوۆ هاتبون بۆ زیارەت وسـەیـران بـۆ مەڵا قوتبی منالّیان زەرەر زۆریان دابوو لە تەڕەکاڵ حەمەی ساڵێ لە یەک هـەڵ چووبون شان حەمەیان شکاندبوو . لە کار کەوت ئەو زەویوو زارە پەکی کەوت ، بۆ عیلاجی شانی حەمە چوو بۆ بەغدا بە کۆمەک شێخ عەبدولکەریم کەمـێ ئێـشی سرەوت دوای ئەوە فەوتی کرد خووا عەفویان کات . ٧٥ ساڵ بەر لـە ئیـسە کـە ساڵی (١٣٨٩) یە پیرەژنێ لە بالکا بوو بە ناو خاتو خانمێ ژنی حەمە بـارام بـەگ بوو ئەیووت : من لەو دێ کۆنی مەڵا قوتبیا لە دایک بـووم بـەو قـسەی ئـەوا وا دیارە دێ کۆنی مەڵا قوتبی تا ١٥٠ ساڵ بەر لـە ئیـسە کـە ساڵـی (١٣٨٩) یـە ئاوەدان بو بێ، وا دیارە ئەو دێ کۆنە ناوی تری بوبێ لە بیر چوبێ . لە خـوار ئـەو دێ کۆنۆ قەبرستانی مەلا قوتبی‌یە کە قەبری زۆری تیایە لە خوار ئەوۆ قەبرستانی مەلا شەمسەدینە قەبری کەمە ئەو دوو قـەبرسانە زۆرتـر مـەڵـا قـوتبی جـێی سەیرانی بەیەڵەو بەرقەڵاو ، بالک و لەنجاوا بوون . لە مەریوانیـشۆ زۆر وەخـت ئەهاتن لە پێنجوێنۆ کەم جار ئیسە تەرک بووە بە بۆن ماشینۆ . کانی‌یە لە بەیـن شەخسەکەی مەلا قوتبی و مەلا شەمسەدینـا بـوو تـا دەور گـەلاوێـژ ووشـکی نەئەکرد لە بەرامبەر شەخسەکەی مە ڵا قوتبی‌یۆ لەو بەر چەمەکەوۆ کانی‌یە هەیە بۆ زەوی مەڵا قوتبی ژورُ تا زەویەکەی مامۆسا مەلا باقر کـەوا لـەویـا بـەو ئـاوە ئاوویەریمان کردووە من خۆم زەویەکەم بەو ئاوە ئاویـەریـم کـرد . گرانـی بـوو تەنەکەی دێمیلەم پیا یەوەشان و ە کێڵام ١١٠ مەنی تیا بوو دام بە ١١٠ تمەن . لە ئەووەڵی دیوان مە لا موستەفای بێسارانی‌وۆ نوسراوە کە مەلا موستەفا کـوڕی مەلا قوتبە دینی کوڕی مەلا شەمسەدینە لە دێی بێسارانی ژاوەرۆ لە دایک بووە . لە نودشە و لە سنەوو لە پایگەلانا خوێندوویەسی جگە لەوە سەرەتای خوێـندنی

لە لای باوکیا دەسی پێ کردووە . زانستە ئیسلامیەکانی تەواو کردووە وە بە مەلایی ژیانی بردووەتە سەر . لە تەمەنی ٦١ ساڵی‌یا ماڵ ئاوایی لە ژیان ئەکات وە لە سەر وەسیەت خۆی لە قەبرسانی پیرە هەژارە بە خاکی ئەسپێرن کە ها لە بەرانبەر سەو ڵاواوۆ بە لای مەریوانۆ لە ساڵی ١٠٥٣ قەمەری یا لە دایک بوووە کە بە رانبەری ١٦٤١ زایینی یە لە ساڵی ١١١٣ ق فەوتی کردووە کە بەرانبەرە لە گەڵ ١٧٠٢ زایینی‌دا . لە مانۆ وا دەر دەکەوێکە مەلا شەمسەدینو وە مەلا ئەبوبەکر چۆڕی هاوزەمان بوو بن کە کە لە ساڵی ١٠١٤ ق لە ئاوایی چۆڕ فەوتی کردووە .

٣٩ ساڵ بەر لە دایک بوون مەلا موسەفای بێسارانی کە لە مەریوانا لای زرێبارۆ موجەسەمەیان بۆ دروس کردووە . وا مەشهورە کە مەلا شەمسەدین لە قەبرەکەیا زۆر سالم و ئارامە وە مەلا قوتبەدین زۆر تورەیە لە گەڵ کەسێکا کە بێ ئەدەبی بکا . ئێمە قوتابی بووین لە دەوروبەری ساڵی ١٣١٦ دا لە گەڵ مامۆساکەمان سوفی ئەحمەدی فەرەج ڕۆیین بۆ سەیران بۆ شەخسەکەی مەلا قوتبی . ڕاوچی یە هات بۆلامان سمۆرەیە بە داری بەرزۆ بوو بڕکەیەکی بۆ خست بڕکەکە گەڕاوۆ و دای لە پیالە و ژێر پیالەیە شکاندی . گشتمان ووتمان ئەمە لە بەر ئەوە بوو کە بێ ئە دەبیمان کرد لە گەڵ ئەم شەخسا . مامۆسا مەلا باقر بالکی ئەیفەرموو پیاوێ بە ناو دەروێش مەحمود قەبری وا لە درگای خسنەکەی مەلا قوتبی دا کە موریدی بووە بە مەجزوبی مردووە ئیستەش لە قەبرەکەیا هەر مەجزوبە . سەی حیسام بەر قەڵا دارێ گەورەی لە شەخسەکەی مەلا قوتبی بڕی بوو بۆ نی‌ی ئاشەکەی کە لە بەر کانی و تووەکەی بەرقەڵا دا بوو لە دەوری ساڵی ١٣١٨ دا بوو . زەخمێ هات لە ملی وەخت بوو بیخنکێنێ بە ژن و منالۆ خۆی خستە سەر خسنەکەی مەڵا قوتبی پاڕاوۆو ووتی غەریبم منالەکانم لە مە ریوانا بێ‌کەسن بمکە بە خاتر ئەم منالانە عەفوم کە . هەر لەویا زەخمەکەی درگا ئەکاتۆ نەجاتی نەبێ . ئەم سەی حیسامە بە خڕەی نیمام کەوتبو کە دەنگی لە گەڵ نەئەکرد . لە بەین دارەووشکەی خوارۆ و مەڵا قوتبی‌دا گاگەلە ڕێی بالکی ئەچووە خوارۆ بۆ

سەر چەم زرێبار بۆ ئاودان ، ئیسە کە جوجە سازی سووکە شارێکە بەری گرتووە . ئەو ڕێگە کە لە بالکۆ ئەڕوا بۆ کانی تووەکەی بەرقەڵا لەوە بەر چەمەکەی مەلا قوتبی یۆ مەلا قوببی خوارۆ وە تا کە نە سورەی لای چەم زرێبار کانییە وا لەویا بە ناو کانی حەمەی سەی وەیس لای ڕاسۆ جۆگەیەکی لێ هەڵئەگیرا بۆ ئەو زەویانە تا کەنەکە سورە ئەکرا بە تەماکۆ و تەڕەکاڵ . ئەمانە کە نوسیمان لە بارەی مەلا قوتبی یۆ بە سەرهات و حیکایەتی زوو بو . ئیسە دەوڵەت ئەو بەرنامەیەی پێچاوەتۆ وە زەویەکانی مەلا قوتبی سەندووە کە ئەیکا بە شەهرەکی سەنعەتی کە ساڵی ١٣٨٩ ش یە .

سەرجەم تەماشای خاکی بالک کەی بۆت دەرئەکەوێ کە هەمو خاکی بالک ناو دیوو ئاوداری وە دەشت وە دەری وە دارسانی بۆ ئاو خواردنەوەی خۆیان وە حەیوان و شووان ، هەردەوان و دەشتەوانیان کەم و کۆڕیەکی نەبووە . وەلێ بە داخۆ ئاوو زەوی برنج کاریان نەبووە کە زوو زۆر بایەخیان پێ ئەدا کە وەسیلەی ماشین نەبوو لە ڕەشتو گیلانۆ برنج بێنێ بۆ مەریوان ، زۆرتر بالکی لە بەهارا وەختی مەرەزە یەک مانگ و دوو مانگ بە گوێرەی دەسەڵات داری و بێ دەسەڵاتی بەیانی ئەڕۆیین بۆ مەرەزە بۆ ئێوارە ئەهاتنۆ ئەڕۆیین بۆ قەڵا و کەڵێن کەوەۆ نێ و کانی‌سانان بە نیوەکاری لە گەڵ مالیکا کە ئەو ئاوو زەویەی بۆ تەرخان ئەکردن تا پاییز گوخڵێ بۆ ئەگرت ئەبوا ئەو کەسە کە مەرەزەی ئەکرد لە بەهارا بە قەی بەنەتووەکەی گەنمی بدایە بەو گۆخڵە بۆ کرێی پاییزیش لە خەرمانەکە چەڵتوکیان پێ ئەدا بە شەریکی مالیک ئەبوا لە کیلانۆ تا ئاخر خەرمان بە لای ئەو قاڵبۆ بوایە ، ئاودێری کردایە ، پاسی کردایە ، زەرەرو زیانی دەفع کردایە ، ئەو زەویە ئەبوایە بکرایە بە گۆل چیم بە چیم بیان بڕیایە بە بێڵ ئاسن چین بە چین داینیایە لە عان توو وەشاندنا گوڵ بە گوڵ لەقەشیل‌یان کردایە ، ڕاساویان کردایە جاتویان پیا وەشاندایە، کوڕی خاس مەگەر جێی دوو کیلوی کێلایە، لە بەر سەختی کارەکانی ناویان نابوو مەرووەزە ، وە لێ چون کارەکانی تا درەوو خەرمانی دەسە جەمعی بوو وەکو سەیران وابوو . هەر گاڵتەو گەڤیان ئەکرد

لە پاییزا تەماشای خە رمانە مەرەزەت کردایە خە رمانە مە رەزەی بالکی قەوی تر بوو ، برنج مەریوان لە هەموو برنجێ خۆشتر و بە لەزەتتر بوو . من خۆم لـەو خـە رمانانە بەشدار بووم ، میللەتی بالک زۆر زەحمەت کێش و سەخـاوات‌دار بـوون . هەرچێکیان بوو لە گەڵ فەقێ ۆ مەلا و میوانی ئەو مزگەوتا بە یەکۆ ئەیانخوارد ، وە بە تێکەڵی مەلا و فەقێ عە قڵ و شوعوریان لە خەڵک جیاوازتر بووە .

بە بەگ و بۆر و شێخ و مـــەلاوۆ وان بە سەر سفرەی ڕەنگین فەلاوۆ

دۆعایان بۆ کەین خوا بێوەییان کا بـــۆ هـــەمو کارێ ماتڵیان نـــەکا

دانیشتووی بالک لە هەمو زەمانێکا حە زیان کردووە بە ئـاۆو دانـی خاکیـان . لـە خاکی بالکا حەوت کارێزیان لێ داوە ١- کانی دەروێـش حـەمـە لـە ژور بـاخی چەمەنەکەوەیە ٢- کانی قەیخا ووسەین کە گەڕەکی ژورۆیی بالک لەوێ ئاویـان ئەهاورد وە باخچەو دێبەر زۆر لە بەریا بوو ٣- کانی حەوزەکە کە چاوانەکـانی ڕوو بە مزگەوتو ئاوایی ئەڕوا ٤- کانی خوارۆ کە چاوانەکانی ئە ڕۆی بۆ ژێرماڵ حـاجی زەهیر تا بەر گردی خاتو عاسیە ٥- کانی ناو هەسێرەکەی پاڵ ناو دێی بالک کـە نوقمە لەو هە سێرا کە دەوڵەت دروسی کردووە ٦ – کانی هەسـەن بـە تـاق کـە دەهەنەیەکی دورو درێژی هەیە وادیارە ئەم کارێزەی ٥ و ٦ لە زەمانێکا بووبن کە کەس نازانێ کێ لێی داونو کەی لـێ دراوون ٧- کـانی دارەووشـکە کـە زۆر بـە زەحمەت ئەم کارێزانە لێ دراوون وە بالکی بەو ئاوانە بـە ڕێ چـوون کـە ژیـانی هەموو گیان دارێ و دەوامی بەو ئاوە . بۆ نمونـە دڵ فراوانـی و باشـی بـالکی لـە بیرەوەری منا پێنج نە فەر فەقیری پیری بێ ژن ومناڵ لەو مزگەوتی بالکا ژیـاوون تا مردوون . ١ – مامە حەمە شەریف دوای چەن ساڵ لەو مزگەوتا بوو لـە ساڵـی ١٣١٥ ش فەوتی کرد . ٢- سۆفی ئەلی کە سۆفی خەلیفە ئەحمەدی بالـک بـووە لە گەڵ بالکی قەوم بوو چەن ساڵ لەو مزگەوتا ژیا بۆ دیدەنی ئەحمـەدی کـوڕی ڕۆیی بۆ پێلە زۆری پێ نەچوو لەوێ فـەوتـی کـرد . ٣- پیـاوێ بـێ کـەس لـە وولەژێرۆ بە نەخۆشینۆ هات بۆ بالک دوای ساڵێ لەو مزگەوتا فـەوتـی کـرد ٤- سۆفی ئەحمەدی فە رەج کە باوکی یەکە دەوڵەمـەنـی بالـک بـووە تـا مـردووە

سەروەتەکەیشی تیا چووە . سۆفی ئەحمە د مامۆسای قوتابی بوو تـا کـو حـەوت ساڵ لەو مزگەوتا بووە لە ساڵی (١٣٦٨) ش فەوتی کرد ٥- حەمە ڕەحیمـە بـژە کە دایکی بە هێلکە برژاوو بەخێوی کردبوو لە مزگەوتە کەی بالکا دوای پێنج ساڵ فەوتی کرد . (داری دارسانی مەریوان وەکو بالک زۆرتری مازوارو بەڕوارە) ئـەم دوو دارە لە هەمو دارێ بە کە ڵکترن بۆ سووتان و داری خانوو زووتر بەم دووانـە ماڵیان درووس ئەکرد بە کۆڵەکە و نیرگەو دەسەک و گورگەو خێزەرو گەڵا خانوو ، هەر لە مانە دەرگایان بۆ دروس کردووە بەینی دیوو گەورەیـان بـە تـەیمـان بـۆ دروس کرد بوو بۆ ئەوە کە هەڵم و بۆ قیان چێ بە یەکا بـۆ لابردنـی سـەرمـای زمسان وە بۆ ڕۆشنایی ئاور. وە بێجگە لەمانە داری بەڕوو ، بەڕوەکـەی باشـترین دەوایە بۆ زەخم مەعیدە ، داری مازوو جگە لە دارو گەڵاکەی ٨ سەمـەری هـەیـە بەم جۆرە :

گەزۆیەو مازو سیچکە و خڕنوکە   گزگلەو پانکەشووکە و دەموکە

و ئەمانە موشتەرییان بوو ئەیان سەندن گۆشتیان ئە دا بە سیچکە ، من مناڵ بووم جارێ ڕۆییم بۆ لای دارە گزگلەکە ئەوو ناو دار بالکە دوو کیلۆ سیچکم هـانی دام بە دوو کیلۆ گۆشت سەر بەسەر .

دارسانی مەریوان کەمتر ئەم دارانەی هەیـە ١- هـەرمـێ کـێفیلە ٢- گـوێیژ ٣- بلاڵوک ٤-قەسوان ئەم چوارە داری سەمەرن ٥- شەهـین ، بـێ کـەڵـکە ٦ – کیکف ، کەوچک و تەشی و شانە و مەزراحیان لێ درووس ئەکـرد ٧ – پـەڵـک ، نێرگەو دەسەکی زۆر چاکی لێ ڕێ ئەکەوت وە بۆ نـەجـجـاریو درگـاو دەروازە زۆر باش بوو ٨ – ووزم ، دارێ کەمیابە لە بالکا لە دوو شوێندا هەیە ، وە چنارو بی کە داری ئاوین لە دەور ئاوایی بالک بەو چەما بەرەو خوار تا چەم گەورەی زرێبار تـا دینارو جوجەسازی بی و چناری زۆرە . هەورامی یە چاوی کەوتبو بەو هەمو بییە لە بالکا ووتبوی : ئەم هەمو بییە دار گوێز بوایە دوو دێ وەک بالکی بەخێو ئەکـرد . ٩ – گوێز کە لە باتی پەییون بە گوێزا ئەوە بە قەوە تێ ئەکەن ١٠ – دار چوالەو و بادامە لە بالکا کەمە ١١- گەووین کەتیرە کەمینەی عە زەی مـە رجـان لـە بالکـا

کەتیرەی ئەکرد . یەکێتر لەو دار دارسانی مەریوانە وێووڵە لە دار بەڕوار شەنگ و شۆخترە لە سەردۆشۆ لای بادەڵان لە بەینی ئێران و عێراقا هەیە من دیومە .
فارسێ پرسی لە کوردێ چۆن گەزۆتان بۆ بەرهەم یەت بە فارسیە کێفیلەکەی خۆی جوابی داوەو ووتی : بە تەوراسێ تیژونده ، لقه لقه بڕونده ، مەڵۆ مەڵۆ کوننده ، لە سەر مەوجێ پانونده ،بە دوو لقی کوتونده ، بە بێژنگێ تەقونده ، گە زونده هەی گەزونده .
حەیوان هەردی مەریوان و بالک کەو ، کەروێشک ، ڕێوی ، گورگ ، خوگ ، کە ڕاویان ئەکردن بۆ چی . خوگ زەرەری زۆرە بۆ کشت و کاڵ ، بە سەوزی هەڵی ئەگێڕاوۆ بۆ سەلکە پیازە خوگانە ئەگەڕا کە بیخوا ، کە خەلە پێ ئەگەیی ئەیخوارد خوگە پاسی گەڕەک بوو ، گورگ حەیوانی ڕانی ئەخوارد ، مەڕێکمان بو لە نەچێ سەرتەقەی ڕان بوو لە دڵم دەر ناچێ کە گورگ خواردی .
ووتەی پێشینیانە : هەر ڕۆژێ هەورە گورگ دەمی چەورە ، لە من هاتە دی ، کەوو کەروێشکیان ڕاوو ئەکرد بۆ گۆشتەکەیان کە زۆر ناسک و لەزیزە . ئەیان ووت گۆشتی کەروێشک زۆر بە بەرەکەتە کەروێشکێ ووتویەتی : کەیبانو دزیم لێ نەکا بەشی خێڵێ ئەکەم ، ڕێویش گۆشتیان ئەخوارد وە زۆر ڕەش و ڕەگ ڕەگ و ناخۆشە

ڕایە خواردومە هەر پەشیمانم ڕایە تر نایخۆم تا ماوە گیانم
ڕێوی گۆشت خۆرە گۆشتی ناخورێ لە دڵتا مەیکە بە کۆسپ و گرێ

کیسەڵیش زەرەری بۆ زەرعات زۆرە، ژێر پێی ئەکا ئەیخوا ، بە تایبەت نۆک کە تە ڕو سوێرە ، پیاوێ نەچێ یی پەڵەیە نۆکی چاکی بوو ، کیسەڵ تێی بەر بو بون ئەویش دوو سەوەتەی نایە سەر پشت کەرێ و ، کیسەڵەکانی تێ خستن و بردنی بۆ چەم سەقەتاو کە لەوێ تێر ئاو بخۆنۆ ، لە دو ئەمنیە چاویان کردبو بە غار تە پیان دابوە سەری وایان زانی بو کە بارە قاچاخی یە کە چاویان کەوتبو بە کیسەڵەکان زۆر تەریقییان پێ کێشا بو .کەم کەم ئەو کیسەڵانە هاتبو نۆ بۆ

زەویەکە کە وەتەن بوو . کەمتری خاکی مەریـوان و بالـک سـمورەو چالـەکـە و ژیژگیان هەیە .
حەیوانی بە کە ڵک بۆ مەریوان و بالک ئەمانە بوون . گا ، بزن ، مەڕ مایین ، هێسر ، کەر ، کە زۆر بە قیمەت بوون و خزمەتیان ئەکردن

کاروانی لە بەر مەسڵەحەتی خۆی   ئەڵێ باوکەکەم بە کەرەکەی خۆی
باتوێش هەر وەها زووانت خۆش بێ   کار و فـــرمانت با لـــە پێشۆ بـێ

ئەمانە زۆر بە خێر و بێر بوون بۆ لادێ وە کۆمەکی کاری گەورەی جوتیار بوون ، وە بەمانە دەوڵەمەن ئەبوون ، وە کارو باریان بە ڕێوۆ ئەچو ، مریشک زۆر بە کەڵـک بوو ئاسان بە خێۆ ئەبو، حازر بە دە س بوو بۆ هێلکە وە بۆ گۆشتەکەی ، بـۆمـاڵ و مناڵ و خێزان و میوان ، بۆیە ووتویانە : ماڵ مری زو مەکری ، پشیلەیش لـە مـاڵا زۆر باش بو بۆ سەرکوت کردنی مشک ، وە سەگ بۆ ڕاوو پاس ، سـەگ لـە بـەر چی ئەونە بە شەوا ئەوەڕی لە ترسی گورگ کە هەر لەزوو وۆ دوژمنن بە یەک .
بۆ بەیانی قازانجی بە خێۆ کردنی حەیوان ئەم دوو شێعرەم نووسی

ماس و کەرەو ڕۆن ، پەنیر لە گە ڵ شیر   سیراج و کەڕەو دۆو فرۆو سەرشیر
ئا ئـەم دە دانە بـــەهرەی حـــەیوانە   خزمـــە تیان بـکە مـەگرە بـەهانە

بێجگە لەمانە لە بەرگی حەیوان ئەمانە درووس ئەبون : لە خوری مەڕ بەڕ و هۆڕۆ جاجم و مەوج و بەرماڵ و خوێ دانە و گۆرەوی و شاڵینەی کۆڵ ژن و دەس کێش و پوزەوانە و شاڵ مل وپشتوێن و پەرگەمای کڵاشیان درووس دەکرد . لە بەرگـن کاووڕ نەووگ ، لەوەو بەر ڕان بزنە مەرەزەو ڕەشۆکی جیا بوو . کە لە یـەک هـەڵ نەیەن و بەچکەیان تێکەڵ نەبێ . لەو مەرەز بزنە مەرەزە ڕانک و چۆخەی جوانیان درووس ئەکرد .

ڕانک و چۆخەی چاک لە فاسۆن لەندەن   باشترە لـــە بۆ سیحەتی بـــەدەن
بـــۆ سـوک و ســـۆڵی بۆ بـــەردەوامی   لە هیچ کوی نیە وەک شاڵ هەورامی
بە نووکی تـــەشی ئـــەو شاڵە جوانــە   دەس ڕێسی ژنە لەم کـــوردوستانە

هەر ژنێ بـــە شوێن ئـــەوانا ئـــەڕۆ   بژی هـــەر عومری بە فیرۆ نـــەڕۆ
لە مووی بزنە ڕە شۆکی گۆری سو جەواڵ و ڕەشکەیان درووس دەکرد ، ئەوانە کە جووت و گایان بوو لە بالکا ئەبوا بۆ بەرهەم هانین بەهرە بـە ژن و پیـاوو گـەورەو بچوکۆ خەریک بوایەن ، بێجگە لەوانە سەنعەت کار پیاوانە وژنانە لە بالکا بوو . بو پیاوانە خەیات ، نەجار ، کەوچک تاش ، کلّاش کەر ، کلّاش چن .، پیاوێ لە بالکا شوان بوو بە دەم شووانیو کلّاشی ئەچنی جوتی بە دوو قران سـپی چـاوو ڕەش ، ٤٢ جووتی لە سالّی ١٣١٥ دا چنی بوو بە هەشتاو چوار قران ئافەریـن بـۆ تـۆ . کەسب و کاری دەسی ژنانە : گۆرەوی و پوزەوانە چنین ، تـەوەن کـردن ، بـەڕو هۆڕلە گەورە ماڵانا دیومە کردویانە، جاجیم ، پەڵاس ، بەر چاوە گرتنەوە ، خەیاتی دەسی ، دەرزی و درومان ، پێسە خۆش کردن ، بۆ مە شکەو هەوانە ، هەوڕ کردن دیزە و دەرخۆنە و هومەو خوێدانە و گۆزەو گلّینەو گۆزەڵەو قوم قومۆکەو تـەنـور نان کردن و پاشۆر . بە ژن و پیاوۆ هەموو کاری ئەکـرد مـەگـەر شـەل وکوێـر سواڵی بکردایە .

بۆچی وەک جاران ئیسە کار ناکەن   بەدبـەختـی خۆیـان چـارە سـەر ناکـەن
هەر کەسێ کار کا سەری زۆر بـەرزە   هـەتـا کـو مـابێ لـە سـەر ئـەم ئـەرزە
وە غەیرە فەلاکان بالک خەریکی شووانی و ئاشەوانی و نیوە کاری و کرێ کاری و نانەوایی کارەکەری نۆکەری و ئەو جۆرە کارانە بوون . بـە ژن و پیـاوۆ کـە ئـەم کارانە پێویستی ژیان بوو.

باسی حوسەین قولی بەگ و نەتەوەی لە بالکا

بە جۆرێ من لە ناسرخان کانی سانانم بیستووە کە لە ڕوی نوسراوەیەکۆ کە بـەو شێوە بەیانی ئەکرد ئەسکەنەر بەگ دەرەتفێ بە حـەووت پـشت ئـەچـێتۆ سـەر کەڵبالّ خان کە ماڵی لە خەڵوزە بووە . قەبریشی وا لەوێ . من چومە سەر قەبری جا هەر پشتێ سی ساڵی پێ چوو بێ ئەبێ بەینی ئەسکەنەر بـەگ و کـە ڵبالّـی خان ٢١٠ ساڵ بوو بێ ئەسکەنەر بەگ شەش کوڕی بووە ١- حەیدەر بەگ کـە باوکی بەگزادەکانی کانی سانان و دەرەتفێو پیرسەفا و لێوو خواروو وە مڕانە بووە

کە هەمویان مەشهورن بە حەیدەر بەگی ٢- فەتالی بەگ کە باوکی بەگ زادەکانی نێ و وولەژێر و سەردۆش و یەنگیجە بووە کە مەشهورن بە فەتالی بەگـی . ٣- حەمە کەریم بەگ کە باوکی بەگزادە کانی کانی میران و بە ردەڕەشە و بـێلو بـووە کە ئەمانە مە شهورن بە حەمە کەریم بەگی . وا ئەزانم حاجی ڕۆسەم بـەگ لـێوو سەرو کانی میرانی و حەمە کەریم بەگی بووە . ٤-حـەمـەد بـەگ گوێـزە کوێـرە باوکی بەگزادەکان گوێزە کوێرەیە کە مەشهورن بە حەیدەر بەگی ٥- حەمە ڕەزا بەگ بەیەڵە باوکی بەگ زادەکان بەیەڵە و لەنجاوایە کە مەشهورن بە حـەیـدەر بەگی ٦- حوسەین قوڵی بەگ کە باوکی بەگ زادەکان بالکە کە مـەشـهورن بـە حەیدەر بەگی ، بە جۆرێ من بیستومە لە ناسـر خـان کـانی سـانان لـە ساڵـی ١٢٩٠ق دا حوسەین قوڵی بەگ لە براکانی لە دەرەتفێ جیا بـووەتـۆ هـاتووە بـۆ بالک کە لە گەڵ بالکی یا بژی، بالکی لەو وەختا ١٢ ماڵ بوون حە زیان کردووە کە دەم ڕاسی وا بێ بە گەورەیان وەکۆمەکیان پێ کردووە ، وە بە دوانزە تمەن بالکی سەندووە ئیتر بالکی دە دوو زەکاتیان پێ داوە ، چە تاخ چیان لە سەر بالک بـووە کە عەزیز خان باوک مەحموو خان دزڵی ئەمیە بیستووە کە حوسەین قوڵی بـەگ بالکی سەندووە بە ناو دیدەنۆ هاتووە بۆ بالک بۆ لای حوسەین قوڵـی بـەگ کـە نانیان داناوە ووتویەتی : نان ناخۆم تا چەناخ چیانم نەدەیتێ ئەویش ڕوگیر بـووە چەناخ چیانی پێ داوە . ئەویش هەردەکەی خـستووە تـە سـەر شـارانی و ئـاوو زەویەکەی خستووەتە سەر نژمار . سەربەڵخ کێوێکی بەرزە وا لـە خۆرهـەڵـاتی چەناخ چیانۆ قەبرستانێ گەورە لەویا هەیە وا دیارە دێیە گەورە لەویـا بـوبێ ، زۆر گەڕام بۆ کێلێ نوسراو نەم دی کێلی نەخشین بوو نەنوسرا بوو . ئـەڵـێن پیـاوێ جاف هەواری لەویا بووە ووتویەتی بە یەکێ لە ژنەکانی چۆن بەیانی زوو خەبەرتە بێتۆ ئەچی بە لای حەیاونەکانۆ . ژنەکە ووتویەتی : چەناخەکانم کە چیاو ئـە بـێتۆ ئەدا لە گۆنام خەبەرمە بێتۆ بە بۆن ئە وۆ ناو نراوە چە ناخ چیان ، چـە نـاخ ژێـر چەناکەی ژن بووە بە قرانۆ ، کە کڵاوەکەی پێ بەسـتووەتۆکـە دانـەکـەوێ لـە سەری ، وە حوسەین قوڵی بەگ من بزانم کچی نەبووە وەلێ دوو کـوڕی بـووە :

فەرەج الله بەگ ، کە یخوسرەو بەگ ، کە لە زەمان ڕوسەکەدا ساڵی ١٣٣٥ق خزمەتی زۆری بە عە سکەری تورکی عوسمانی کردووە وە ئەوانیش لەقەبی زهیر السلطنة یان پێ داوە کە ڕۆیی بۆ حەج ناوی بە حاجی زەهیر دەرچووە . فەرەج الله بەگ بێجگە لە ئەلی بەگ کە ڕوسەکە شەهیدی کرد و باسی ئەکەین چوار کوڕی بووە بەم تەرتیبە : ئەحمە د بەگ ، مەحموود بەگ ، ڕۆسەم بەگ ڕەحمان بەگ ، هەمویان لە زیندانی قەسری قاجاردا فەوتیان کردووە . ڕەحمان بەگ نەبێ هەمویان کچ و کوڕو نەوەی زۆریان لێ بە جێ ماوە جا من نازانم و ناتوانم بیاننوسم . حاجی زەهیر ٥ کوڕی بووە بەم تەرتیبە : حەمەمین بەگ ، ڕەحمان بەگ ، حەمە کەریم بەگ ، حەیبەالله بەگ) حەمەد بەگ چوار کچی بووە (خاتو تەلێعا ژن ڕۆسەم بەگ ئامۆزای بووە لە بالک ، خاتو فاتمە ژن حەمەد بەگ ئامۆزازای بووە کوڕی ئەحمەد لە بالک ، خاتو کافیەی دایکی سابیر بەگ پیر سەفا ، وە خاتو پەری نیسا بێ منالْ فەوتی کرد ژن شێخ عارف دەرەناخێ بوو . ئەمانە هەمویان منالْو نەوەیان زۆرە لە کوڕو لە کچ ، ڕەحمان بەگ نەبێ کە ژنی نەهانی بوو لە گەڵ باوکی لە قەسری قاجارا لە تاران فەوتیان کرد بە داخۆ نازانم و ناتوانم وەچەی ئەمانە بنووسم .

مەلاکان بالک

لە مەلا عبدو الصمد هەجیجی یۆ دەس پێ ئەکەم لە تایفەی مەلاکان هەجیج بووە پیاوێ خۆش سەلیقەو خۆش تەبیعەت و سەخی بووە . وەکو قەوم لە گەڵ بالکی یا ڕەفتاری کردووە . ماڵی لە خوار ئاوایی یۆ بووە لای کانی شیرین دارتویە لە حەوشەکەیانا بوو ، ئامۆزای یا برای مەلا حەمەسادق شێخە کوێرە بووە . مامۆستا مەلا عبد الکریم مدرس لە علماؤنا في خدمة العلم و الدین بە سەرهاتی نووسیوە بۆ شەش مەلای بالکی منیش بە کوردی و کورتی ئەینوسم . هەر کەس مەیل ئەکا تماشای درێژەی باسەکانی کا . ١- مەلا عبد الصمد هەجیجی لە هەجیج لە دایک بووە ، لە ساڵی ١٣٦٠ ق یا بە منالی دەسی بە خوێندن کردووە وە بە مەدرەسەکانا گەڕاوە تا فێری خوێندن

بووە ، ئیجازەی گرتووە وە لە بالک مەریوانا بووە بە مەلا و مودەڕیس بە حورمەتێ زۆرۆ دوای ٣٥ ساڵ مەلایی بالک لە سالّی ١٣٢٢ ق لە هەجیج فەوتی کرد مەرقەدی وا لە پاڵ کۆسەی هەجیجا . مەلا عبد الصمد لە بالکا ٦ کوڕی نەجیب و بە ئەدەبی بووە. دوانیان عالم بوون لە بالکا مەلاییان نەکردووە مەلا عارف و مەلا عبد الواحد وە دوانیان بەش خۆیان عیلمیان بووە فەلا بوون لە گوێزە کوێرە لەوێ فەوتیان کردووە : مەلا عبدالخالق و میرزا ڕەشید وە دوانیان مامڵە گەر بوون ئەحمەد مەلّا و حەمەمەلا . ئەحمەدیان لە ساڵ ١٣٣٥ ق یا لە غەزای ڕوسەکەدا لە کاکۆ زەکەریا شەهید بووە قەبری وا لە سولتان ئەحمەد ، تەنیا حەمە مەلا قەبری وا لە بالک لە شێخ برایم کە سالی ١٣١٨ فەوتی کرد .

بە سەرهاتی مەلا عارف بالکی کوڕی مەلا عبدالصمد

لە دەوری سالّی ١٢٩٠ شێ لە بالک لە دایک بووە وە دوای ئەوە کە خۆی ناسیوە لە بالک لای باوکی دە سی بە خوێندن قورئان وە کتێبە چکۆلە سەرەتاییەکان کردووە . دوایی دەسی بە خوێندنی شەرع و عیلمە عەرەبیەکان کردووە دەوامی کردووە لە سەریان وە بە مەدرەسەکانا گەڕاوە تا بووە بە مەلا ، دەنگ و ڕەنگ و خەتی خۆش بووە ، ڕۆیوە بۆ دوڕۆ بووە بە کاتیب وە ئیمامو سەرخەتم خانەقای شێخ عەلائەدین ، وە لە پێنجوێن لای مەلا عبدالرحمان ئیجازەی وەرگرتووە وە بەینێ بووە بە مەلای یەنگیجە زوو هاتوەتۆ بۆ دوڕۆ لە سالّی ١٣٣٦ ق دوای شەڕ ڕوسەکە کە خانەقا مودەڕیسی نە بووە شێخی عەلائەدین مەلا عارفی کردووە بە مودەڕیس مەدرەسەی دوڕۆ ، مامۆستا مەلا کەریم مودەڕیسی بیبارە فەرمویەتی : من لە وەختا لە خزمەتیا کتێبی سیوتیم ئەخوێند زۆر قسەی خۆشی بۆ ئە کردین . لەم سالّی ١٢٩٠ ش کە سالّی لە دایک بوونی مەلا عارفە بۆمان دە رئەکەوێ کە زیاتر لە ١٤٢ سالّە بالک مەدرەسەی دینی وفەقێ و مەلای باشی تیا بووە کە ئیسە سالّی ١٣٨٩ شەمسییە .

بە سەرهاتی مەلا عبدالواحدی بالکی کوڕی مەلا عبدالصمد

لە ساڵی ١٣٠٣ قەمەریدا لە بالک لە دایک بووە ، وە لای باوکی لە بالک قورئـان وکتێبە سە رەتاییەکانی خوێندووە وە بە مەدەرەسەکاندا گـەڕاوە بـۆ فـێر بـوون ، دوای ئەوە چووە بۆ بیارەی شەریفە بۆ خزمەتی مەلا عبدالقاردی گەورە تـا لـەوێ ئیجازەی وەرگرتووە ، مامۆستا عبدالکریمی مدرس بیارە فەرمویەتی مامۆسا مـەلا عبدالواحد حەقی باوکی بە سەر منۆ هەیە کە فێر خوێندن و ئەدەبی کـوردووم وە چاودێری باشی کردووم لە گەڵ باوکم دۆسی ڕاستە قینە ی دینییان بووە . وە لـە دەوروبەری ساڵی ١٣٥٢ ق لە ساوجی فەوتی کردووە وە حاجی مەلا ئـەحمـەدی کوڕی بو بە جێگەدار باوکی . وەکو من بزانم لەم دێیانا مەلای کردووە وولەژێـر ، کلّەوێنجە ، گوێزە کوێرە ، هەڕگێنە و ساوجی وە مەلا حە یدەر ئەوێهەنگـی لـە کەلّەوێنجە سەرف و نەحوی لای ئەو خوێندووە وە لە ئاخر کتێبە دە سنوسەکانیا نووسیویەتی بە داخۆ تەئریخەکەم یادداشت نەکرد .

بە سەرهاتی دوهەم مەلا و مودەڕیسی بالک

مەلا موحەممەدی مە ریـوانی‌یـە کـە کـوڕی مـەلا شـێخ قـادری کـوڕی مـەلا مەحموودی نەچێ یی بووە ، مەلا شێخ قادر خەلیفـەی حـاجی کـاک ئـەحمـەدی سلێمانی بووە بۆیە پێیان ووتووە شێخ . مەلا شێخ قادر لە ڕە شەدێ مەلا بـووە ، وە مەلا موحەممەدی کوڕی لەوێ لە دایک بـووە لـە دەورو بـەری ساڵـی ١٣٠٣ قەمەریا لە دوای ئەوە کە خۆی ناسیوە دەسی کردووە بە خوێندنی عیلمی سـەرف و نەحو وە بە مە درەسەکانا گـەڕاوە تـا لـە ئـاخر خوێـندنیا لـە پـێنجوێن لای مامۆستای گەورە مامۆستا عبدالرحمان ئیجازەی وەرگرتـووە وە بـووە بـەمـەلای بەیەڵە، زۆر تێکۆشاوە تا ناوبانگی دەرکردووە بە مامۆسایەکی زۆر چاک ، کـە لـە بەیەڵە باری کردووە بووە بە مەلا و مودەریس بالک فەقـێی زیـرەک و زۆر چـاک دەوریان لێ داوە وەکو شێخ عەزیـز دۆڵـپەمـویی ، مـەلا بورهـانی کـوڕی مـەلا عبداللەی موفتی شاری سنە ، مامۆستا لە علماونا دا بە سەرهاتی بـۆ مـەلا شـێخ عەزیز نوسیوە . مەلا موحەممەد مەریوانی دوای فەوتی مـە لا عبـد الـــصمدی

هەجیجی پێنج ساڵ مەلای بالک بووە دوای ئەوە بە دەعوەتی شێخ عەلائـەدیـن بووە بە مودەڕیس دوڕووە ، لە ئاخر عومریا بووە بە مەلای ڕەزاوو لەوێ لە بەهاری ١٣٣٦ قەمەریا فەوتی کردووە . مەرقەدی وا لەوێ ، دوو کـوڕی بـووە مـەلا ئـە سعەد ، مەلا سەعید کە مەلای ڕەشەدێ بووە ، مەلا و مودەڕیسێ چاک بووە ، لای ماموسا مەلا مەحمودی جوانرودی لـە دە ڕەتفـێ ئیجـازەی وەرگرتبـوو خـوا لـە هەمویان خۆش بێ

سێهەمین مەلا و مودەڕیسی بالک

مەلا مەحموودی جوانرۆیی بووە کە لـە دەور و بـەری ساڵـی ١٢٦٣ق لـە دەوری سانی جوانڕۆ لە دایک بووە بە سەعی زۆر دەرسی خۆێندووە وە کۆششی باشی لە کەسبی عیلما کردووە ، خەتی خۆش بووە ، ئینشای جوانی دانـاوە وە زۆر فارسـی زان بووە بە تایبەت دیوانی کەلیم ، وە موتەخەسیس بووە لە هەمو عیلمی ڕیازیـا لە کەرکوک لای حیکمەت ئەفەندی باش فـێر بـووە ئیجـازەی تـەدریـسی لـێ وەرگرتووە جا بووە بە مەلای بالک لە مەریوان ، دوای ئەوە کە مەلا موحەممـەدی مەریوانی لە بالکۆ ڕۆیووە بۆ دورووە بووە بە مودەڕیس لە ساڵی ١٣٣١ ق، فەقێی زۆر چاک و ووریا دەوریان لێ داوە وەکو مەلا ئەحمەدی ڕەش کە لە علمائنا دا بـە سەرهاتی بۆ نوسراوە وە وەکو مەلا عەبدوالکریم بیارە کە هەشت مانگ لـە بالکـا فەقێ بووە کە شرح عقائدی مەلا سەعد و فـەرائـزی شـەرح مـەنهـەجـی لای ماموستا خوێندووە وە دوای یانزە ساڵ مەلایی بالک لە ساڵـی ١٣٣١ تـا ساڵـی ١٣٤٢ بووە بە مەلای ئەسراوا وە لە دووای سێ ساڵ بووە بە مەلای دەرەتفـێ تـا ساڵی ١٣٦٣ ق کە لەوێ فەوتـی کـردووە ، وە سـەد سـاڵ عـومری بـووە خـوا دەرەجاتی عالی بکات . با بـزانین ماموسـا مـەلا مـەحمـوود لـە بالکـا دوو ژنـی خواستووە ١- فاتمەی خوشکی حەمە ساڵەی حەمەی بـارام بـەگ، دوو کـوڕی بووە مەلا عەلی و مەلا حەسەن، کچێکی بووە حەمیدە ژنی دووهـەمـی ئـەمنـەی فەتالی بەگ بووە ، چوار کوڕی بووە (فەقێ حەمەومـین ، مـەلا موحـەممـەد کـە مەلایە زۆر چاک بووە ، ئەحمەد ، عەبە) هەمویان نەتەوەیان زۆرە

چوارەم لە مەلا و مودەڕڕیسی بالک ماموّسا مەلا باقر بووە

کە مەشهورە بە مودەررسی کوردستانی ، عالمێ زۆر گەورەو پایە بەرز بووە ، کوڕی شێخ حوسەین خانی ئەردەڵانی بووە لە دێی نزار گاوەڕۆ کە موڵکی خۆیان بووە لە دایک بووە لە ساڵ ١٣١٦ ق لە عومری شەش ساڵییا لە شاری سنە دەسی کردووە بە خوێندن کە ماڵیان لە سنە بووە ، بە حونجە و سایە سورەتە بچکۆلەکانی خوێندووە تا سورەتی قورەیش بە سێ مانگ ئیتر خۆی خوێنوویەتۆ بۆ مامۆستا تا خەتمی کردووە ، وە کتێبە سەرەتاییەکانی خوێندووە تا دەسی کردووە بە سەرف و نەحو وە باقی عیلمەکان وە دەسی کردووە بە گەڕان بە مەدرەسەکانا بە شوێن زانیناتا لە شاری سنە لە مزگەوتی مەولانا لای مەلا موحەممەد مەولانا ئیجازەی وەرگرت لە ساڵی ١٣٣٨ ق . وە دوای شەش ساڵ مەلایی چۆڕ لە ساڵی ١٣٤٢ ق بە دەعوەت بەگزادەکان بالک بووە بە مودەڕڕیس و ئیمام جومعەو جەماعەت بالک تا ٤٩ ساڵ بە تەوفیقێ زۆر باشۆ تەدریسی کردووە . وە دوای پانزە ساڵ کتێبی دەرسی بە دەسۆ نەگرتووە بۆ دەرس فەقێ هەموی لە بەر بووەو وە لە بەر دەرسی پێ ووتوون . ئەبوا ئەو فەقێ ئەهات بۆ بالک فەقێیە چاک بوایە بۆ دەفعی ئیشکال بهاتایە ، کە دەسیان ئەکرد بە دەرس فەقێکە سەر دەرسەکەی دائەمەرزان دوایی مامۆستا تەواوی دەرسەکەی بۆ ڕۆشن ئەکردۆ و بۆی شی ئەکردۆ وە ئیرادو ئیشکالێ لا ئەبرد ، جا فەقێکە دەرسەکەی ئەخوێندۆ ، وە ئەگەر لە جێیەکا گیری بکردایە مامۆسا کۆمەکی ئەکرد تا ڕاسی ئەکردۆ ،مامۆستا مەلاباقر وەک مەلا چاک بوو عابدێ زۆر چاک بووە ، مامۆستا سەی عەتای چۆڕی ئەیفەرموو ڕۆییم بۆ خوێندن بۆ بالک هەتیو بوم و قەومی خاتو خەدیجەی حەرەمی مامۆستا بووم حەوت ساڵ لە ماڵیانا بووم ، نەمدیوە ساتێ لە عیبادەتا نەبێ ، خەوتن عالیم عیبادەتە ، هەمیشە سەحەر خەبەر بو بۆ عیبادەت

سەحەر شەش یەکی ئاخری شەوە وەختی شەو نوێژە تیایا مەخەوە

بەر لە تولوع لە ماڵۆ نان و چای ئەخوارد بۆ جەماعەت و نوێژی بەیانی لە مزگەوتا حازر بوو ، پێنج فەرزە ویرد و ئەورادی ئەخوێند لە دوای نوێژەکانی ،لە پاییز و زمسانا دوای نوێژ بەیانی تا خۆر ئەکەوت لە گەڵ بالکی خەتم وتەلیلەی ئەکرد . کە خۆر ئەکەووت لە گەڵ فەقێ دەسیان ئەکرد بە دەرس تا نزیک نیوەڕۆجا تەشریفی ئەبردۆ بۆ ماڵۆ تا نان و چای ئەخوارد ، بۆ نوێژی نیوەڕۆ ئەهاتۆ بۆ مزگەوت دوای نوێژەکە کەمێ ئیستراحەتی ئەکرد ، جا فەقێ دەسیان ئەکردۆ بە دەرس تا عەسر ،دوای نوێژ عەسر مامۆسا سەرێکی ئەداوۆ لە ماڵۆ ، بالکی فێر بووبون لەو وەختا بۆ موشکلّات خۆیان ئەهاتن بۆ خزمەتی ، لە بەینی دەرس و عیبادەتیا وە لە ڕۆژانی تەعتیلیا خەریکی نوسینی کتێب و حاشیەو جوابی سوالاتی نزیک و دور بوو . جامع الفتاوی یەکی هەیە کە چاپ بووە . ئەمانیە بە جۆرێ کردبوو بە عادەت بە بۆن شتێکۆ وەکو میوان یا سەفەر عادەتەکەی شێوا بێ نەخۆشە کەووت تا نەهاتایەتۆ سەر عادەت خۆشۆ نەئەبوو .

وەکو ووتراوە :

تەرکی عادەت کەی هۆی نەخۆشینە   عادەتی خراپ خۆی نەخوشینە

با ئێمەیش چاولێگەری ئەو کەین . وەکو ئەڵێن :

عادەتی پیاوی گەورەگەورەترین عادەتە

شوێن کەوتنیان بۆ ئێمە سەربەرزی و سەعادەتە

ماِمۆسا مەلا باقر دوای فەوتی خۆی دوو خێری نەبڕاوەی بە جێ هێشتووە . ١ – ئەو هەمو فەقێ کە دەرسی پێ ووتوون وە هەر یەکە لە جێی خویا نا ماِمۆستایەکی گەورە بووە و وە دەرسیان دەسا و دەس بەردەوامە تا دونیا تەواو ئەبێ ، و بە سێسەد نەفەریان ئیجازەی تەدریس داوە . ٢- وە ئەو هەموکتێبە کە دایناوە وە ئەو هە مو پەڕاوێزە کە لە سەر کتێبی عیلم و حەدیس و شەرع و تەفسیر نوسیویەتی کە ئەگاتە سێسەد دانە . لە دوای ئەوە کە ماِمۆستا مەلا باقر شەوی جومعە ١٧ ی دەی ساڵی ١٣٥٠ ش فەوتی کرد پێنج مەلا مەلایی بالکیان کردووە ١ – مەلا عارف کوڕی ماِمۆستا مەلا باقر ئەویش دەساڵ مودەڕیس و

ئیمام جومعه و جه‌ماعه‌ت بووه به ته‌وفیقی باشۆ وه حه‌وت فه‌قێی ئجازه داوه ، له شه‌هریوه‌ری سالی ١٣٦١ ش دا باری کردووه بۆ مه‌ریوان ٢- مه‌لا شێخ زاهێد فارۆقی کوڕی مه‌لا شێخ موحه‌ممه‌د بارام ئاوایی که له بالکا موده‌ڕڕیس و ئیمام جومعه‌و جه‌ماعه‌ت بوو چوارده سال له سالی ١٣٦١ تا سالی ١٣٧٤وه دوای ئه‌وه‌باری کرد بۆ شاری مه‌ریوان ٣- مه‌لا عه‌لی مۆقه‌دده‌م له سالی ١٣٧٤ تا سالی ١٣٧٧ یانی سێ سال موده‌ڕڕیس و ئیمام جومعه‌و جه‌ماعه‌ت بالک بوو ٤ – مه‌لا ساجیدی کوڕی حاجی مه‌لا ڕه‌شیدی زه‌له‌که‌ییه زۆر ئێخلاسی خوا لێخۆش بوو ماموٚسا مه‌لا باقر بووه هه شت سال موده‌ڕڕیس و ئیمام جومعه‌و جه‌ماعه‌تی بالک بووه ٥ - مه‌لا ئه‌مین سیاناوی کوڕی حه‌مه گرده‌ی سیاناو له موردادی ١٣٨٤ تا ئیسته که سالی ١٣٨٩ یه مه‌لا و موده‌ڕڕیس و ئیمام جومعه وجه‌ماعه‌تی بالکه و بالکی هه‌ر وه‌کو زوو زۆر گه‌رم و گۆڕن بۆ خزمه‌ت مه‌لا و مزگه‌وت وفه‌قێی بالک . وه منیش ئه‌م دۆعایه یان بۆ ئه‌که‌مو ئه‌م تکایانه‌یان لێ ئه‌که‌م

خوا ته‌وفێقیان با بۆ خزمه‌ت به دین	فه‌قێکان بالک هه‌م مه‌لا ئه‌مین
با خزمه‌ت خه لکی به زایه نه‌چێ	با خه فه‌تی زۆر به دلما نه‌چێ
خه‌م خۆر بالکیم هه‌ر تاکو ماووم	هه‌تا ئه‌مرمو ئه‌قونجێ چاووم
خه‌م خۆریان نه‌مرێ با منیش ئه‌مرم	هه‌ر چه‌ن پیر بووم نه‌ماوه دووه‌ورم

کوژراوه‌کان بالک له‌م ئال و گۆڕ ئینقلابا

١ – مه‌حموودی حه‌مه سالح به‌گ له ٢٣ ی تیری سالی ١٣٦٤ له کاره‌ساتی ٢٣ی تیرا له به‌ر سه‌دا و سیمای مه‌ریوانا کوژرا

٢- مه‌حموود ڕه‌زیه‌ی کیانی سالی ١٣٦٤ له بومباران مه‌ریوانا کوژرا

٣- حه‌مه جه‌هان شه‌ریفی سالی ١٣٦٥ که ئێعدامیان کرد له مه‌ریوانا

٤- ئه‌مین مه‌جیدی کوڕی میرزا سه‌عید مه‌جید به‌گ له ناو دێی بالکا کوژرا

٥ – ئەحمە د قادری کوڕی حاجی عەبدول بالکی قومپارەی دەرگیری داخـڵـی لـە بەهاری ١٣٥٨ کوشتی ٦ – ئامینەی قادری خوشکی ئەحمەد هەر لەم دەرگیریـا کوژرا

مزگەوت بالک هەر لەو شوێنەدا چوار جار درووس کراوە

هەوەڵ جار کە مزگەوت بالک لە زەمان مەلا عبدالصمدی هەجیجیا بووە وا دیارە بەرلە دایک بوونی مەلا عارفی کوڕی مەلا عبد الصمد بـوو بـێ کـە لـە ساڵـی ١٢٩٠ ق لە بالک لە دایک بووە کە مامۆسا مەلا کـەریمـی مـودەڕیـسی بیـارە نوسیویەتی لە کتێبی علماونا دا، بالکی لەو وەختا کەم بوون پیرەکان بالک ئەیـان ووت مزگەوتەکەی چکۆلەو تاریک و نزم بووە بۆ ئەو ڕۆژە زۆر بووە ، (دووهەم جار تازە کردنەوەی مزگەوتی بالک) لە زەمانی مامۆسا مەلا مەحموودی جوانڕۆییا بووە ، دوو حوجرەی لە سەر دالآن مزگەوتەکەدا بوو بۆ فەقێ و مامۆسا و مودەڕیس ، وەسا بەنای ئەو مزگەوتە وەسا ئەولغەای سنەیی بووە ، وە دوو حـوجرە لـە ژێـر هەیوانی مزگەوتەکەدا بوو بۆ قوتابی و مامۆسای قوتابی ، مەلا ئەحمەدی چاژی کە قورئان و فارسی باش ئەزانی مامۆسای قوتابی بووە لە بالکا کە لە دەوری ساڵـی ١٣٠٨ بووە بە مەلای کانی کوزەڵەی مەریوان ، کوڕێکی بوو بە ناو حەمە هەر دوو کیانم دیوە . ئەوانە لە قوتابخانە دەر ئەچوون پیان ئەووترا میـرزا ، لـە بالکـا زۆر بوون لە بەگ زادە و غەیرە بەگی ، لەو میرزایانەی بالک مامۆسا مـەلا سـەعیـدی ساوا بووە باوکی ناوی خووا موراد بووە ، لە تایفەی مەلو شەنگۆڵی ، کەسیان لـە بالکا نەماوون ، لە دوای میرزایی ڕۆییوە بۆ بیارە بووە بە فەقێی مامۆسا مەلا کەریم تا لەوێ ئیجازەی وەرگرتووە . مامۆسا مەلا مەحموودی جوانڕۆیی ئەم شێعرەی بۆ تەئریخی ئەو مزگەوتە تازەی بالک نوسیوە .

بهر تأریخش اگر آگه شوی   دار احسان مسجد کیخسروی

کە ئەکاتە ١٣٣٧ ق . (سێهەم جاری تازە کردنەوەی مزگەوتی بالک) لە زەمـانی مامۆسا باقری بالکا بووە لە ساڵی ١٣٣٣ دا ، وەسا و نەجاری ئەو مزگەوتە وە سا

سمایل لەنجاوایی بوو ، کریێی بەنایی و نەجاری ئەو مزگەوتە بەگزادەکانی بالـک دایان ، وە کاریگەری ئەهلی ئاوایی بالک بوو وە زۆرتری داری نێرگەو کۆڵەکـە و دە سەکی ئە ڵمانەیی و هەڵوژانی دایان ، خوا جەزایان بە خێر بداتۆ ، ئـەم جـارە هەر دوو حوجرەی مودەڕڕیس و فەقێی بووە ، ئیتر مەدرەسەی دەوڵـەتـی هاتـە بالک ، قوتابیە قورئانی خوێندایە لە مزگەوتا ئەیخوێند . جا ماموٚسـا مـەلاباقری بالک لەو مزگەوتا زۆر فەقێی چاکی پێ گەیاندووە . بۆ نمونە : ماموٚسا ئاغە عەتای چۆڕی ، ماموٚسا مەلا حەمەومینی کانی سانانی ، مەلا عبـدالرحمان سـیسـیری ، مەلا شێخ عیزەدین حوسەینی ، مەلا سەی جەلال برای ، مەلا حەسەن ئەدیـب سەقزی ، مەلا موحەممەدی بەداغی و ە حاجی مەلا موحەممەدی عەزیزی ڕەفـێق مەلا موحەممەد بەداغی خوا لە هەمویان ڕازی بێ .

پێنج کەس بالکی لە بالکا خوێندویانە و بوونەتە مەلا ١- مـەلا سـەعیـدی بـرای ساڵح مەولوو کە لە مەسۆی لای کێلۆ مەلا بوو . ٢- مەلا سەعیـدڕەهنمـون کـە مەلای ساوا بوو لە مەریوان . ٣- مەلا فایەق مەجیدی کوڕی میرزا سەعی مەجـی بەگ مەلای مزگەوتی هەژارە بوو . ٤- مەلا مەحموود مەولودی کوڕی مەلا ئەحمەد وەسا مەولوو مەلایی نەکرد. ٥- مەلا عارف کوڕ ماموٚسا مەلا باقر کە تەنیا ئەمیانە زیندووە .

چوارەم جاری تازە کردنەوەی مزگەوتی بالک

کە لەو وەختا مەلاشێخ زاهیدی فاروقی بارام ئاوایی مەلای بالک بـوو لـە سالـی ١٣٦٩ دا ئەم جارە مزگەو.ت بالـک بـە ئاسـن درووس کـرا خـەرجـی زۆر بـوو کۆمەکیان لە دەرۆ بۆ ئەهات ، موهەندیس و نازری ئەو مزگەوتـە وەسـا ساحـێب چەشمییەری بوو بە پەیمانکار ، خۆی وەسای هەورامی بۆ ئەهانی وە درگاو پەنجە رەی ئاسنی بۆ ئەهانی ،خووا جەزای بە خێریان بـاتۆ ئـامین . کـە لـە سـەرۆ دوو حوجرەی هەیە بۆ فەقێ و مودەڕڕیس ، وە ژێر ئەو دوو حوجرە لەوەبەر هێزم دان بوو ئیسە ئاشپەزخانەی فەقێیە ، وە جێی دەس نوێژ وا لە ژێر مزگەوتـا وە دەس شۆری وا لە جێی خۆیا ، وەسائلی عیبادەتی ئامادەیە ، گلەیی لەو کەسە ئەکەم کە

بۆی کرێی و عیبادەتی تیا ناکا .لە سەر درگای ئەم مزگـەوتـی بالکـا نوسـراوە :
مسجد مامۆستا مەلا باقر نوسازی ١٣٦٩ ش.
زوو موشکلی خە ڵک زووتر خەلە بوو کە گرانی بووە وە هاڕینیشی زیاتر زەحمـە
ت بوو خەلەمان ئەنارد بۆ ئاش دوای ٢٢ ڕۆژلە ووشکێن هاڕیانوو هاتنۆ بۆ نەچێ ،
ئیسە هەرزانی‌یە بە ئاردی و بە نانی یەتە بەر دەسمان شوکری خـوا کـەیـن بـا
زیاتری کا . وە فەقیر زۆر بە زەحمەت شوانی و ئاشەوانی و ڕەنجبـەرییـان دەس
ئەکەووت سالی وا بوو بۆ ئەم کارانە لە دێیەکۆ ئەڕۆشتن بۆ دێیەکی تر، مەریوانی
زۆرتر ئەڕۆشتن بۆ عێراق و شارەزور بۆ کرێـکاری ، لـە ئـاخری کتـێبی فتـاوای
مامۆسا مەلا باقردا نوسراوە کە لە سالْ ١٣٣٥ ق هۆردووی ڕوس خووا ڕیـسوای
کا هات بۆ ئێران شارو دێکانی وێران کرد کشت و کالی لە بەیـن بـرد قـاتی دا
کەوت لە سالی ١٣٣٦ قاتییەکی سەختی وا بوو باووک منالی خۆی سەرئـەبـڕی
گۆشتەکەی ئەخوارد . قیمەت خەلە سەرکەوت لەوە بەر تەغاری گەنـم کـە سـی
مەنە ئەیان دا بە دوو تمەن یا کەمتر لەوو گرانییا زۆر سەرکەوت مەنێ بوو بە پێنج
تمەن پولْ سپی قرانێ چاووڕەش تەغاری ئەدرا بە ١٥٠ تمەن خـەلـکی زۆر لـە
بەین چوو تا وای لێ هات لە ڕۆژێکا لە دێ چکۆلانەیەکـدا دە نـەفـەر یـا زیـاتر
ئەمردن لە برسا بە جۆری کەس توانا و دەسەلاتی شاردنەوەو تەلقینی مردووی
نەبوو بەلکوو زۆرتر مردویان بۆ نەئە شارراوۆ لە خاکا ئەمە هەمـو لـە گوناهبـاری
خەلکەکەوە بوو خووا پەنامان با لە قەهری ، جێگەیە هەیە لای جنـوبی باشـماخۆ
کە پێی ئەووترێ چالە ڕووس شیوێکە ڕوسەکان سالی ١٣٣٥ کـە هـاتوون بـۆ
مەریوان لەویا خۆیان داوە لە مەکۆ خۆیان شـاردووەتـۆ باشـماخی دێـیان چـۆلْ
کردووە لەوو هەردا چاویان تێوۆ بووە کە سوارێ لە چالە ڕووسۆ بە پڕتاوو چو بوو
بۆ باشماخ چووە حەوشی مالێ و ئە سپەکەی بستۆ تفەنگ و فیشەک لۆخەکـەی
دانا خۆی چووە ژورۆ پیاوێ ئاوسێی ئەو مالە چاوی تێیۆ ئەبێ فرسەت یەنێ و ئـە
سپەکە و تفەنگەکە ئەڕفێنێ ئەیباتۆ بۆ لای باشماخییەکان بۆ ئەو هەردە . کە دونیا
ئارام ئەبێتۆ تەماشای مالەکە ئەکەن منالێ بەجـێ مـاوەو مـردووە . جـا بۆیـان

مەعلوم ئەبێ ئەو سوارە ژنێ بووە لە ڕوسەکان لەو مالاّ ئەو منالّییە بووە بە جـێی هێشتووەو مردووە . ئەم بەسەرهاتەم لە ژنێ باشـماخیم بیـست بـە نـاو حـاجی ئامینەی قالە . سالّی ١٣٥٨ ش ڕۆییم بۆ سـەر گـردی خـاتو عاسـیە لـە بالـک سەنگەرێ قەدیمی لەویایە ئەگەڕام بە دەوریا دوو سکەی مسینم دۆزیوۆ نیشانی پیرەکانی بالکم دا ووتیان ئەو سەنگەرە لە سالّی ڕوسەکەدا سەنگەری عوسمانی پێوە بووە ئەو سکانە لەوان بە جێ ماوە .

من بیری سێ حکومەتی ئێرانیم دێ ١- ڕەزا شا کە یانزە سالّ شای ئێران بـوو لە سالّی ١٣٠٩ ش تا قەزای شەهریوەری ١٣٢٠ ٢- دوای باوکی موحـەممـەد ڕازا شای ئێران بوو لە ئاخری سالّی ١٣٢٠ تا ٢٢ی بـەهمـەنـی سالـّی١٣٥٧ ، حەمە ڕەزا شا ڕایی کرد لە ئێران بۆ ئەمریکا ٣- جومهوری ئیسلامی لە دوانـزەی بەهمەنی سالّی ١٣٥٧ ئیمام خومەینی بە پێشوازی باشۆ هاتۆ بـۆ ئـێران . ئیتـر حاکمی ئێران بو بە جمهوری تا ئیستە کە ٨ / ٩ / ٨٩ یە کە سی و دوو سالّە .

یەکێ لەو ڕەسم و یاسا قەدیمانە کە لە مەریوانا بوو (بووکە بارانێ) بوو

لە قاتی بارانا منالّان بە دەسورو کۆمەک گەورەکانیان بووکـە بارنـەیـان درووس ئەکرد بەم جۆرە دارێ سووکەی درێژی سێ مترییان ئەهانی سی سانت لە خوار سەرە قەویەکەیۆ دارێ یەک مترییان چەپ و ڕاس پێوە ئەبەست ، وەدەسێ جلی تازەی ژنانەیان ئەکردە بەری وەکوو موجەسسەمەی بووک ، کێش و هـەورییـان ئەبەست بە سەریۆ ، چارشێویان دا ئەدا ،کە وەکو بووکی لێ ئەهـات یـەکـێ بـە قووەتیان هەلّی ئەگرت ، ئەیان گێڕا بە ناوودێ و دەورو بەریا ، جا منالّ ئەکەوتنە شوێنی لە حەوت سالّە بەرەوژور تا بیس سالّە وە ئەمیانە ئەووت : بووکە بـارانێ خووا گیان بارانمان بۆ بارێنێ، حەوت جار ئەمیانە ئەووت . وە ئەمیـشیانە ئـەووت هەلاران و مەلاران یا خووا داکاتە باران بۆ فەقیر و هەژاران ، حـەوتـی جـاریش ئەمەیان ئەووت ، جاری وا بوو ئەهات بە دەمیانۆ باران ئەباری ،من خۆم لە بیرمـە لە سالّی ١٣١٥ لە بالک بووکە بارانیان درووس ئەکرد لە دورۆ تماشـام ئـەکـرد ،منالّ کچ و کوڕ ئەکەۆتنە شوێنی بە ناو دێیا تا کانی ژورۆ تا شێخ براییم لـەویـۆ

ڕۆیین بۆ پیر موحەممەد تا شەخسەو دیونەکە ئیتر باران باری و بووکەکە تڕ بوو . یەکێ لە وانە کە لە خۆمانە ڕۆییوە بۆ سوئید ئەی ووت : ئەو ڕەسم بووکە بارانێ لە سوئید ئیسەش هەر هەیە لە گرە تەرک بووە وا دیارە ڕەسمی کۆنی عالەمی یە. بە شەرعی ئیسلام لە کاتی قاتی بارانا ئەبێ نوێژە بارانێ کەیین . (ماموٚسا مەلا سەعیدی ڕەهنمونی بالکی ئەیفەرموو) : لە بالکا لە زەمان ماموٚسا مەلا مەحموود جوانڕودی یا ئەونە فەقێ بە حورمەتو ئازاد بوون لە ناوودێوۆ بەرەوژور ئەڕۆیین بۆ چەمەنەکە و تا ئەهاتینۆ بە چەپڵە ڕێزان و گۆرانی ووتن بە ناودێدا . فەقێ دوانزە نەفەر ئەبوین ئەهلی ئاوایی بەگزادە تابێعیان بیست نەفەرێ ئەبون کەس زاتی نەبوو بڵێ فەقێ بۆ چی وا ئەکەن . دەورەی سەو پەنجا ساڵە بە بێ بەین هەروا بالکی وان لە خزمەت مەلا و فەقێ و مزگەووتا ئیسەش هەر وەکو ئەووەڵ جار گەرم و گوڕن ، فەقێ لە چەمەنەکە هەڵ ئەپەڕین ، سێ بازیان ئەکرد ، جەغزینیان ئەکرد ، حەوٚوت هەنگاوو حەووت بردیان ئەکرد ، کۆکۆنێیان ئەکرد . ئەمانە گەمەوو گاڵتەی ئەو ڕۆژە بوون ، وە فەقێ لە ڕۆژی تەعتیلییا ئەم گەمانەیان ئەکرد لە ڕۆژانی ترا هەر خەریک خوێندن بون .

(ڕاتبەی فەقێ) ڕاتبە بە عەرەبی یانێ جیرە

فەقێ چۆن بەڕێ ئەچوون : بۆ نان هەموو ڕۆژێ سوختە یانێ فەقێ کەم خوێنەکان ئێوارانە بە ناو دێیا ئەگەڕان بۆ نان هەر ماڵێ نانێ ، وە بۆ پێخۆر ئەگەران هەر ماڵێ کاسەیە ، بە ئەندازەی پێویستی خۆیان نان و پێخۆریان ئەهانی بۆ حوجرە . بازێ ماڵ وەک بەگزادە کە دەوڵەمەن و دەس بڵاوو بون نیوەڕۆ جیرەی چێشت و نانیان ئەدا بە فەقێ . جا فەقێ کە ئەڕۆیین بۆ جیرەو نان ئەیان ووت : ڕاتبەی فەقێ ڕەحمەتی خواتان لێ بێ ، ئەوانیش زۆر بە ڕوو خۆشیوۆ ئەهاتن بە دەمیانۆ .

ڕاتبەی فەقێ لە پاییزا لە ناو دێدا

فەقێی حوجرە لە گەڵ دەسەیە بەگزادە و لە خۆش تەبیعەتی ئاواییا ئەگەڕان بۆ چێشتە کۆڵێن ، لەوە کە خۆراکی خۆیان بوو هەر یەکێ شتێکی هەڵئەگرت لە

ڕۆن و دۆینەوو شەلەم و برنج و قەن و چایی و پارەو پییازو هێلکەو بڕوێش جا خۆیان بۆ خۆیان لەمانە چێشتیان درووس ئەکرد تا تەواوو ئەبو . (ڕاتبەی فەقێ لە بەهارا) لە گەرمەی مەشکەی بەهارا لە ئاواییا فەقێ خۆیی ڕاتبەی کەرەیان ئەکرد بۆ خەرجی حوجرە بۆ قەن و چایی ، ئەم ڕاتبانە وەسیلەی ژیانی فەقێیی بوون ، (ڕای وابوو ڕاتبەی دێهاتی تریشیان ئەکرد) فەقێکان بالک لە دەوری سالی ١٣٤٤ ش ڕۆیین بۆ ڕاتبەی کەرە لە خێرابات ، مەلا سەی مەسعوود تەمتەمی هاشمی لە بەر درگای مالێکا لە سەر (دۆلی دنگێکا) دائەنیشێ وە ئەلێ بە ژن ساحێۆ مالەکە :بڕۆ هەر چێ کەرەی ئیمڕۆتانە بیهێنە بۆ ئێمە جا بەزمێ گۆرانیت بۆ ئەلێم ژنەکە ئەڕوا کەرەکەیان بۆ یەنێ ، ئەویش گۆرانیەکەی بە چەپلەوۆ بۆ ئە لێ ژنەکە دەس ئەکاتە گریان وە قۆلی ماچ ئەکاو ئەلێ: بە قوربان بەرەکەت عیلم بم جا خۆ تەواو سەروەت ئێمە قیمەت ئەو لیباسان تۆ نابێ ، ئەمە بەرە کەتی عیلمە کە تۆ هاتووی بۆ بەر درگای چلکنی وەک من ، شانی ماچ ئەکات و خواحافیزی لێ ئەکات ئەڕوات ، مەلا سەی مەسعوود زۆر جووان چاک بوو زۆر دەنگی خۆش و خەتی خۆش بوو وە زۆر عالمێکی چاک بوو .

لە زسانا فەقێ پاشاییان ئەکرد

بە چیرۆکی تەشکیلاتی حکومەتی یەکێکیان ئەکرد بە شا لە کاغەز تاجی شاییان بۆ دروس ئەکرد لیباسی شایانەیان ئەکردە بەری ، یەکێکیان ئەکرد بە شیخ الاسلام بە لیباس و مێزەرۆ ئەبوا زۆر ژیرو قسەخۆش و مەزاحی بوایە ، یەکێکیان ئەکرد بە میر غە زەب ئە بوا زۆر ژیر و زلەو بە قووەت بووایە، گورزێکی بە دەسۆ بوو پەسا پەسا لە بەر دەم شادا ئەیدا بەعەرزا وە ئەیووت : (غـره مشو دنیا فانیست) فەقێکان وکوڕە چاک و چالاکەکانی ئاوایی ئەبوون بە ئەندامی حوکومەت ، کلاوو کاغەزیان ئەنا بە سەرۆ سەربازەکان هەر یەکێ دەسمالێ سوریان ئەبەستە قۆلی ڕاسیان بۆ جیاوازی . یەکە یەکە پیاوی هەموو مالێکیان ئەهانی بۆ مزگەووت بۆ خزمەت شا و قازی . هەر یەکێ بە گوێرەی حالی خۆی

جەریمەیان ئەکرد پولێکیان لێ ئەسەند بۆ فەقێکان بە پرس و ڕای هـەموویـان، کەسێ لار جولایەتۆ ئەیان برد بۆ لای شیخ الاسلام ئەویش یا عەفوی ئەکرد یـا ئەیدا بە دەس میر غەزەبۆ تەمێی ئەکرد . ئەم هەموو تە شکیلاتە بە یارمـەتـی و دەسور بەگزادە بوو . بەگزادەکان بالک خوا جەزایان بداتۆ بـە خـێر . وەخـتێ لـە مەریوانا باخ کەم بوو ئەمان هەر باخیان بوو چەمەنەکەو هەسەن بەتاقۆ باخەکانی دەورو بەری کانی و حەزەکە سەمەریان زۆر بوو بـەش خـەڵـکیان زۆر لـێ ئـەدا باخەوانیان بو بە نیوەکاری سێ مۆریان بوو لێی نوسرا بوو نیو مـەن بـدە ، یـەک مەن بدە ، دوو مەن بدە ئەوو مۆرتە ئەبرد بۆ باخەوانەکە ، هەنگـوری پـێ ئـەدای مۆرەکانی هەڵئەگرت بۆ دوایی لە سەر ئاغا حەساوی ئەکرد ، من خۆم لـە بیرمـە ساڵی ١٣١٢ش چل دانە مۆریان دا بوو بە ماڵ مامۆسا و چل دانە مۆر بە فەقێکان ، زۆر لەززەتی بوو ، مامۆسا مەلا باقر بالک ئەیفەرموو لە گە ڵ حاجی حـەبیبـەالله بەگ و حاجی حەمەو بەگ ئەحمەدی بەگی بالکا ڕێمان کەوتە ماڵ حـاجی مـشیر دیوان ئەونە ئەدەبیان ئەکرد لە من و ە حورمەتیان ئەگرتم حاجی موشـیر ووتـی مامۆسا ئەم پیاوانتە زۆر فەهمیدەن ووتم ئەمانە ئاغەی مـنن ووتیـان ئـەم جـارە ئەبێ زۆرتر مەمنونیان بی ، دۆعای بە خێریان بۆ بکەین . باقی میللەتی مەریوان بە خاس و خراوۆ ماقوڵ و ناماقوڵ و بۆ مامۆسا هەروا بوون هەر وانە خووا جەزایان باتۆ هەمویان ، ڕاسە کەن ئەڵێن : قەدر و قیمەتی زەڕ تاقی ئەکەیتۆ بی بەلای زەڕنگەر ،

مامۆسایش زۆر قەدر شناس بوو لە نۆبەی خۆیا جەزای ئەدانۆ وە هەمیـشە نـاوی بە چاک ئەبردن و دۆعای خێری بۆ ئەکردن .

ئەو شەش ڕووداوانە کە لە زەمان ڕەزا شادا ڕوی داوە

١- چەتە بوو ، چەتەی سەی عەتای باینچۆیی ، چەتەی حەمـە تاڵـی بانـەیـی ، حەمە تاڵ و چەتەکانی لە دەوری ساڵی ١٣١٦ ش ڕانەکەی هەنجیرانیان بردبـوو بۆ دەور بالکیەدەری عێراق سەی عـەتـا و چـەتـەکـانی ڕێـیان پـێ گرتبـون و ڕانەکەیان لێ سەندبونۆ حەمە تاڵیان کوشت کە ڕیـشێ درێـژی بـوو دوای دوو

ساڵ سەی عەتا لە کێوی ڕوشی لای لەنگە دێ پۆلیسی عێراق کوشتیان قەبری وا لە لەنگەدێی شلێر .
٢-ئەوو چەتانە ئە بوا بژێویان بە سەر میللەتۆ بوایە ، بۆ نمونە دوو دەوڵەمەن بالکییان گرت ١- خالۆ فەیزەی حەمەمین ٢- حەمە عەتتار کە دووکاندار بوو لە مە ریوان لە ساڵی ١٣١٦ ش دووای دوو مانگ هەرداو هەرد هەر یەکێ بە ٥٠ تمەن بەریان دان . لە بەر ئەو چەتانە دەوڵەت هەردێیە سێ تفەنگی پێ ئەدان بۆ پاسی خۆیان بە زەمانەت قەیخوا و ڕیش سپی ئاوایی بالک سێ تفەنگیان پێ دابوون .
٣-لەوڕوداوانە سەربازی بوو . ئەووە ڵ دەوری سەربازی لە بالکا چوار نەفەر بوون بە سەرباز لە ساڵی ١٣١٨ ش ١- حەیبەاللە بەگ حەیدەری ٢- حەمە ڕەحیم حاجی قادر ٣ – حەمە کەریم نادری ٤ – حەمە کەریم عەزیزی ، لە دووای ١٨ مانگ سەربازی ئەمانە لە قەزای شەهریوەری ١٣٢٠ ش کە دەوڵەت ڕەزا شا تەواو بوو ئەمانو سەرباز هەمویان نەجاتیان بوو ، لەو دەورەی سەربازیا نەفەرێ ئەولواحد ناو نشکاشی ئەکەن بە سەرباز ئەونە پای زل ئەبێ دەوڵەت ئێران کەوشێکی نابێ لە پێی کا لە بەر ئەوە مەعافی ئەکەن لە سەربازی ، ئەبوا بە تایبەتی کەوشی درووس کردایە من دیومە .
٤-لەوو ڕوداوانە سوون بوو کە باڵدارێ چکۆلەس بۆگەنە لە ڕەنگ و لە وێسانا لە کیسەڵ ئەچێ ، سوون شیرەی گەنم ئەمژێ لە بیس ڕۆژا ، دە ڕۆژی ئاخری بەهار و تا دە ڕۆژ ئەووە لێ هاوین ئیتر گەنم دانی نەئەما گرانی دائەکەووت ، ئەو سوونە لە دەور دەریای مەدیترانەدا پەیدا ئەبێ ئیسە لە بەهارا کە تازە زینو ئەبێتۆ سەم پاشی ئەکەن بە تەیارە ئەیکوژن نایەڵن بڵاوو بێتەوە بە ووڵاتا دەسیان خۆش بێ ، دوای گرانی و سوون خواردن مە ریوانی گەنمە شامی و زەررات و دەیمیلەو جۆ بوو ، جۆ زوو ئەگەیی سوون فریای نەئەکەوت . ئەوانی تر دێر ئەکەوتنە خۆ سوون تەواوو ئەبو . جا ئەمانە خوگە پاسیان گەرەک بو ، جوتیاری فەقیر بە ڕۆژا کاریگەر بوون بە شەوا پاسەوان ، بە سەگ و ساچمەزەن ئەڕۆیین بۆ خوگە پاس

هەر کامیان دەسی بڕوایە لە ناو زەرعاتەکەیا هەرزاڵێ بەرزی ئەبەست کە خوگ لێی نەدا . خوگ بە سێ جۆر زەربەت ئەدا لە بەشەر ، یا بە پێ ئەیساوێتۆ ، مێچکە بێ گازی لێ ئەگرێ نێرە بێ شفرەی لێ ئەدا ، شفرە وا لە بەیین دەدان خوگا وەکو چەقۆ تیژە بیدا لە هەر کەس باش زەخماری ئەکا ، شفرەی دا لە پیاوێ لە بالک بە ناو فەرە ج ڕۆسەم بەگ دوو مانگ لە جێدا بوو . بە دوکتۆری و دەوای ژنێ سەرکەلی قەیخوا ژنە لەیلێ جا خۆشۆ بو . خوگ تەنیا بەچکەیەکی لە سکا بێ نێرە ، پێی ئەلێن یە کانە ،ئەگەر بە سکێ چەن دانەی بوو هەمو مێچکەن پێیان ئە لێن مالۆس . خوگ بە دوو جۆر زەرەر ئەدا لە زەرعات فەلا ١- بە سەوزی بە سم هەلێەگێرێتۆ بۆ مشک و ە بۆ سەلکە گیایە ئەگەڕێ بە ناو پیازە خوگانە کە بیان خوا ٢- کە زەرعاتەکە گەیی ئەیخوا . لە زسان کە دێهاتی بە تاڵ ئەبون خوگە ڕاویان ئەکرد ، سەگیان تێ ئەکرد تفەنگیان پێوە ئەنا ، سەیری خۆش بوو ساڵێ لە زەمان ڕەزا شاداخوگێکیان لای ئاوایی بالکا کوشت کە کەووت بە عەرزا بێ ڕەحمانە تێی بەربون هەرچێ زیڕانی بە تەور لەت و پەتیان کرد بۆ سەگەل ئەیان ووت با چەشت بن با فێر بن بۆ خوگێتر . ئیسە شکار بانی بووە بە باوانی ئەوو دوڕوندە هەردییانە ، خوێنیان ئە سێنن لە کەسێ بیان کوژێ .

٥-لەو ڕوداوانە سجیل بوو کە بە عەرەبی یانێ نوسراوە بە فارسی پێی ئەلێن شناسنامە ، زۆر ناوێ جوانە ، یانێ بەم سجیلە ئەو نەفەرە ئەناسرێتۆ. ساڵی ١٣١٤ هات بۆ مەریوان . مەئمور بە دێکانا ئەگەڕان بۆ سجیل دان بە خەڵک . هاتنە بالک سەعی بەگ ڕۆسەم بەگ قەیخوا بوو ئەو ئەووەڵ نە فەر بوو لە سجیل وەرگرتنا ، باوکم دوهەم بوو من پێنجە بوم ، تەئریخی لە دایک بوونم ١٣٠٥ ش ، ئەم سجیلە فائیدەی زۆرە ١- کەسێ لە غەریبیا بمرێ بەو شناسنامە ئەزانن کێیە هەواڵ ئەبەنۆ بۆ جێگەی خۆی میراتی ئەبەنۆ بۆ قەوم وکەسی خۆی ، حاجییە دە ڕەناخێی مەریوانی لە مەککەماشین لێی دابوو مرد بوو میرات و خوێنەکەیان هانییۆ بۆ کەسەکانی بۆ دەرەناخێ٢- ژنێ گەرەکی بێ شوو کات بەو شناسنامە کەس‌وکاری ئە دۆزرێتۆ .٣- ئەبێ هەموو کەس خۆی بناسێ قەوم و

کەس و فامیلی خۆی بناسێ ٤ – کەسێ بڵێ من لە فلاّن تایفـەم بـەو شناسـناما ئەزانی ڕاس ئەکا یا درۆ ٥- هەر کە سێ لە تایفەیە نەبێ خۆی لـەوان حـەسـاو ئەکا وەکو سەیید ، جەریمەو زیانی زۆرە ، سجیل ئالەمانە بەرگری ئەکا .

٦-لەوو ڕوداوانە گرتن بەگزادە بوو لە ساڵی ١٣١١ ش نۆ ساڵ لە زینـدانا بـوون تا قەزای شەهریوەری ساڵی ١٣٢٠ ، لە زیندان ئەوانەیان کە مابوون نەجاتیـان بوو ، زۆریان بە غەریبی و بە شەهیدی لە زیندانا مردن دەرەجاتیـان عـالی بـێ ، بەگزادەکان بالک شەشیان لە زیندانا مردن سـێیان هـاتنۆ ، (لـە سالـی ١٣٢٥ بەگزادەی مەریوان بە ڕیاست مەحمود خان کانی سانان چون بە گـژ دەولـەتـا ، شەوێ دایان بە سەر پادگان مەریواناو شکان ، فەرمان‌بە دەس مـەریـوان لـەوو وەختا ئەفسەرێ سنەیی بوو بە ناو خاکسار ، ئیتر بەگزادەکان ڕایان کرد بۆ ئێراق ، نەیانە هێشت خەڵک ناودێکان بێنۆ بۆ ناو دێکان خۆیـان ، بـەشـکوو دەولـەت ئێران لێیان ببورێ وە قەبولیان کا بێنۆ بۆ ماڵەکان خۆیان ، ماڵ باوکم مـانگێ بـە ئاوارەیی لە ماڵ مامۆسا شێخ کەریم ئەسکۆلا بوو . هاتینۆ بۆ توتونـدەر بـو مـاڵ قازی کە بێینۆ بۆ بالک باوکم بیستبووی کە بەگزادەکان ووتویانە مەلا باقر بـڕواتۆ بۆ بالک ئەیکوژین ، ناچار ڕوبە ئێراق ڕۆیین سێ شەو لـە هـەردی کـانی بـاین بوین لای گۆمەتاشلی بەرانبەر کانی‌کەوەو پیران بە ماڵۆ لە گەڵ چـەن ماڵـێکا ، ڕۆژێ ووتیان بە باوکم مەئموری دەولەت یەت ئەهلی ئەم هەوارە بە زۆر ئەباتۆ بۆ مەریوان باوکم خەمی کتێبەکانی لێ هات کە ناحاڵییە بیان بات مـن مـەوجـێکم وەکو هۆڕ لێ کرد و کتێبەکانم تێ خست و خستمە سەر پشتی ماینـەکـەمـان وە بردم بۆ ماڵ مەلا مەحمود سیاناو کە مەلای کانی سێف بوو کە هاتۆ لـە مـازوو زۆر بە لامۆ عەجایەب بوو، کەتێبەکانم دایە دەسی و هاتمۆ بۆ کانی باین . باوکم زۆری پێخۆش بوو کەچی مەئموریش نەهاتن . باوکم لە نزارەو خونیانە و پێنجوێن تـێ کەوتبوو کەس جێی نەکرد بوۆ . لە ناچارییا بە ماڵۆ ڕۆیین بۆ جۆمەرەسی بـۆ لای شێخ حامید ، ماڵە چۆڵێ بو چوینە ناوی بە ئەمانەت ، دووبارە باوکم ڕو بە بیـارەو گولـپ ڕۆیی هەر جێی بۆ پیا نەبوو . شێخ موحەممـەد کـوڕ شـێخ حیـسامالـدین

قەولی پێ دابوو کە بیکا بە مودەڕریس گوڵپ ، لەویا مەدرەسەیە بێ وەکوو بیارە باوکم زۆر پێی خۆش بوو ، دەورەی دوو مانگ لە گوڵپا بووین باوکم پێنج نەفەر فەقێی بوو کە یەکێکیان مەلا موسەففای زەڵمی بوو تەشریحی ئەخوێند لە ماڵێ زۆر خراوا بوین بە ناو ماڵ حەمە حسەین ، شێخ موحەممەد هیچ کارێکی نەکرد . ڕۆژێ پیاوێ ووتی بە من : من پیاوی شێخ موحەممەدم ئەوە پاییزە سارد ئەکا باوکت دەس خڕەی قسەی شێخ موحەممەد نەبێ جێیە بۆ خۆی پیا کا شێخ موحەممەد سێ ژنی هەیە خەم ئەوان نەبێ خەمتری نییە ، باوکم قسەی ئەوو پیاوەی بە قسەی شێخ موحەممەد ئەزانی زۆر نارەحەت بوو تا خوا فەرێعی کردۆ وە حاجی ئەمیری ئەردەلانی قەووم باوکم لە سنەوۆ لە تە ڕەف دەوڵەتۆ دەعوەت نامەی نووسی بوو بۆ باوکم کە بێتۆ بۆ ئێران زیاتر لە جاران حورمەتی ئەگرین باوکم هاتۆ بۆ بالک بالکی هاتن بۆ گوڵپ بە شوێن ماڵەکەی باوکما جا هاتینۆ بۆ بالک . تۆ بەخێر من بە سلامەت .

زەلیلی باوکم لە دڵ دەر ناچێ   هەر تا ئەو وەختە گیانم دەر ئەچێ
لە گوڵپا کەسێ لێی نەئەپرسین   کە ئایا تێرن یا ئێوە برسین

لە ئابانی ساڵی ١٣٢٥ هاتینۆ بۆ بالک هیچ بە دەر نەمابوو ووتیان مەلا فایەق مەجیدی بالکی نیوەی سەرفیترەکەی بردووە بۆ خۆی کە جەژنی ڕەمەزانی بۆ کردوون ، هەر چێ مەلا مەحمود مەولودی بالکی هەولی دابوو هەڵیگرن بۆ ماموسا مەلا باقر بە گوێی نەکرد بوو . وە سەعیدی حەمە عەلی نیوەکار باوکم بوو لە مەڵا قوتبی دێمیلەی کرد بوو بەشەکەی خۆمانی پێ داینۆ ئەو پاییز و زسانە ئەوە خواردنمان بوو .

(بالکی بە چی بەڕێ ئەچوون)

زور بە جووت و گا و حەیوان‌داری کە حەوانیان بە پلو پوش و گیا و گەڵای دارسانەکەیان بە خێو ئەکرد لە بەهارا تا پاییز شوانیان ئەگرت بۆ ڕان و بەرغەل و گاگەل ، بە دەم خۆیان لەوو دەشت و دارسان بالکا ئەلەوەڕان تا زسان بە کا و گیاو گەڵا بەخێویان ئەکردن . گەلایان بە کۆڵ و بە بار بۆ ئەهانینۆ ، لە بیرمە

پیاوێ بالکی بە ناو سالح سۆفی ئەحمەد لە دەورەی سالی ١٣١٥ لە ژێر کۆلەگە لادا مرد . چیلکەی گەلا کۆمەکێ زۆر باش بوو بۆ سوختی زسان کە لە داری ئەو دارسانە ئەیانهانی . من لە بیرمە لە ئەووەل زەمان ڕەزاشادا بالک هەشتا مال بوو چل جووتی تیا بوو ، جا جووت کردن چەنێ زەحمەت بوو . پێغەمبەری ئیسلام علیه السلام زۆر حال زانی خەلک بووە لە هەر مالێکا ئێرەق و نیری چاوو پێ کەوتایە ئەیفەرموو ئەمە ئەسبابی زەحمەتە . لە عان جووتا لە بەهاربیانی زوو کوڕی منالی نابالقیان هەلئەسان لە خەوو گا بلەوەڕێنێ لەوو دەشتا تا باوکی ئەچێ بۆ جووت . ئێوارە کە گاکانیان بەرئەدا گایی ئەلەوەڕان تا تاریکی ئەکرد . باوکە کە جوتیار بوو دایکەکە و باقی منالەکان ئەبوا هەمیشە خەریکی کاری ناوو مال و دەرو دەشت بووایەن ، کاریان فەوتی بوو . بێجگە لەمانە کوڕانی نابالق لەتەی ڕان و گاگلیان ئەبرد بۆ لەوەڕ لە بەهارا تا شووان عومومیان ئەگرت بۆ تەواو ئاوایی ، لە سالی ١٣٣٣ ش دا من مەلای بەرقەلا بووم کوڕێ مالێ وولاخەکان ئێمەیشی ئەبرد بۆ لەوەڕ ڕۆژێ گورگێ یێ بۆیان مانگایێ بە ملمان بوو بە حۆچۆ ئەڕوا بۆ گورگەکە کە تاوی ئەنێ لە خۆشییا کوڕی ئەو مالە ئەهات و ئەیووت : مانگاکە دەرکەن بابیبەم بۆ ئەو هەردە گورگم بۆ تاو ئەنێ . لەوە پێش جوتو گاعومدەی وەسیلەی ژیان خەلک بوو لە هەموو کارێ زەحمەتتر بوو لە مەریوانا بە گا وە کەمتر بە کەر جووتیان ئەکرد . لە گرمیانا دیومە بە هێسر جووتیان ئەکرد وە لە موکریان و مەهابادا بە کەل گامێش جووتیان ئەکرد . ئەسبابی جووت و گا وەسای خاس و بە سەلیقە ڕێکی ئەخست وە پوولی نەئەسەند ، بە کۆمەک و ئێحسان ئە یکرد . زەوییەک کە ئەیان کرد بە خەلە ئەبوا لە پێشا هێل هێل کرایە بە هەر بەینێکیان ئەووت بانەیێ . هەمو ڕۆژێ جووتیارەکە بەش ئەوو ڕۆژە لە مالۆ تووی ئەهانی ئەیوەشان بە بانەکانا تا تووەکە تەواو ئەبوو جا دەسیە کرد بە جووت . ڕایە گاکان بترازایە بە گاکانی ئەووت هۆرتە یانێ هێلت بڕی ، وا فێریان کردبوو ئەهاتنۆ سەر هێلەکە . تا ئێوارە ئەوو جوتیارە هۆ هۆو بەر بەری بوو بە شوێن ئەوو دوو گاوۆ ، وە لێ نیوەڕۆ ووچانی ئەدا بە

گاکان نیرەکەی لانە برد لە ملیان ئالف و ئاوی پێ ئەدان خوێشی نوێـژی نیـوە ڕۆی ئەکردو ئیسراحەتی ئەکرد نانی ئەخوارد گاکانی ئەبەستۆ لە بەینی بەیـانی و نیوەڕۆدا کەمێ ووچانی ئەدا بە خۆی و بە گاکان، پێیان ئـەووت گاووچـان وە لـێ نەیئەکردۆ لە نیرەکەیان وە ئەیانووت : گایی جووت و جوتیارزادە خزمەتیان ئەوێ ئەرکیان قورسە . جوتیارەکـە هـەر ڕۆژێ دە ورەی شـانزە کیلـۆ تـووی ئـەبـرد ئەیوەشان تا جووت تەواو نەئەبوو ئەوە کاری بوو . با بزانین گەنم دوو نەوعـە لـە هەمویان باشتر بەهارەیە کە بەهاریش بیوەشێنی زۆر باش ئـەبـێ ، نـەوعـێکیان گەنمە پاییزەیە لە نیوەی هاوین بەو لاوۆ زەوی بۆ ئەیەرن ئەیکەن بە کۆڵەبـەس زۆر بە بڕشتە دوای ئەویشە تا زسان تەواو ئەبێ وەختی وە شانن . ئەو گەنمەسە جۆ لە بەهارا وە شانویانە زۆر بیدەغیلە و جوان بوو ، لە گرانییا چوار نەوع خلەیان ئەوەشان لە مە ریوانا دووان دێـمی ، زەڕڕات و دێـمیلە، دووان ئاوییـە ، کالـۆ و گەنمە شامی ئەم دووانە لە نیوەی بەهار بەو لاوۆ بیان وەشانایە باران لێی نەدایـە باشتر و بە بڕشتر ئەبوو ، ئەم چوار نەوعە خەلە خوگ زۆر حەزی لێ ئەکـا خوگـە پاسی گەرەک بوو ، (نەوعێتر لە بەرهەمی کـەشـاوەرزی بێـسان بـوو) تـرۆزی و خەیار و شوتی و کالەک و کولەکەو بامیەو باینجان و شەمامەو لیمۆ کە لە دێـم و بەراوا ئەبن ، دەیمیەکەی خۆش و بە مە ززەترە بە تایبەت لە دەوری زرێـبارا ، وە لەناو ئەو بێسانا پێشەی سەر کەرێکیان ئـەکـرد بـە دارێ بـەرزۆ لـە نـاوو ڕاس بێسانەکەدا دایان ئەچەقان ئەیان ووت بۆ چاوو چڵە باشە کە ووتویانە بێسان بێ سەرەخەر (زووتر لە وولاتی کوردەواری یا تەماکۆ و مەرەزەیان ئەکرد) کە کارێ زۆر سەخت بوو . برنجی مەریوان لە هەمو برنجێ خۆشتر و بە مەزەتر بوو وە ئەم دووانە نیوە کاری بوون نیوەی خەرمانەکە ڕەعیەت ئەیبـرد و نیـوەی مالیـک کـە ئاوەکەی تەرخان ئەکرد بۆ ئەو مەرەزە تا پاییز. ئیستە ئەو دوو کارە نـەمـاوە کـە ئێختیاری ئاوو زەوی لە دەس مالیکا نەماوە کە بیکا بە تەماکۆو مەرەزە چـەڵـتوک کە ئەیان وەشان تا پاییز ئەبوا ئاوی پێوە بێ . وایان ووتووە چەڵتوک حەز ئـەکـا بنەکەی لە ئاوا بێ و سەر لولەکەی لە ئاوورا بێ ، وە لە گرمیانا لەبەر ئەوە بڕشـتی

زۆرترە بەگزادە زەحمەتی زۆریان ئەکێشا لە گەڵ مەرەزەدا چاوەرییان ئەکرد ئاویەریان بۆ ئەگرت بە ناو گۆخڵ تا وەخت خەرمان بە لایۆ بێ بەهار بە قەی تووەکەی گەنمی پێ ئەدا و وە لە سەر خەرمانان بە قەی تووەکەی چەڵتوکیان پێ ئەدا لە خەرمانەکە ، ئەبوا تا ئاخر خەرمان بە شەوو بەڕۆژ قەتیز بوایە بە لای ئەو قاڵبە مە رەزەوە پاس و ئاویەری کردایە زەحمەتی تەماکۆ کاری لە مەریوانا زۆر بوو شوکر باوی نەماوە خۆزگا ناویشی نەئەما .

بۆ دەفعی بەڵای تەماکۆ ئەم حەووت شێعرە م نووسی .

شوکر زەحمەتی تەماکۆ نەما	خۆزگا ترياکیش ناوی نەئەما
لایبە تەماکۆ تاڵە	هەڵمژین دووکەڵ کاری بەتاڵە
دووکەڵ قرخن وقیزەونتە کا	عاقڵ چۆن کاری بەو جۆرە ئەکا
چل ساڵ زیاتر تەرکم کردووە	خۆشحاڵم کارێ چاکم کردووە
تۆش ئەگەر عادیت ئابەم بەڵاوۆ	توری دەلایبە بینێ بەو لاوۆ
با بە سالمی و بە بێ نەخۆشی	بژی تا ماوی بە شادی و خۆشی
تەرکی کە ئیتر خۆت ئەسێنیتۆ	خۆت لە مانویی ئەحەسێنیتۆ

تەریقەی قادری و نەقشبەندی

هەر دوو کیان لە بنەڕەتا حەقن وە لە سەر ئەساسی شەریعەت دانراوون کەسێ کە دیپلۆمی شەریعەتی نەبێ لە دانشگای تەریقەتا ڕێی ناکەنۆ ، پێغەمبەر خۆمان حەزرەتی موحەممەد درود و سەلامی خوای لەسەر دەرسی تەریقەی قادری ووتوە بە حەزرەت عەلی ئەویش دەرسی بە مریدە تایبەتیەکانی خۆی ووتوە تا دەس بە دەس گەییوەتە دەس عەبدوالقادر گەیلانی سەلامیان لە سەر وە لە وێدا بە ناو ئەوۆ مەشهورە بە تەرێقەی قادری. پەیڕەوەکانی زۆر گردن کەچی شەریعەت بوون . بە موو لە شەریعەت لایان نەداوە وە بە دەسور شەرع سەیر و سلوکیان کردووە .

وە پێغەمبەر علیەالسلام دەرسی تەرێقەی نەقشبەندی ووتوە بە حەزرەتی ئەبوبەکری سدیق ئەویش بە تایبەتی دەرسی بە موریدی هەڵبژێرراوی خۆی

ووتوه تا گەییوه به دەس شاهی نەقشبەند شێخ موحەممەد بوخارایی لـەو یـا مـە شهوره به تەرێقەی نەقشبەندی ، ئەمیش تا پێگەییوه له تەرێقەتا سێ مورشیدی گەورەی وەفاتیان کردووه . که یه کێکیان ئەمیرکەلال بووه دوای فەوتی ئەوان لـە دەرسی تەریقەتا لێی ئەشێوێ ئیشکالێکێ بۆ پەیا ئەبێ به ئـەولیـای زینـو بـۆی حەل نابێ . ناچار پەنا ئەبا به مەرقەدی حەزرەتی عـەبـدوالقادر گـەیلانـی دوای دوسەد ساڵ فەوتی ڕوو ئەکاته مەرقەدی و ئەڵێ :

ای پیر دست گیر دست مرا بگی   دست مرا چنان بگیر که تو گویند دست گیر

ئەویش له مەرقەدەکەیا جووابی ئەداتۆ و ئەڵێ :

ای شاه نقشبند نقش مرا ببند   نقش مرا چنان ببند که تو گویند نقشبند

فەورەن نه قشێ له دڵیا پەیا ئه بێ و ئیشکاڵەی بۆ دەفع ئەبێ شێخ موحەممـەد بوخارایی شێخ عەبدوالقادر گەیلانی ناوی ناوه شاهی نەقشبەند . ئیسەیش بۆ که سێ به ڕاسی موریدی نەقشبەندی بێ ئەو نەقـشه هـەر هـەیـە ، عـەبـدوالقادر گەیلانی کوڕی شێخ ساڵحی جەنگی دوزه خەڵکی ڕەشت و گیلانه له ئێران . بـۆ تەئریخی لەدایک بون و فەوتی ئەم شێعره ووتراوه :

انّ بازَالله سلطانُ الرِجال   جاء فی العِشقِ تَوفَّی فی الکمالِ

واته گەورەی پیاوەکانی خووا که عەبدوالقادری گەیلانی یه له ساڵی ٤٧٠ ق لـە دایک بووه دوای ٩١ ساڵ عومر له ساڵ ٥٦١ فەوتی کـردووه مـەرقـەدی وا لـە بەغداد .

به سەر نەک به پێ چۆ بۆ زیارەتی   بەشکو کەویته بەر شەفاعەتی

دوسەد ساڵ دوای فەوتی عەبدوالقادر گەیلانی شاهی نەقشبەند هاتوەته دونیاوۆ .

عەبدوالقادر و شاهی نەقشبەند   پیر و موریدن زوانت بکه بەند
فیتنەیی نەکەی له بەین ئەوانا   با ڕیسوا نەبی له لای ئەوانا

له زەمان زووا لەم کوردوستانا هەر تەرێـقەی قـادری بـووه تـا مـەولانـا خالیـد ڕەحمەتی ڕۆییوه بۆ دێهلی وبۆ خزمەت شێخ عەبدوالڵەی دێهلەوی ، دوای سەیر و سلوک له لای ئەو ئەبێ به خەلیفه ئەم تەریقەی نەقشبەندیه به دیاری هانی بۆ

ئەم کوردوستانە وە بۆ شام لە ساڵی ١٢٣٤ ق ، وە عولەمای ئەم وولاتە بە عێشق و ئامادەگی زۆرۆ لێیان وەرگرت وە فێری بوون وچەن خەلیفەی لێهاتوی وەک شێخی سراج‌الدین تەوێڵە یی تێگەیانووە و پێگەیاندووە زۆر زوو تەریقەی مەولانا خالید نەقشبەندی نەشئونمای کرد . زۆری پێ نەچوو زۆرتر خەڵکی ئەم وولاتە بە دڵگەرمی زۆرۆ پەیڕەوی بوون و کەوتنە شوێنی . ناشکوری نەبێ لەم زەمانا شێخی حەقیقی یا نەماوە یا ئێمە ناییناسین . ئەهلی تەریقەت ئەبێ بە موو لە شەریعەت لانەدا .

مامۆسا مەلا کەریم بە توندی فەرمویەتی :

خیلافی شەرعت دی لە ئەهلی حاڵ　　تێی هەڵدە ئەگەر بیشفڕێ بە باڵ

منیش بە نەرمی ئە لێم :

شێخی حەقیقی نەماوە ئەمڕۆ　　بە غەڵەت بۆلای هیچ کەسێ مەڕۆ

کەسێ نەخۆش بێ دەوای تۆ ناکا　　فریای خۆی کەوێ دوکتۆر پەیاکا

لە دێی بالکی ئێمەدا دەروێش و سۆفی زۆر بوون مامۆسا مەلا باقر بە یەک چاو بە مێهرەبانییۆ تماشای ئە کردن . وە دڵسۆزی هەمو لایە بوو وە ئەوانیش هەردوو لا زۆر موریدی مامۆسا بوون بە گوێیان ئەکرد ،مامۆسا لە مزگەوت بالکا بەیانیان خەتمەو تەلیلەی ئەکرد . لە ساڵی ١٣١٥ ش یا تا ساڵی فەوتی ١٣٥٠ ش بەردەوام ٣٦ ساڵ ئەم خەتم و تەلیلەیە ئەکرد . منیش ئەو یاسای ئەومە نەشێوان تا دەساڵی لە بالکا مەلا بووم تا دەساڵیش لە مە ریوانا خەتمەو تەلیلەم ئەکرد . سۆفی و دەروێش وەک یەک لە بالکا ئەهاتن بۆ خەتم وتەلیلە دەروێش موسەفایە بوو لە بالکا هەر ئەو بەردە خەتمی ئەگێڕا . مامۆسا مەلا باقر کارێکی بووایە دەروێشی ئەنارد بۆ دوڕۆ بۆ خزمەت شێخ عوسمان ، ئەو دوو زاتە بە ڕاسی و ڕوخۆشی و قسەی خۆش وە ڕەفتار و گوفتاری جووان هەمو کەسێکیان دەسەمۆی خۆیان کردبوو ، هەر کەس ئەڕۆی بۆ خزمەتیان وای ئەزانی لە خۆی خۆشەویس تریان نیە . وەکو سەعدی فەرمویەتی : لطف کن لطفی کە بیگانە کند حلقە بە گوش .

ئەوان وەها بوون بۆ خاس و بۆ عام   خووا سەربەرزیان کا ڕۆژەکـەی قیام
جەزایان باتۆ بە مـــەیلی خـۆیان   ئێمەش حەساو کەن لە دەسەی خۆیان
ماموسا مەلا باقر دوو خەسلەت جوانی بوو دەرسە بۆ ئێمە ١- ئەیفەرموو :هەرچێ خراوەیان لە گەڵا بکردایەم حەواڵەی خوام ئەکرد بە قازانج بۆی تەواو ئـەکـردم ٢- لە گەڵ هەر کەسێ ناکۆکیمان بووایە لە خۆم گەورەتر یـا چکۆلـەتـر بووایـە حەتمەن من لە پێشا ئەووم ئاشتۆ ئەکرد .
ئاشتی خوازی وا دە س کەس ناکەوێ خۆزگەم بەو کەسە شوێنی ئەکەوێ

(پیاو ماقوڵی زۆر ئامشەوی بالکیان کردووە)

مـەسـەلـەن حـەزەراتـی شـێخەمورشـیدەکـان بیـارە هـەرچواریـان شـێخ ضیـا ء الـدیـن و شێخ نەجمەالدین وە شێخ علاءالدین وشێخ عوسمان علـیهم السلام هاتوو چوی بالکیان زۆر کردووە وشێخی ضیـا ءالدین کە ساڵی ١٣١٨ ق فەوتی کردووە ئەووەڵ جار کە هاتووە بۆ بالک کە لەو وەختا مەریوان عەشـایەری بووە تاڵان و سوتان دێکان مە ریوان زۆر بووە فەرمویەتی : من خەتێکم کێـشاوە بە دەور بالکا بووە بە قەڵای قاییم بۆ بالک کە لە سوتان و تاڵان بێوەی بێ هـەر تا ئیستە هەر وا بووە کە ساڵی ١٣٨٩ ش

هەتا هەتایە هەر وەها ئەبێ   قەڵای ئەولیا تێک چونی نابێ

ساڵی ڕوسەکە ساڵی ١٣٣٥ بووە دێهات مەریوان زۆریان سـوتاوە بالـک هـەر نەسوتاوە ، (دارسان نێعمەتێکی گەورەی بێ زەحمەت و پـڕ خـێر و بـەرەکـەتـی کوردەواری یە) لە سەر دەوڵەت و میللەت لازمە چاودێـری بکـەن وە بـەرگیـری باشی لێ بکەن لە ئافەت و فەوتانی ، حەیف و خەسار لە زەمان ڕەزا شاو حەمـە ڕەزای کوریا میللەت ئەم کوردوستانە بێ ڕەحمانە بەر بونە ئەم دارسـانە بـێجگە لەوە کە ئەیان کرد بە گەڵاو هەمیشە حەیوانیان تیا ئەلەوەڕان وە ئەیان بـڕی بـۆ سوتان بۆ نان و چێشت وە بۆ خۆ گەرم کردنەوەی زسان وە بۆ ڕۆشنایی ماڵەکان . بە بار ئەیان برد بۆ شار لە هەمو لایەکۆ بۆ فرۆش وە بەویشە وازیان نـەئـەهـێنا ئەیان کرد بە زوخاڵ هیچ بیریان نە ئەکردۆ کە ئەمە بێ ڕەحمیـیـە و نـاڕەوایـە و

حەڕامە کە هەزاران گیان دار وەکو کرم و مێلورەیان ئەسوتان تا تایە زوخاڵیان بە دەس ئەهانی خوا بە ئاشکرا لە بەر چاو هەمو کەسێکا تۆڵــەی لــێ ئــەســەنــدن بێجگە لەوە کە خۆیان و سەروگوێیان و دڵیان وەکو زوخاڵ ڕەشۆ بوبو هەرتا بــێ رەجاڵ تر ئەبوون ، ئەم دیوە یەکێ لەوانە دەوڵەمەن بن و ئیــسراحەت کــەن تــۆ نەت دیوە و من دیومە کە گرانی زۆری ئەهانی بۆ مەریوان ئەڕۆیــن بــۆ کــاروان خەلەو خوێ چەن ووڵاخیان پێ بوو ئەونە بار زوخاڵیان ئەبرد ئەیان فرۆشــت بــۆ خەرجی خۆیان و بارەکەیان . پیاوە زاناو ژیرو ژوڵەکان زۆر لە سەر ئەم دارســانە بە توندی هاتونەسە جواب وەکو ڕەحمەتی مەلا حەمە سادیقی نگڵی کە دەسەیە شێعری زۆر جوانی نوسیوە لە دیوانەکەیا بۆ سەرکوت کردنی نگڵی لە ســەر ئــەو دارسانە کە ئەیان بڕی ئەیان کرد بە زوخاڵ . ئەمە یەکێ لەو دەسە شێعرەسە

که چن بۆ بەهەشت بە فەرزی مەحاڵ   شەجەرەی توبا ئەکەن بە زوخاڵ

ئۆخەی کە نەوت وگاز و جە نگەڵبانی لە ئێرانا بــەرگــری لــە بــڕین و فــەوتــانی دارسانەکە ئەکەن لە عێراق و باقی دەوڵەتە کانیش هەر وایە ، لە عێراقا ئیــدارەی غابات هەیە ، غابات یانێ جەنگەڵ و دارسان.

(کۆتایی ئەم کتێبە کە بەشی پێنجەمە لە کتێبی تەئریخی بە نرخ) باسی کەریم خان زەندە کە بەشێ بوون لە تاییفەی لەک ، کە تایفەیە گــەورە بــوون لــە لــوڕ، دێیەکیان بووە بە ناو (پەری) لە لای دێــکان مــەلایــەردا کــە بــە حیــوان داری وشووانییۆ سەرگەرم بون وە لە ئەووە لۆ ناو شۆرەت و ئەهمییەتی وایان نەبووە . تایفەی زەند لە گەڵ بازێ لە تایەفەی بەختیاری و لوڕا دووای سەرکەوتن نادر شا بە سەر عەلی مورادخانا بۆ (دەرگەز) خوراسان کۆچیان پێ کردن ، نادر شــا هــەر کام لەم تایفانە کە بە کار ئەهاتن بیان کا بە سپای بە خزمەت کاری خۆی قوبوڵی کردن ، کەریم خان زەند و سادق خان برای لەوانە بــوون کــەریــم خــان بــا بــێ سەوادیش بوو کە لیاقەتی زاتی زۆر بوو تا ئەرکی سەڵتەنەتی ڕۆیی، بوو بە شای تەواوی ئێران ، وە شیراز کە نزیکی تایفەی خۆی بوو کردی بە پایتەختــی خــۆی چوارده ساڵ شای تەواوی ئێران بوو ، نیسبەت بە شاکان ئێران زۆر عادڵ و بــاش

بوو خۆی ناو نا بوو وکیل الرعایا که زوتر ناوی وکیل الدوله بــووه ، کتـێبی محمـد خانی قاجار لاپەڕەی ٥٨ لەویا عەکسی کەریم خان زەند هەیە کە لە باتی تـاجی شاهی شاڵی کرمانی وا بە سەرۆ ، ئەو عەکسە لە کتێبی المنجـد یـشا هـەیـە ، بیست ساڵ دوای نادر شا ئێران پڕبوو لە هەرج و مەرج و شەڕو شـۆڕ دوای ئـەو بیس ساڵە کەریم خان بوو بە شای ئێران تا چواردە ساڵ ئێرانی دامە زران هەرکە س خەریکی کاسبی خۆی بوو بە ئارامی خێر و بەرەکەتی زۆرۆ بو خۆی و مناڵـی ، کەسێ زوڵمی لە کەس نەئەکرد . ئیتر کەریم خان پیر بوو وە ختی کۆچی دوایـی هات لە ڕۆژی ١٣ سەفەری ١١٩٣ ق

عومری تەواو بوو دەرچو لە دونیا   بۆ کەسێ نابێ تا سەر ئەم دونیا

تەئریخ نوسەکان نوسیویانە تەئریخ شای زەندی بە کەریم خان زەند دەسی پێ کرد . وە بەویش تەواو بوو . کە گیانی پاکی دەرچوو قەومەکانی بەر لەوە بیسپێرن بەخاک بە شمشێرۆ بەر بوونە یەک خوێنی یەکیان ڕژاند وە جێگەداری بۆ کەسیان نەبوو بۆیە وا وێڵـی وڵات بوون [1]

مەلا ئەحمەدی گەرمیانی لە مەریوانا بوو ئەیووت زەنـدی لـە کـوفری زۆرن مـن لەوانم لە لەیلاخا هەن وە لە بالکی مـەریوانیـشا هــەن . لـە کتـێبی (المنجـد) دا نوسراوە کەریم خان زەند لە ساڵی ١٧٠٥ میلادی یا لە دایک بـووە . لـە ساڵـی ١٧٧٩ عومری تەواو بووە. عومری ٧٤ ساڵ بووە لە بەر ئاشتی خوازی پیان ووتوە وکیل الرعایا تاریخی بەنرخی ئەم رووداوە دڵتەزێنە ئەنوسم.

حاجی ئەحمەدی ساعدی ئەڵمانەیی کە دوکانی لە شاری مەریوانا بو لە خـوواری پایەگاکەی بالکو کە ئیسە جوجەسازی‌یە زەوییکی لە بالکی سـەند کـە بیکـا بـە جوجەسازی لە ئاخر مانگی بەهاری ١٣٦٨ شەمسی‌یا دو کاری‌گەری بالکی گرت بە کری ئەو کاری‌یە بو بکەن عەبەی مەحموی حاجی حەمە عەلی. وەلـی حـاجی رەشید لە پیشا بیری‌کیان لی دا بیرەکە گەیی بە ئاو ئەو شەوە بە جی‌یان هیـشت

[1] ـ کتیبی محمد خانی قاجاری فەسلی حەوتم لاپەرەی ٨۶

بەیانی کە هاتنو بو سەر کار چونەخوار و دەس‌کاری‌تری بکەن گازی بیرەکە خەفەی کردن و مردن کە زوریان پیچو نەهاتنە دەرو ئەمینی کوڕی‌حاجی ئەحمەد ساعدی کە ئازرکاریان بو چووە خووار ئەویش گاز گرتیو مرد بە زەحمەتی زور لاشەکانیان هانینە دەرو لاشەی عەبە و وەلیان لە پیرم‌موحەمەد بالکا بە خاکی‌یان سپاردن لاشەی ئەمین‌یان بردو بو مەریوان ئیتر ئەو بیرو زەویە هەروا ماوە.

ئەم بەشی پێنجەمە لەم کتێبی تەئریخی بە نرخە تەواو بوو لە مەحەلەی بەهاران لە شاری سنە ١٣٨٩ / ٩ / ١٧



وێنەی کەریم خانی زەند

لە المنجدا

ناوەڕۆک

ناوەڕۆک